# u

﴿أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ
فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا أَوْ
آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى
الْأَبْصَارُ وَلَكِن تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي
فِي الصُّدُورِ﴾

**الحج ٤٦**

ئەو شتانەی بەیەك چاو دەتوانین بیان بینین هەرگیز ئەو شتانە نین کەدەکرێت بەدوو چاو بیانبینین

**نیزام ئەلمولك**

# پێشکەش بێ بە:

# پــەپولەی چوارەم!

چیرۆکی ئەو "چوار پەپولەیە"ی بڕیاریاندا بزانن پێناسەی ڕاستەقینەی ئاگر چییە؟

**پەپولەی یەکەم:** کاتێك دەچێت لەدوورەوە بەدەورەی ئاگردا دەسوڕێتەوەو دێتەوە دەڵێت "ئاگر ڕووناکیە" ئەمە بەزانیارییەك دانانێن کە ڕاستیان بۆ ئاشکرا دەکات.

**پەپولەی دووەم:** دەچێت و زیاتر لەئاگر نزیك دەبێتەوە، کە دەگەڕێتەوە دەڵێت: ئاگر تین و گەرماییە "ئەمەشیان بۆ گوزارشت کردن لەڕاستی ئاگر بە کەم دەزانن".

**پەپولەی سێهەم:** دەچێت و لەدوانەکەی تر زیاد لەئاگر نزیك دەبێتەوە تا باڵەکانی هەڵدەکروزێن، دەگەڕێتەوە دەڵێت "فەرموون ڕاستی ئاگر ئەمەیەو ئاگر سووتێنەرە".

**پەپولەی چوارەم:** ئەمەشیان بەکەم دەزانێت و خۆی دەڕوات و هێندە لەئاگرەکە نزیك دەبێتەوە باڵەکانی دەسووتێن و لەپڕ خۆی فڕێدە داتە ناو ئاگرەکەوەو دوای ڕووناکیەکی گەورە لەناو کڵپەی ئاگرەکەدا دەڕوات و ون دەبێت.

تەنها پەپولەی چوارەم توانی بزانێت پێناسەی ڕاستەقینەی ئاگر چییە، بەڵام ئیدی ناشتوانێت بگەڕێتەوەو بەوانی دیکە بلێت!!..

# بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەرایی سوپاس و ستایش بۆ خواوەندی بەخشندەو، درودو سەلامیش لەسەر گیانی ئەو پێغەمبەرەی هەمیشە بەختەوەری مرۆڤایەتی ویستووە.

لەو قۆناغەی ئێستادا هەنگاوێکی گرنگ دەبێت، ئەگەر بتوانین خشتێکی تازە بخەینە نێو بزاڤی رۆشنبیریەتی ئاینیەوە، چونکە لە تێکڕای قۆناغەکان ئەو بزاڤە جۆرێك لە پێشوەچوونی بەخۆیەوە دیوەو، بە هیممەتی دڵسۆزانی ئەو بوارەش بەردەوام کاروانەکە لە درەوشاوەیی خۆی بینیوەتەوە.

خستنە ڕووی هەر بابەتێکی پەیوەست بە ئاینەوە، بە هەر شێوەو شیکارێك بێت، بێ کاریگەری نابێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە هەوڵی ئەوە بدەین، کە نووسین و وەرگێڕان و دەربڕینەکان، پردی پەیوەندی نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ بن لەلایەك و، خزمەتێکی نوێش بە ئاراستەی هەردوو هەستی نەتەوەیی و ئاینی پێشکەش بە واقع و ئەزموونەکەمان بکات لەلایەکی ترەوە، ئەو گونجاویە هۆکارێکی بنەڕەتی پێشوەچوونی ئەو بوارەیە، کە هەمووان بۆی خوازیارین و دەمانەوێ فەرهەنگی موسڵمانێتی خۆمانی پێ ببەینە پێشەوە.

زانایانی ئاینی کورد یەك لەکارە هەرە ئەولەویەکانیان بایەخدان بووە بە بواری نووسین و ئەدەب و شیکردنەوەی دەقەکان، ئەمەش خزمەتێکی گەورەی فەرهەنگ و کتێبخانەو زمانی کوردی کردووە، ئەو بەرهەمەی ئەوان نەك تەنها لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی زۆرێك لەوڵاتانی عەرەبی دەنگ و ڕەنگی خۆی دروستکردووەو ئێستاش کاریگەریەکانی بە قازانجی کوردو ڕێبازی زانایان و فەرهەنگی کوردی دەگەڕێتەوە.

لەو چوارچێوەدا زانایانی کورد هیچیان کەمتر نەبووە، بە بەراورد لەگەڵ دەوروبەر، بەڵام رەنگە زۆر جار کێشە لەوە دروست بووبێ، کە نەتوانراوە وەك پێویست وزەو توانای زانایانی کورد کۆ بکرێتەوەو بە شێوەیەکی بەرفراوان و بۆ خزمەتی مەزنتر بەکار بهێندرێت.

بۆیە من لەو سۆنگەوە دەخوازم مامۆستایانی ئایینی هەمیشە بەو هەستەوە هەنگاو بنێنو ئاواتی زانایانی رابردوو لەیاد نەکەن، کە خزمەتی ئایینی ئیسلامو نەتەوەو نیشتمان بووە.

ئەوەش بەوە دەکرێ لە دەربڕینو نووسینو ئیرشادو ئامۆژگاریەوە، بەردەوام هەستی ئایینپەوەریو نەتەوەپەروەی حوزوری هەبێ، بۆ ئەوەی نەوەی تازە لەسەر هەمان ئەو رێبازە پەروەردە بێت، کە رێڕەوی کەڵە زانایانمان لە پێناویدا ماندوو بوونێکی زۆری چەشتووە.

ئەو نووسینەی مامۆستا (مەلا رەقیب رسول حسن) کە کۆمەڵە بابەتێکی رۆشنبیری گشتیەو، لە زۆربەی تەوەرەکان پشتی بەدەقەکانی ئیسلامو سەرچاوەکانی فەرهەنگی ئیسلامی بەستووە، بەرهەمی ماندووبوونی خۆیەتیو ئامانجی گەیاندنی خزمەتێکە، کە من وێڕای دەستخۆشی هیواداریشم خوای گەورە پاداشتی بەخێری لە بەرامبەر ئەو بەرهەمە بداتەوە.

ئاواتیشمە هەموو مامۆستایانی ئایینی بە تایبەت ئەوانەی دەستی نووسینیان هەیە، جوهدی زیاتر سەرف بکەن، بۆ خزمەتی ئیسلامو موسڵمانانو رێبازی زانایان، بۆ ئەوەی پێکەوەو هەر یەکمان بە جیاوازی ئاستو پێگەو ئینتیماوە، دواجار خزمەتێك پێشکەش بەو کوردستانە خۆشەویستە بکەین کە تێیدا دەژین.

**مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی**

**سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

**٢٠١١/٦/٢٥**

# بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

ڕەوتی ژیان لەسەرەتای ئەفراندنیەوە لەڕوانگەی چەندین ئۆرگانی جیاجیا شیکردنەوەی بۆ کراوە، بەشێوەیەك بەشێکیان ئەفراندراوەکانی ناو ژیانیان بۆ جیهانی نادیار گەڕاندۆتەوە هەروەك بەشێکیانیش خاڵیان خستۆتە سەر هەموو ئەو شتانەی تەنیان لەسەر گۆی زەوی دروست کردووە، بگرە هەندێ جار لەڕێگای لۆژیکی ئادەمیانە پەلیان بۆ ئەو شتانە هاویشتووە کە لەجیهانی نادیاردا چەقیان بەستووە بەچەشنێك دوورو نزیك وەك نەریتێکی ئادەمیانە موجامەلەیان کردووەو ویستویانە فەلسەفەی هاتنە کایەی هەموو بەدیهێنراوێكو ئەوەش کە لەپشتی بەدیهێنراوەکانە بزانن هەرچەندە ئەنجامیشی نەبووبێ.

بەڵام لەهەموو کاتەکاندا لێکدانەوەوشیتەڵکردنی لۆژیکیانە زمانێکی یەکگرتووی سەرجەم کایە ناکۆکەکان بووە.

ئەم نووسینەی برای بەڕێزیشم مامۆستا ڕەقیب ڕوستایی کردنەوەی جوغزێکی بچووکی پەنجەرەکانی ڕوناکییە کە تیایدا هەندێ بابەتی گرنك دەخاتە بەر نەشتەرگەری لۆژیك.

بەهیوای ئەوەی ئەم کارەتەنها بنچینەیەك بێت بۆ شاکارەکانی داهاتووی.
خوای گەورە سەربەرزی دونیاو دواڕۆژی بکات.

**بەهرام ئەحمەد**

**٢٠١٠/٢/١٥**

**هەولێر**

# W

الحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله، محمد وآله وصحبه ومن اهتدى بهداه...

لەسەردەمی جەنجاڵیو نەمانی مانای ڕاستەقینە بۆ وشەو دەقەكانو پەیدا بوونی بیرو ئایدۆلۆژیای جیاجیاو فەرامۆشكردنی پیرۆزیەكانی گەلو لەناوبردنی ڕەسەنایەتیو برەودان بە شتە بێ بەهاو لاوەكییەكانو... هتد، مرۆڤەكان تووشی پەشۆكاویو نالەباریو شلەژاویەكی وا دەبن كە هیچ كات نەڕۆحیان ئاسودە دەبێتو نە جەستەشیان تەندروست، دواجار ئەم ڕەوشە كاریگەری لەسەر خودی عەقڵو بیركردنەوەی مرۆڤەكان دەبێت. هەروەك دەڵێن: ((العقل السليم في الجسم السليم، والجسم السليم في المجتمع السليم)). واتە: عەقڵو بیركردنەوەی دروست لەلاشەی دروست دایەو، لاشەی دروستیش لەكۆمەڵگای تەندروست دایە.

جا بێگومان لەو ساتەوەختەدا دەبێت هەندێ كەسی چاكسازو بیرمەندو هۆشمەند هەبن ئەم ڕەوشە بچاكسازێننو بگۆڕن، بە خستنەڕووی دیدو بیری نوێ لەهەمان كاتیشدا ڕەسەن. كە هەڵقوڵاوی عەقڵو بیرو باوەڕێكی چەسپاوی وابێت كە هیچ كات ڕێ نەدات مرۆڤەكان لەڕاستەڕێی خوداو فیترەتی خۆیان لابدەنو بكەونە ناو گێژاوی دوور لەخواو چەوساندنەوەی یەكتری.

هەر بۆیە بەمەبەستی چاكسازیو گۆڕانكاریو چاكتر كردنی ژیانی مرۆڤەكان لەكۆمەڵگای كوردستانیدا برای بەڕێزم مامۆستا ڕەقیب ڕوستایی بەنووسینی چەند وتارێكی بەپێز. سەرنجو تێبینیو دیدو بۆچوونی نوێ دەخاتەڕوو بەهیوای كردنەوەی گرێ كوێرەكانو ڕامالێنی تاریكستانەكانو برەودانو هەنگاونان بەرەو بیركرنەوەو دیدی تازە، ئەمەش بۆ باشتر كردنی ژیانی ئێستاو دواڕۆژمان.

ئاواتەخوازین ئەم بەرهەمەی ببێتە مایەی سوود گەیاندن بەهەموو لایەك ئەمە دەستپێكی نووسینەكانی مامۆستا بێتو بەرهەمی تری بەدوادا بێت.

لەخوای گەورە داواكارین پاداشتی بەخێری بداتەوەو سەركەوتوو و سەرفرازی بكات.

**هیوا بێراوەیی**

**٢٠١٠/٢/١٠**

**هەولێر**

# مەبەستمە شەرمی ئێوە بشكێنم

جارێكیان حاجیەك لەكاتی قەرەباڵغی بۆ نوێژكردن پرسیاری لە مەلای مزگەوت كردو گوتی: مامۆستا نیەتی سونەتی پێش نوێژ چۆنە؟ مامۆستا ویستی وەڵامی بداتەوە خەڵكەكە پێكەنینی بەو پرسیارە هات چونكە بەتێڕوانینی ئەوان پرسیارێكی سادەو ساكاری كرد، پیرەمێردەكە خۆی توڕە كردو گوتی: مەبەستم لەو پرسیارەدا تەنیا ئەوەیە شەرمی ئێوە بشكێنم ئەگینا خۆم پێویستم بەو جۆرە پرسیارانە نییە! لێرەدا تێگەیشتم مەبەستی پرسیاركردنی ئەو پیرە پیاوە ئەوە بوو خەڵكی وشیار بكاتەوەو دەروازەی پرسیار كردن بەرەو ڕووی مامۆستا بكاتەوەو قسە بەخەڵكی بكات ﴿ولله المثل الاعلى﴾ نمونەی هەرە بەرزی بۆ خودایە، ئەگینا پەروەردگار پێویستی بەوەنییە پرسیار لەبەندە بكات، پرسیاركردن لەبنەڕەتدا بۆ ئەوە دانراوە كە شتێك نەزاندرێ لەڕێگەی پرسیارەوە زانیاری پەیدا بكرێت، دیارە پرسیاركردنی پەروەردگار لەبەندەكانی بەمانای زانیاری پەیدا كردن نییە، بەڵكو لەمانای ڕاستەقینەی پرسیار گوازراوەتەوە بۆ شتێكی دیكە بۆ نمونە كاتێك خودا پرسیار لە ئیبڕاهیم پێغەمبەر دەكات، مەبەستی لەو پرسیار كردنە دەیەوێت خەڵك گوێ بیستی پێغەمبەر ئیبڕاهیم بێت كە بەخۆی لێدوانێك بدات بۆ ڕەواندنەوەی ئەو گومانەی بەهۆی پرسیاركردنی ئیبڕاهیم دروست بوو، سەبارەت بەچۆنیەتی زیندووكردنەوە گوتی: ﴿رب ارني كيف تحي الموتى﴾ پەروەردگارا نیشانم بدە چۆن مردوو زیندوو دەكەیتەوە؟ ﴿قال اولم تؤمن﴾؟ خوا فەرمووی: ئایا باوەڕت نەهێناوە؟ ﴿قال بلى ولكن ليطمئن قلبي﴾ ئیبڕاهیم وتی: بەڵێ (باوەڕم هەیە) بەڵام حەز دەكەم تادڵم ئارام بگرێت البقرة ٢٦٠. ئەگەر خودا پرسیاری لە ئیبڕاهیم نەكردبا خەڵك

دەیگوت ئیبڕاهیم ئیمانی نەبووە ئەگەر ئیمانی هەبوایە چۆن ئەو پرسیارەی دەکرد خودا خواستی لەزاری ئیبڕاهیمەوە بە خەڵکەکەی بسەلمێنێت کە ئیبڕاهیم ئیمانی هەیە پرسیار کردن لێرەدا بۆ ئەو مەبەستە بوو.

لەمانای ئایەتێکی سورەتی (الفاتحة)دا پەروەردگار پرسیارێك ئاراستەی بەندەکەی دەکاتو دەڵێت: چیت گوت؟ نیەتت چی بوو؟ دەتەوێت چیت پێ ببەخشم؟ چی لە من دەخوازی؟ داواکاریم بۆ بڵێ؟ بەندە دەڵێت: داوای ڕێنمایت لێ دەکەم.

## پێناسەی ڕێنمایی:

ڕێبوارێك شارەزایی لەڕێگادا نییە بۆیە کەسێك دەدۆزێتەوەوەو پێی دەڵێت: زەحمەت نەبێت فلان شوێنەم نیشانبدە؟ کەسەکە: پێناسەی ڕێگای بەجوانی بۆ دەکات، ڕێبوار بەدوای ئەو ڕێنمایە دەکەوێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگا، ئەمە ماناو پێناسەی ڕێنمایی کردنە بۆیە خوای گەورە بۆ ئەم مەبەستە چوار ڕێنمایی بە مرۆڤ بەخشیوە بۆ بەختەوەری دونیاو دوارۆژ:

**یەکەمیان:** ڕێنمایی سروشتیو خۆڕسکی کە لەناخی منداڵ بەدی دەکرێت هەر لەوکاتەی زارۆك لەمنداڵدانی دایکیەوە جیابوویەوە هاواردەکاتو دەگریت بەهۆی سروشتیەوە داوای هاوکاریو ڕێنمایی لەخواوەند دەکات ئنجا کاتێك خودا داواکاری بەجێگەیاندو ڕێنمایی کرد بۆ دۆزینەوەی مەمکەکانی دایکی فێری دەکاتو ڕێنمایی دەکات کە چۆنو بەچ شێوەیەك مەمکەکان بمژێتو شیری دایکی بخوات.

**دووەم:** خودا مرۆڤ فێری شعورو هەست دەكات بەمانای وردە وردە ڕێنمایی دەكات تاكو بتوانێت لەڕێگەی هەستو شعورەوە تۆزێك ئاشنایەتی لەگەڵ ژیاندا پەیدابێت ئەمەش تەواوكەری ڕێنمایی یەكەمە لەژیانی دونیادا.

**سێیەم:** عەقڵو بیركردنەوە: خودا مرۆڤی دروست كردووە بۆ ئەوەی لەنێو كۆمەڵگەدا ژیان بەسەر بەرێت، هێزی عەقڵو بیركردنەوە دەبێتە مایەی ڕاست كردنەوەی ئەو هەلاَنەی كە مرۆڤ لەژیانی ڕۆژانەدا تووشی دەبێتو هەستی مرۆڤ لەبەرامبەریدا دەستە پاچەیەو ناپیێكێت بۆیە وەحی خوا هۆی دەست نیشان كردنی هەڵەی عەقڵو بیركردنەوەی بۆ ڕوون دەكاتەوە بەڵگە بۆ ئەمە مرۆڤ لەشوێنێكی دوور شتی گەورەی بە بچوك دێتە بەرچاو، دارێكی ڕاست لەنێو پەرداخێكی ئاودا بەلاری دەبینێت، كەسی نەخۆش شتی شیرینی لەلا تاڵە، عەقڵو بیركردنەوە ئەو جۆرە هەلاَنە ڕاست دەكەنەوە.

**چوارەم:** وەحی خوای پەروەردگارە، نیگایە، ئاینە، ئاینو وەحی خوا ئاڕاستەی عەقڵو بیركردنەوەی مرۆڤ دەكاتو هەڵەكانی بۆ ڕاست دەكاتەوە بەهەمان شێوە ئەگەر هەستو شعوری ئادەمیزاد هەڵەی كردو نەیپێكا ئەوە وەحی پەروەردگار وەك ڕێنیشاندەرێك دەستی دەگریتو ڕێنمایی دەكات. خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموویت: ﴿اهدنا الصراط المستقيم﴾ خوایە بەردەوام ڕێنموویمان بفەرموو بۆ ئەم ڕێبازی ڕاستو دروستی ئیسلامە لەڕاستە ڕێ شارەزان بكە.

# دۆزینەوەی ژیان لەنێو گەردەلولی سیستەمەکاندا

پێغەمبەر درودی خوای لێبێت دەفەرموویێت: (اللهم ارنا الحق حقا وارزقنا اتباعه وارنا الباطل باطلا وارزقنا اجتنابه) واتە: پەروەردگارە ڕاستیمان ڕاست نیشاندە تاکو شوێنی بکەوین، ناڕاستیشمان بە ناڕاستی نیشاندە تاکو خۆمانی لێ دوور بگرین. ئەگەر تەنیا ئەو نزایە بەبنەما بگرین لەژیانی ڕۆژانەماندا بەسیەتی بۆ ئەوەی لەقولآیەکانی ئەو شتە پەنهانانە ورد ببینەوە کە دەبنە ئاستەنگ بۆ نەگەیشتن یان نەبینینی هەر شتێك وەکو خۆی جاری وایە بۆ شتێك دەڕوانین بەپێچەوانەی ڕاستینەی خۆی شتەکە دێتە بەرچاو وەك دانانی قەڵەمێکی ڕاست لەنێو جامێکی ئاو دا بەلاری دێتە بەرچاو لەڕاستیدا قەڵەمەکە هیچ خەلەلی نییە، چونکە لەزانستی فیزیکدا یاسایەك هەیە کە بریتیە لەوەی (هەر تەنێك بەنێو دووتەنی ڕووندا تێپەری دەبێتە هۆی شکانەوەی) بەلام هەندێك هۆکار دەبنە مایەی ئەوەی کە چاوەکانی مرۆڤ بەئاقارێکی تردا هەتەرەی کەن بەهەمان پێودانگ سەیرکردن بۆ شتە واتاییەکانی دینیو تاوتۆی کردنی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ڕاڤەی جیاوازی هەیە ژینگەو دەوروبەر مرۆڤ بە ئاڕاستەیەکدا ڕەد دەکات لەڕووی تێگەیشتنو بیرو باوەڕەوە جیا لەو ڕاستینەیەی کە خۆی لەسەریەتی هەر بۆیە ڕوانینی قەڵەم لەحالّی نەبوونی لەنێو جامی شووشەدا جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کە لەنێو جامەکەدایە ئینجا تێڕوانین بۆ ئەو نموونەو قولّبونەوە لێی یان دەبێت ڕەخنە لەقەڵەمەکە بگیردرێت یانیش لەخودی چاوەکە، بێگومان لەو حالّەتەدا نە چاو نە قەڵەم ناتواندرێت ڕەخنەی لێ بگیردرێت، بەڵکو دەبێت وردتر بڕوانین ئایە ئەو کورت بینیە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ هۆکارەکان دەست نیشان بکرێن عەرەب گۆتەنی (اذا ظهر السبب

بطـل العجـب) واتــە: ئەگــەر هۆكــار بەدیاركــەوت سەرســامی نامێنێـت ڕاســتینەی تێگەیشتنی ئەو جۆرە تێڕوانینانە، تێڕوانینە لەكۆمەڵگە نەك لەشـتێك كـە پەیوەنـدی بەكۆمەڵگاوە نەبێت، بەواتایەكی دیكە بۆ تێگەشتن لە هەر لایـەنێكی ژیـان پێویـستی بەتاوتویّ كردنی كۆمەڵگـە خۆیـەوە هەیـە ئەگـەر كۆمەڵگـە شـینەكرێتەوە بـە هـیچ ئەنجامێك ناگەین، هەر بۆیە دامەزراندنی فكرو فەلسەفە بۆ ڕزگاربوونی كۆمەڵگە لـەو تەنگژە دەروونییەی كە تێیـەوە گـلاَوە دەبێـت ڕێگـە چـارەیەك بدۆزرێتـەوە. دەكرێـت بەدیاریەوە دابنیشینو چارەسەری بۆ نەدۆزینەوە؟ ئایا تەماشاكار دەتوانێـت گۆڕانكـاری بهێنێتە ئاراوە؟ عەقڵیەتی كۆمەڵگا لەچییەوە دەڕوانێـت، پێویـستە لـەوێوە هـەنگاو بهاوێژرێت دوژمــن عـەقڵیـەتی كۆمــەڵگای داخـستووە وەك چـۆن بڵێـی خەواندویـەتی پێویستە بەوردی لە خۆمان بڕوانین ئایە خاوەنی چین؟ دڵـی خۆمــان هـی خۆمانـە یـان خاوەنێكی تری هەیە؟ ئەو ژینگەیەی كە لێی دەژین بەپێی داخوازیەكانی ئێمەیە؟ یـان ژینگەیەكە بەفیتی دوژمن خۆی نمایش دەكـات؟ هـەموو شـتێك بخرێتـە ژێـر پرسـیار بەگومانەوە لە خۆمانو دەوروبەر بڕوانین بپرسین ئایە بۆچی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداری وەك كابوسێكی ترسناك هەموو گیانی داگرتین هەستو سۆزی لـیّ كـڕین بۆچـی ئێمـە خۆمان نەبین؟ بۆ بەعـەقڵی ناحەزان بیر بكەینەوە لەڕێگەی تەكنـەلۆژیای دوژمنـەوە بـە ئاڕاستەی ئەوان هەڵسوكەوت بكەین لـە هـەموو كاروبـاری ژیانـەوە تەنانـەت لەشـتە تایبەتیەكانی تاكە كەسی، شـیكردنەوەی ئـەو سیـستەمە بـۆ دەسـت نیـشان كـردنو دۆزینەوەی ئەو هۆكارانەی باسی لێیـەوە دەكـەین گـەلێك پێویـستە. بۆیـە كۆمــەڵگا بەتێكرا شڵەژاوە، كۆمەڵگایەك بەو شێوە چڕوپڕە كاری لەدژیەوە بكرێت چۆن دەتوانێت ڕاستییەكان وەكو خۆی ببینێت یان ناڕاستییەكان بەپێچەوانەوە سەیر نەكات.

## هۆکارەکانی بزربوونی ڕاستی و ناڕاستی

بیرو باوەڕی هەر نەتەوەیەك شوێنەواری لەتاکەکانی کۆمەڵگەدا بەدی دەکرێت، تاکەکان بۆچی تێدەکۆشن یان چی ئەوانی وەگەڕخستبوو بۆ گەیشتن بە داخوازییەکان، دەتواندرێت زیاتر ئەو بزوێنەرە شیبکرێتەوە. کەواتە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی فول سەرمایەداریە هەڵسوکەوتی ئەو جۆرە کۆمەڵگایە بنەماکانی عەقڵیەتی خۆی لەشتە ماددیەکان هەڵدەهێنجێت، واتە بەپێی تێڕوانینی بۆ شتە ماددیەکان لەژیان دەڕوانێت، بیرکردنەوەو بیرو باوەڕی لەسەر کەڵەکە بوونی سامان بنیات دەنێت، هێزی مەعنەوی لەنێو ئەم کۆمەڵگایەدا بێ هێز دەبێت، زیاتر پشت بەو شتانە دەبەستێت کە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی دەژیت، بۆیە بەدیلی ئەوەی کە هێزی مەعنەوی لەنێو کۆمەڵگەدا لاوازبکرێت بریتیە لەوەی کە سیستەمێك یان ئایدۆلۆژیایەك پەیڕەو بکرێت کە هیچ پەیوەندی نەبێت لەگەڵ ئەو کەلتورو فەرهەنگەی کە ئەو کۆمەڵگەیە پێیەوە ئاشنایە، بۆ ئەوەی بە قەد ئەو کۆمەڵگەیە لەو شتە مەعنەویو ئەخلاقیانە نزیکە ئەوەندەی لێ دووربخرێتەوە لەئاکامدا هەندێك غەریزەی مرۆڤ بەکار دەخرێت کە دەبێتە مایەی ئەوەی بەپێوەرێکی تر بۆ ژیانو کۆمەڵگە بڕوانێت، واتە بەر لەگۆڕینی شێوازی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئایدۆلۆژیای ئەو کۆمەڵگەیە گۆڕانکاری بەسەر دادێت، چونکە داینەمۆی بەگەڕخستنی سەرمایەداری بەکارخستنی ئەو هێزە ئاژەڵیە سامناکەیە کە هەموو بنەماکانی کاول بوونی شارستانیەتەکان لەوێوە سەری هەڵداوە، چونکە کارکردن بۆ بوژاندنەوەو گەورەکردنی سیستەمی سەرمایەداری بەندە بەگەورە کردنو ئیش لەسەر کردنی ئەو حەزو خولیایەی کە بەمەترسیترین ڤایرۆس دادەنرێت بۆ فۆڕمات کردنی هەرچی شتە چاکەکانە لەنێو عەقڵی کۆمەڵگەدا، سەرەنجام تەنیا بەشێك کە ئارەزوو شەهوەتە لەجەستەی مرۆڤ لەو سێ بەشانە کاردەکات کە بریتین لە:-

١- الشهوة: هەواو ئارەزوو.

٢- العقل: تێڕامانو بیرکردنەوە.

٣- الغضب: تورەبوونو هەڵچوون.

واتە بزوێنەری مرۆڤ بە تەنیا یەکێکیان دەبێت کە بریتیە لە هەواو ئارەزوو بۆیە لەو کاتەدا مرۆڤ ڕاستینەی خۆی کە مرۆڤایەتییە لەخزمەت بەشێکیان دەبێت کە ئارەزوو شەهوەتە، ئا لەو حاڵەدا عەقڵیەتی مرۆڤ لەکار دەکەوێت لەبڕی ئەوەی شتەکان وەکو خۆی بڕیکات بەشێوەیەکی پێچەوانەو دوور لەو ڕاستیەی کە خۆی لەسەریەتی ڕاڤەی بۆ دەکرێت ئەمەش لە چەندین فەرموودەی خودای گەورە بەڕوونی بەدی دەکرێت کە بەشێوەیەکی واقیعی بەیانی فیکرو فەلسەفەو سیستەمی سەرمایەداری لەمیانەی هێنانەوەی ئەو شتانە کە سەرمایەداری بەبنەمای گرتوون بۆ دەست خەڕۆدانی خەڵکیو چاواشەکردنیان لەڕێگەی ڕاستو خزاندنە نێو ئەو ڕێگەیەی کە خۆیان دەیانەوێت، کە چۆن ئەو جۆرە شتانە دەڕازێنێتەوە بۆ ئەوەی هێزی عەقڵو بیرکردنەوە لەبەردەمی دا بە چۆك دابێتو لە هەمبەریدا کارنەکات، هەروەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت (ئارەزووی ئافرەتو بوونی نەوەی نێرینەو خاوەنیەتی ئاڵتونو زێڕو زیوی زۆرو زەبەندەو ئەسپی چاكو ڕەسەن -هۆکارەکانی هاتوچۆ-و هەروەها ماڵاتو زەویو زاری کشتوکاڵ بۆ خەڵکی ڕازێنراوەتەوە، ئەوانە هەمووی نازو نیعمەتی ژیانی دوونیان) ڕوونکردنەوەی دیدی سەرمایەداریە بەچەشنێك کە هەڵوەستەی لەسەر ئەو شتانە کردووە کە سەرمایەداری بە بنەمای گرتوون بۆ وەگەڕخستنی فیکرو فەلسەفەی خۆی، خوایش (بۆ چاکان) شوێنی گەڕانەوەی ڕازاوەو خۆشی لای خۆی ئامادە کردووە کە بەهشتە. سوڕەتی ال عمران ١٣.

# کۆمەڵگا لەنێوان
# گەندەڵی فیکری و گەندەڵی ئەخلاقیدا

گەلێك لەمێژە خەڵك بەدەست گەندەڵیەوە گیری خواردووە، ئەو مەفهومە ئەوەندە قسەی لێکراوەو تاووتوێکراوە تاکو وای لێهاتووە هەر تاکێك لەتاکەکانی ئێمە دەتوانێت بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوە سەرەکییەکان بەچاونوقاندنێك شیبکاتەوە، بەڵام ئایا تۆسقاڵێك خەڵك ڕووەو چاکسازی هەنگاوی ناوە؟

بێگومان تۆسقاڵێك لەگەندەڵی دوور نەکەوتۆتەوە! لەبەرچی؟ چونکە گەندەڵی بەشێوەیەکی دروست شی نەکراوەتەوە، گەندەڵی تەنیا کتومت بەرامبەر بە کەمتەرخەمی لەهەڵسوڕاندنی کاروباری خەڵکی و خیانەتو... هتد هەژمار دەکرێ.

بۆیە هەرکەسێك بەدروستی کارێك ئەنجام نەدات پێی دەگوترێت: گەندەڵ. بەکورتی گەندەڵی گەلێك قسەی لەسەر کراوە چ لەڕاگەیاندنەکان چ لەگۆڤارو ڕۆژنامەکان. هەر بۆیە زیاتر نامانەوێت بەگژ ئەو واتایانەدا بچینەوە کە خەڵکی ڕۆژانە دەماودەمی پێدەکەن جا بەوردبوونەوە لەو مەفهومە دەکرێت جگە لەو واتایەی کە خۆی هەیەتیو ڕۆژانە بەکاردێ. دەکرێت واتایەکی تری بۆ دابتراشرێت، ئەویش ئەوەیە کە گەندەڵی هەر ئەوە نییە کە فەرمانبەرێك بەپێی پێویست کاری خۆی هەڵنەسوڕێنێت بەڵکو گەندەڵی بریتییە لەو پەروەردە خراپەی کە خەڵکی هەر لەبچووکیەوە دەقی لەگەڵ خواردووە بەبێ بەرنامەی پەروەردەیی فکری تۆکمە ڕۆڵەکانمان لەگەڵ واقیعی گەندەڵ فێری ژیان دەکەین.

بۆچی دەڵێین واقیعی گەندەڵ؟ چونکە گەندەڵی لەوەتەی ئێمە خۆمان هەین لەواقیعێکدا بووین کە خۆی گەندەڵ بووە، خەمخۆرێك تاکو ئێستا نەبووە ئەو کۆمەڵگەیە لەو گەندەڵیە ڕزگار بکات ڕایان بێنێت لەگەڵ ژیانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست.

چونکە لەهەر کونو کەلەبەرێکی ئەو کۆمەڵگەیە ئەڕوانیت بەرنامەی فیکری

پەروەردە بەدەگمەن نەبێت نییە، کوا لەماڵەوە مرۆڤ دەتوانێت پەروەردە بێت کە زیاتر کاریگەری دایکان بەسەر ڕۆڵەکان ڕەنگ ئەداتەوە لەدەوروبەر دەتوانین خۆمان لەو زەلکاوە قوتار بکەین. لەکوێوە؟ لەقوتابخانە؟ لەزانکۆ؟ کە تاکو ئێستا نووسەری ئەو پەرتوکانەی پەرتوکەکانیان نووسیوە مردونو لەواقیعێك دواون چەندین ساڵ بەر لە ئێستایە! چۆنو بەچی ئەو کۆمەڵگەیە ئاراستە بکرێت؟ مامۆستا قوتابی پەروەردە بکات کە بۆ خۆی لەگەڵ بارودۆخێك ڕاهاتووەو لەچەرخێك ژیاوە سیاسەتە دیکتاتۆریەتە چەوتەکەی ڕژێمی بەعس لەگەڵ ویژدانو مێشکیان گەشەی کردووە؟ ئایا ئەبێت ڕەچاوی گەندەڵی لەخەڵکانێك نەکرێت کە لەپەروەردەی ماڵەوە بگرە تاکو قوتابخانەو بازاڕو دەوروبەر، هەموویان یان زۆربەیان بەتەواوی لەمانای ژیان تێناگەنو هەر هەوڵی ئەوە دەدەن کە لەسەر حیسابی بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆی قەڵەو بکات. ڕۆشنبیرانو قەڵەم بەدەستان بۆچی بەر لەگەندەڵی لەکاروبارو پیشەدا گەندەڵی دزیو گەندەڵی خیانەتو گەندەڵی ئەخلاقی باسی گەندەڵی پەروەردەیی ناکەن؟

ئایا بەقەد ئەو گەندەڵیەی کە خەڵکی تووشی دەبێت پەروەردە کارانو مامۆستایان پشکی شێریان بەرناکەوێت؟ بۆچی چاودێری مامۆستایان ناکرێت چ لەقۆناغی سەرەتایی یان زانکۆ؟ ئاخۆ مامۆستایان گرنگی بەبواری پەروەردەیی دەدەن یان نا. بۆچی مەرج بۆ مامۆستایانو پەروەردەکاران دانانرێت بۆ وانە گوتنەوەیان؟ ئایا وەزارەتی پەروەردە ئەو ئەرکە گرنگە لەئەستۆی ئێوە دانییە؟ بەڕێز وەزیری پەروەردە بۆچی بیر لەوانە وتنەوە ناکەنەوە کە ئایا پاشەڕۆژی نەوەی گەلەکەمان لەژێر مەترسیدا نییە؟ لەئەنجامی کەمتەرخەمیو بەدوادانەچوونەوەی ئێوە بۆ تاکە تاکەی مامۆستایان، بەڕێزان ئەی ئەو کەسانەی خەمخۆری وڵاتەکەن خەمخۆری گەلی کوردن خۆتان ماندوو کردووە بۆ بەرەو پێش بردنی ژیانی خەڵکی بۆچی باسی ئەو گەندەڵیە پەروەردەییە فکریە ناکەن کە تاکەکانی ئێمە بەدەستیەوە دەناڵێنن؟ بۆچی زیاتر ئەو گەندەڵیانە زەقناکەنەوە کە بەردی بناغەی چاککردنی هەموو ئەو گەندەڵیانەن کە ئێوە باسی لێوە دەکەنو لەبەردەمیدا بە پەرۆشن تا بنبڕ بکرێت.

# کۆمەڵگا لەنێوان گۆڕانکاری و مانەوەدا

ئەگەر تەماشای مێژووی شارستانیەتی گەلان بکەین لەچەرخی دێرینەوە بگرە تاکو ئەو چرکە ساتەی کە دەیگوزەرێنین تاکە ڕێگە بۆ ئاراستە بوون بەرەو بەختەوەری و پێشکەوتن تەنیا بە بنەماگرتنی شتە فکریەکان نەبێت، هیچیتر نەبووە کە بتوانێت شوێن پێ بەو شتانە لەق بکات کە نامۆن بە کۆمەڵگا، بۆیە هەر گۆڕانکاریەك کە لە گەلانی دێرین و تازەدا جێگای ئومێدی تاکەکانی کۆمەڵگا بووەو ئامانجەکانی خۆی بەدی هێناون جگە لە خزمەت کردنی فیکرو بەبنەما گرتنی بۆ ڕێکخستنی ژیانی ئادەمیزاد، شتێك نەیتوانیوە لەسەر پێی خۆی بوەستێت بەلام ئەگەر فیداکاری و بەرخودان لەبەرەوپێش بردن و تێگەیاندنی خەڵکی لەڕوانگەی پەروەردەیی و فیکری تۆکمە نەکرێت هیچ ئەلتەرناتیڤێکی دیکە نییە کە ئەو هێزو وزەیە بەکۆمەڵگە ببەخشێت. بۆ زیاتر ئاشنا کردنیان بەو مەفهومانەی کە چۆن بژین و ماف و ئەرکیان بزانن هەر کەسەو بەپێی پێویست ڕێز لەبەرژەوەندی یەکتر بگرێت و گەل و وڵاتی بەچەشنێك بۆ ڕاڤەبکرێت. کە بۆ خۆی بەو قەناعەتەی کە لەلای دروست بووە هەست بەوە بکات کە ئەو وڵاتەی لێی دەژیت بەماڵی خۆی هەژمار بکات و ڕەچاوی بەرژەوەندی گەلی خۆی بکات. بۆیە لەو ڕوانگەیەوە گۆڕانکاری یان بنبڕکردنی گەندەڵی و سەقامگیرکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لەڕێگای سندوقی دەنگدانەوە هەرگیز چارەسەر ناکرێت. ئەگەرچی ئەو شێوازە حوکم ڕانیە باشترین ئەزموونی گەلانی ڕۆژگاری ئەمڕۆیە. بەلام بۆ زیاتر بەرەو پێش بردنی دیموکراسی و هەبوونی دەنگ و ڕەنگی جیاوازو بەرپاکردنی گۆڕانکاری لەکۆمەڵگە بەو شێوە دیموکراسیە چارەسەری ناکرێت. چونکە دروستکردنی متمانەو گێڕانەوەی میسداقیەت تەنها لەڕێگای دروست کردنی قەناعەت نەبێت کۆمەڵگە ناتوانێت تاکە گۆڕانکاریێك لەخۆیدا فەراهەم بێنێت. ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەهۆی بەرەو

پێش چوونی بارودۆخی ژیانو پێداویستییەکانی کە بە جیهانی عەولەمە ناودەبرێت وەك سیستەمێکی ئێسك گران تەواوی ژیانی خەڵکی داگیرکردووە. بۆیە هەڵو مەرجی ئێستای مرۆڤایەتی بەربەستێکی مەزنە بۆ ڕێگا گرتن لەبەردەم دروستکردنی قەناعەتو گێڕانەوەی متمانە. چونکە لەبەر داگیر بوونی دڵو مێشکی خەڵکی بەسەر قاڵبوونیان زیاتر بەبیر کردنەوە لەگرفتەکانی ژیانیان. ڕۆژانە کەمتر پڕژاونەتە سەر شتە فیکریەکانو بارودۆخیان بۆ نەڕەخساوە کە بتوانن شتە فیکریەکان بکەنە بەردی بناغەی بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگەو چەکەرە کردنی ئەو هەستە لەویژدانیاندا تا ببێتە هەوێن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی هاوشێوەی وڵاتە پێشکەوتووەکان کە هەر تاکێك بە ئەندازەی خۆیەوە ڕۆڵی کاریگەری خۆی ببینێت لەچاکسازیو هەنگاونان بەرەو بەختەوەری مرۆڤایەتی.

نەك تاك بەپێی ئارەزوەکانی ژیانی چۆن بخوازێت ئاوا بگوزەرێنێت بەبێ لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی کۆمەڵگە. چونکە بەرژەوەندیە کەسیەکان هەرچی ئینتیماو خۆشەویستی بۆ خاك وڵات هەیە لەناوی دەبات. ئەگەر بەهۆی کاریگەری هێزی شۆڕشی فیکری نەبوایە لەپێناو چیدا قوربانی ئەدراو شارو دێهات خاپوور ئەکران. خەڵکی گیانو ژیانیان لەپێناو ئامانجو بەدیهێنانی ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆ کە خاوەن حکومەتو پەرلەمانو هەرچی ئەو شتە باشانەن کە بە ڕەنجی خوێنی شەهیدانو مەرگی هەزاران ئەنفالو کیمیاباران هاتە دی. ئایا ئەمە بەچی هەنگاوی دەناو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەوپێش دەچوو. بێگومان بەهێزی فیکری بوو کە خەڵك بەرامبەر بە زرێپۆشەکانی دوژمن ڕادەوەستان. بەڵام ڕۆژگاری ئەمڕۆ بەهۆی زیاتر سەرقاڵ بوونی خەڵکی بەژیانی دونیاو دروست نەبوونی هەستی نەتەوایەتیو نەپڕژانیان بۆ سەر شتە فیکریەکان هەر تاکێك کە قسە دەکات بەر لە هەموو شتێك بەرژەوەندی تایبەتی خۆی نەبێت هیچی تر ڕەچاو ناکات، ئەگەر گۆڕانکاری بۆ ئەم مەبەستە بێت کامەیە گۆڕانکاری؟.

# ڕەخنە لەنێوان بووژانەوەو لەناوبردندا

هەندێ جار تێڕوانینی جیاوازو دژ بەیەك لەڕاڤـەكردنی زۆر ڕووداو بـەدی دەكرێـت، دواتر دامزراندنی فیكرەیەك لەفیكرەكان لە هەموو بوارێكەوە بەبێ جیاوازی بەرجەستە دەبێت، ئینجا جیاوازیەكە بیرو باوەڕی بێت. یان تێڕوانینی نێو دەقەكان بۆ هەڵسوڕاندنی كاروباری وڵات یان لایەنی تێگەیشتن لەڕوانگەی فیقهیەوە، واتە: دوو تێڕوانینی جیاواز بۆ یەك دەقی قورئان لەئاراداا بوو ئەوە جیاوازی لە شۆپ دروست دەبێت. كەواتە یـەكتر قەبوڵ كردنو خۆ پێ ڕەوابوون دەبێتە مایەی نەگبەتیو ئاستەنگ بۆ قبوڵ نەكردنی ڕای جیاواز لەدەربڕینو ڕاڤەكردن، جیاوازی شتێكی نكۆڵی لێنـەكراوە، بۆیـە قـەبوڵكردنی گەلێك باشترە لەڕەتكردنەوەی، جیاوازی هەردەبێت ببێت، چونكە خوا خـەڵكی لەسـەر بنەمای جیاوازی بـیروڕا دروسـت كـردووە. پێـشكەوتنو شارسـتانیەتو گەشـەكردنو زیندووبوونەوە تەنها لەسەر بنچینەی جیاوازیەكان بەرهەم دێـت. مـرۆڤ دەبێـت لەگـەڵ هەموو شتێك جیاواز بێت، ئەگینا بێ كاریگەرەو لەنێو كۆمەڵگا هەست بە بوونی خۆی ناكات. بۆیە وا باشترە بۆ بەكارخستنی وزەی مرۆڤەكان پێشوازیەكی باشتر لە بۆچوونی جیاواز بكرێت. ڕەخنە بەهەموو شێوەیەك پێشوازی لێبكرێت. ئەو چەمكەی كە دروست كراوە بەناوی بونیاتنەرو ڕوخێنەر شتێكی هەڵەیەو بـوونی نییـە. بۆیـە پێـی دەوترێـت ڕووخێنـەر چـونكە كاریگـەری زۆر بـەهێز تـرە لەڕەخنـەی بـەناو بنیاتنـەر لـەڕووی ڕاچڵەكاندنی مرۆڤو خرۆشاندنی عەقڵی. بۆ دەبێـت ڕەخنـەی ڕووخێنـەر بەڕووخێنـەری ناخی مرۆڤ سەیر بكرێـت، بەبزوێنـەرێكی بـاش هـەژمار نـەكرێت؟، بـۆ زیـاتر بـەخۆ داچونەوەی مرۆڤەكان.

هەر شتێك زیاد لەپێویست مرۆڤ تاو بدات ئەوا پێناسەیەكی لەو شێوەی بۆ دروست دەكرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندییەكانی تێك نەگیرێت، كەچی لەمیانەی ئەو وێناكردنە وشەكە بەشێوەیەك ناشیرین دەكرێت؟، كە مرۆڤ خۆی لێ دووربخات، نابێت هەموومان لەكارخانەی عەقڵی تاكە كەسی دابرێژرێین، وەك یەك بیر بكەینەوە، دەبێت دیمەنی ئەو كەسە لەبەرچاو بگیرێت كاتێك لەشیوێكدا هاواردەكات جگە لەدەنگی خۆی هیچ شتێكی تر نابیستێت، بۆ تەنها دەنگی خۆمان ببیستین؟ بۆچی گوێچكە بۆ كەسانی دیكە شل نەكەین؟ ئایا تەنها ئێمەین دەژیـن‌و بیردەكەینـەوە؟ دەبێت جگـە لـە ئێمـە كەسێكی تر لەدونیادا بوونی نەبێت؟ ئەگەر وایە بۆچـی لـەكاروباری ژیـان پێویـستمان بەهاوكاری خەڵك هەیە؟ بەڵام لەدەربڕین‌و بیركردنەوەو تێڕوانین ڕێگە بەهیچ كەس جگە لە خۆمان نادەین، بیركردنەوەو دەربڕینی جیاوازیان هـەبێت. بۆیـە ئەگـەر دوو هـاوڕێ بەدرێـژایی تەمـەنیان لەیـەكتر ڕازی بـوون‌و بەرپەچـی یـەكتریان نەدایـەوە بێگومـان هەردووكیان خۆیان لەجەستەی كەسایەتییەكی مردوو تواندۆتەوە.

فەلسەفەی ژیان بریتیە لەجیاوازی ئەگەر ئەو فەلسەفەیە لەناوچوو واتا ژیان كۆتایی پێهات، مرۆڤەكان هیچیان لەیەكتر ناچن‌و ناشبێت لەیەكتر بچن، ئەوە یاسـایەو لـەژێر ڕۆشنایی ئەو یاسایە ژیـان بەڕێـدەكرێت، زۆر هەڵەیـە ژیـان بـۆ یـەك تێـڕوانین‌و یـەك هەڵوێستی ڕێنمایی بكرێت. ژیان بەبێ ململانێ مانای خۆی لەدەست دەدات، جیاوازی هەڵـسوكەوت‌و بـیروڕا ژیـان بەزینـدوویی دەهێڵێتـەوە، بەپێـچەوانەی هەوڵـدان بـۆ دروستكردنی خاڵی هاوبەش بۆ ئەوەی خەڵك وەك یەك بۆ ژیان بڕوانێت كوشتنی وزەیەو تیرۆركردنی فیكرەیە.

لەڕۆژگاری ئەمرۆ بەشێوەیەكی چڕوپڕ لەڕێگای پەرتووك‌و هەڵمـەتی وشـیاركردنەوە لەمیدیاكانەوە باس لە بەختەوەری دەكرێت، بـەو مانایـەی ڕەخنـە لەیـەكتر نـەگیرێت‌و

گرنگی بەڕای بەرامبەر نەدرێت. بۆ ئەوەی ژیان زۆر لەوە گەورەتر بێت کە سەرقاڵی ئەو جۆرە تێڕوانینە بین. بۆچی دەبێت لەسوچێکی بچوك لـەژیان بڕوانـدرێت، بـۆ جیـاوازی بیروڕا ئەویش لەڕێگای خاڵە هاوبەشەکان بۆ ئەوەی کێشەو مـشتومڕ دروسـت نـەبێت. ئەوە تێکدانی سیستەمی ژیانە لاڕێییە، درۆکردنە لەگەڵ خودی خۆمان.

تەواوی ماناکانی ژیان دوانەن، بوونەوەر تێکڕا بەدوو ئاڕاستە بەڕێوەدەچێت، هەموو شتێك بەبێ بوونی دژ مەحاڵە، شتە دژەکان لەگەڵ عەقڵو مێشك گەشە دەکەن، کەواتە دەبێت یاسای ڕەسەن ڕەچاو بکرێت. پەروەردەی لەسەر یەك کۆپی کـردن لـەناو ببرێـت، چیتر مرۆڤ ئالودەی بەردەستی کاریگەریەکان نەبێت، پەتی کاریگەری بەندایەتی فکـری بۆ یەکتری ببسێندرێت مرۆڤ تەنها بەهۆی لەسەرپێ وەستانی واتای مرۆڤ بوون بۆ خـۆی دەگێڕێتەوە، ئەگینا ناوەڕۆکی مـرۆڤ بـوون لەدەسـت دەدات، مـرۆڤ دەبێـت گـەورەیی لەخۆیدا بدۆزێتەوە نەك بچوکی خۆی لەگەورەیی خەڵك بەدی بکاتو گەورەیی خەڵکیش لە بچوکی خۆی بدۆزێتەوە، پێویستە کاریگەری نێگەتیڤی دایكو باوك لەسـەر منـداڵ لەناو ببرێت. کاریگەری مامۆستایان لەقوتابخانە لەسەر دەروونی قوتابیان بنبڕ بکرێـت، بەرنامەڕێژی بۆ بکرێت، قوتابیان وا حاڵی بکرێن کە پیشەی مامۆستا فێرکردنە نەك خۆ پیرۆزکردن، کردنەوەی قوتابیە بەڕووی مامۆستا نەك داخستنی، فێرکردنە نەك ترساندن. وزە دروستکردنە نەك لەناوبردن. بۆ ئەمە دەکرێت بەرنامەڕێژی وردو قوڵی بۆ بکرێـت، کەسایەتییەکەیان لەناو نەبرێن، کار بۆ توانای مرۆڤ بکرێت نەك لەمـەفهومو نـاوەڕۆکی خۆی کە مرۆڤایەتیە لابدرێت، پێویستە پەرە بە جیاوازی بیروڕا بدرێت، هەڵەی کوشندە لە یەك بگیردرێت، هەرکەسەو ئەوەی خۆی باوەڕی پێیەتی پەرەی پێبدات. بۆچی منداڵ لە هەموو کاروباری ژیانی تایبەتی کەسێکی وەك باوکی بێت، وەك ئەو لەژیان بڕوانێت، بۆچی قوتابی کۆپی مامۆستا بێت. پـشتگوێ خـستنی ئـەو جـۆرە بابەتـە هەسـتیارە

داهێنـــان لــەژێر خــاك دەنێــت، بڕوابــە خۆبــوون کەمــدەکات، هەســت بــەتواناو وزەی کەسایەتییەکان ناکرێت. ئەوە لەبەرچاو ناگیردرێت کە مرۆڤ چ بوونەوەرێکە چ دەریایەك لەناخیەوە هەڵدەقوڵێت، ئەگەر بەربەستی بۆ ساز نەکرێت، گەر ڕەچاوی ئــەوە نــەکرێت دەریایەکە وشك دەبێــت، ســود لــە هەرچــی شــتە گرانبــەهاکانی نــاو دەروونــی مــرۆڤ وەرناگیردرێت، ڕێزو خۆشەویستی دایكو باوك بــۆ منــداڵ، مامۆســتا بــۆ قوتــابی بــە ئەندازەیــەك بێــت نەبێتــە مایــەی کوشــتنی وزەی ناخیــان لەبەرامبــەر ئــەو ڕێــزو خۆشەویستیە، هێزو وزە بکەنە قوربانیو لەبری هێزو وزە خۆشەویستیو لەبری زانستو زانیاریو پەروەردە پیرۆزیو ترسو کوشتنی کەسایەتی بەرهەم بێت.

# ژیان لە پەنجەرەی پێناسەکاندا

ئەگەر بمانەوێت لەژیان تێبگەین واتای ئەوەیە کە لەژیان تێناگەین، چونکە سروشتی ژیان تینەگەیشتە لەخۆی نەك تێگەیشتن بۆیە تێگەیشتن بۆ ژیان بەپێوەر دەبێت هەموو شتە نادیارەکان بەو شێوەیە پێناسە دەکرێن ئەو پێوەرانەی بۆ ژیانیش دیاری کراون هیچیان پێوەر نین بۆ؟ چونکە ئەوەی دەوری پێوەر دەبینێت نابێت خۆی پێوستی بەپێوەرێکی دیکە بێت کەواتە ئەوەندەی هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی لەژیان نزیك ببینەوە بە ئەندازەی ئەو هەوڵە لەواتای ژیان دوور ئەکەوینەوە.

ژیان هەمیشە لەگۆڕان دایە ئەگەر نەخشاندنی گۆڕانی ژیان لە چنگی ئێمەدا بێت ئەوکاتەش بۆ خۆمانو نەخشەکە لەناوەڕۆکی ژیان دووردەکەوینەوە هەر بۆیە ژیان پەرجوە (معجزة)یە بە هیچ شێوەیەك ناتواندرێت پەیی بەو پەرجوە ببرێت فەلسەفەی ژیان تێگەیشتن نییە لەژیان، بەڵکو فەلسەفەکە پێچەوانەکەیەتی واتە حاڵی بوون لەژیان تەنها هەر ئەوەیە کە لەلێواری ژیان بگوزەرێنین کەواتە مامۆستای ژیان ئەبێ کێ بێت کە بتوانێت ئەو ژیانە ئاڵۆزە بەپێوەرێکی لەخۆی ئاڵۆزتر شی بکاتەوە مرۆڤ خۆی بێت؟ یان تێڕوانین لەو گیانلەبەرانەی کە بەدەوریەوەن؟ یان هەر شتێك کە بیری لێ بکەینەوە؟ دەبێت ئاین ڕۆڵی سەرەکی لەشیتەڵ کردنی ئەو مەتەڵەیە نەبینیت؟ دەکرێت وردتر بڕوانین مرۆڤ لەگەڵ بوونی خۆیدا سێ هێزی گرنگی بێ پێناسەی هێنانە بوون واتە مرۆڤ هەر کاتێك هەست بەبوونی خۆی دەکات سێ هێزی سەرەکی -کە هەر سێکیان دەورێکی کاریگەر ئەگێرن لەژیاندا- لەناخیدا چەگەرەیان گرتووە مرۆڤ بەبێ بوونی ئەمانە هیچ واتایەك نابەخشێت نەك هەر هیچ واتایەك نابەخشیت، بەڵکو لەخودی ناوەڕۆکی خۆی کە مرۆڤایەتییە خاڵی دەکرێت ئەو سێ هێزەش بریتین:

١- ئارەزوو (الشهوە).

٢- تورەبوون (الغضب).

٣- عەقڵو مەعریفەت (العقل والمعرفة).

ئارەزوو بەشێکە لەژیان بەڵام هیچ پێوەرێك نییە بۆ دەست نیشان کردنی ئارەزوو، هەر چ شتێك مرۆڤ ئارەزوو بکات ئەوە ئارەزوو خۆیەتی هەر مرۆڤێکیش ئارەزووی پێچەوانەی ئەوی ترە، واتە ئارەزوو بوو بەشتێکی میزاجی هەر شتێك بەرەو میزاجی چوو پێناسەی خۆی ون دەکات بەهەمان شێوە هێزی تورە بوون وەکو هێزەی ئارەزوو بەشێکە لەپێکهاتەی ژیانو بەپێوەر واتای کۆناکرێتەوە تورەبوون بەمیزاجی کەسەکان دیاری دەکرێت نەك بەپێناسە.

هەر شتێکیش بەشێوەیەکی رێژەیی (النسبي) خۆی بینیەوە ماناکەی لەنێو تاکەکان ون دەکاتو پێناسە ناکرێت جا چ ئارەزووە چ تورەبوونە هەریەکێك لەمانە قازانجو زیانی خۆیان هەیە.

## قازانجیان چییە؟

ژیان بەبێ بوونی ئارەزوو ناتوانێت درێژە بکێشێت واتە رەو رەوەی ژیان دەوەستێت ئەگەر هێزی ئارەزوو رۆڵی خۆی نەبینێت بۆ نموونە ئەگەر ئارەزوو لەناخی مرۆڤدا نەڕوابا ئایە مرۆڤ توانای وەچەخستنی دەبوو؟ ئەم ئارەزووە (الشهوة) بۆ بەرژەوەندی لەنێو جەستەی مرۆڤدا خولقێندراوە بۆ کەمەندکێش کردنی هەر چی چاکەیە عەرەب گۆتەنی (لجلب المنافع) کەواتە ئارەزوو کردنی نێر بۆ مێ یان بەپێچەوانە مێ بۆ نێر؟ ئارەزوو بۆ دروست کردنی خانوو، ئارەزوو بۆ خوێندن، ئارەزوو بۆ کارکردن... هتد، ئەمانە هەموویان پێویستیان بەهێزێکی شاراوە هەیە بۆ راپەراندنی ژیانی مرۆڤایەتی کەواتە ئارەزوو پێناسەی ناکرێتو بەشێکیشە لەژیان بەهەمان پێودانگ تورە بوون هێزێکە

لەناخی ئادەمیزاد دا ڕواوە بۆ ئەوەی بەهۆیەوە هەرچی زەرو زیانە لەخۆی بەدوور بخاتەوە ئەمەش هەر بۆ ئەمەیە کە درێژە بەژیان بدرێت وەکو لەهەمبەریدا گوتراوە (لدفع المضار) بۆ دوورخستنەوەی ناسۆریەکانە لەژیان کەواتە ئەمانە هەردووکیان پێکهاتەی ژیانن کە هەر کامێکیان لەم دوو پێکهاتانە بەهیچ پێوەرێك کۆناکرێنەوە، چونکە هەریەکەیان پەیوەندی بەژیانی تاکە تاکەی مرۆڤایەتییەوە هەیە عەقڵو مەعریفەتیش یەکێکن لەوانەی کە پێناسەی دیاری کراویان بۆ ناکرێت بۆیە پێکهاتەی ژیان لەو جۆرە شتە ئاڵۆزانەیە دیارە ئەو سێ هێزە سەرەکیەش هەریەکەیان بۆ خۆیان داینەمۆیەکی کاران بۆ ژیان بە هەر سێکیان ژیانیان فەراهەم هێناوە.

## زیانیان چییە؟

بێگومان ئەگەر جڵەوی ئارەزوو شل بکرێت مرۆڤایەتی تووشی گەورەترین کارەسات دەبێت، چونکە ئارەزوو شەهوەت، گەورەترین پەتا لەنێو کۆمەڵگەدا دروست دەکەن هەر وەك لەچەندین فەرموودە ئاماژە بەمەترسی ئارەزووبازی کراوەو تەواوی سەرپێچییەکان یان بەشی هەرە زۆر یان لەئەنجامی بەکارهێنانی ئەو هێزە بەشێوەیەکی زیادەڕەوی بەدی دەکرێت هەروەك زانایانو بیرمەندانیش ئەو جۆرە مەترسییە لەمەترسی وزەی ئەتۆم گەورەتر دەبینن لەپاشە ڕۆژدا بەهۆی بەکارهێنانی خەڵکی بەچەشنێك ئەگەر یاساو ڕێسای ئیلاهی بۆ دیاری نەکرێت بەهەمان شێوە تورە بوون هێزێکی پڕ لەمەترسیە بەهۆیەوە چەندین کارەساتی جەرگبڕ ڕوو لەکۆمەڵگە دەکات، ئەگەر لەڕادە بەدەر بەکاربهێندرێت تەواوی بنەماکانی چاکسازیو خراپەکاری خۆی لەبەکارهێنانی ئەو دوو پێکهاتەیە ئەبینێتەوە ئاخۆ لەڕێگەی خۆیان بەکاردێن کە سودیان لێ ببیندرێت یان بەپێچەوانەوە کە تووشی زەرەرو زیان دەبن کەواتە هەموو بیرۆکەیەك بۆ پێش وە چوونی

خۆی کار لەسەر بزواندنی ئەو دوو پێکهاتە گرنگە دەکات فریشتەکانیش کاتێك خـوای گەورە ڕاوێژی پێکردن بەوەی جێنشینێك لەسەر زەوی دابنێت ئەوان تـەنها لەڕوانگـەی ئەو دوو هێزە خوێندنـەوەیان بـۆ ئـادەمیزاد کـرد گوتیـان ئێمـە سەرسـامین کەسـێك بەجێنشینی خۆت قبوڵ دەکەیت! کە بەهۆی ئـارەزوو تورەبوونـەوە خراپترینـی دروسـت کراوەکانی خۆت بەشایستەی ئەوە دەزانیت ببن بەجێنشینت، بـەڵام خـودا لەوەڵامیانـدا گوتی ئەو دوو هێزە ئەگەرچی پەشێوی دروست دەکەن، بەڵام یاساو ڕێسایان بـۆ دیـاری دەکەم نەك ئەوان بەئارەزووی خۆیان چۆنیان بوێت دەست بۆ ئەو دوو بەرمیلە باروتە بەرن ئەگەر یاسام بۆ دیاری کردن واتە ئارەزوو تورەبـوونم بـە یاسـاکردن ڕێگـە بـۆ عـەقڵو مەعریفەت دەبێتەوە کە بەهۆیەوە بەختەوەرترین ژیان بەرێ بکەن نەك هەر بە ختەوەری ژیان بەرێ بکەن بەڵکو ئەو ژەنگو ژارەی لەسەر عەقڵ نیشتوە بـەهۆی ئـارەزوو تـورە بوونەوە هەمووی لەسەنگی مەحەك دەدرێت، ئەویش لەڕێگەی پێبەخشینی ئەو زانستو زانیاریەی کە بۆ خۆم فێریان دەکەم بۆیە لەسورەتی (الفاتحة) باسی سێ ڕێگا دەکات:

١- ڕێگای علیمو مەعریفەت.

٢- ڕێگای ئارەزوو بازی.

٣- ڕێگای تورەبوون.

داوا لەسەر جەم ئیمانـداران دەکـات دەڵێـت ئێـوە داوای ڕێگـەی ئـەوەم لێ بکـەن ئاشناتان بکەم بەزانستو زانیاری بۆ ئەوەی ئەو زانستو زانیاریە هەرچی خرتو خـاڵی ئارەزوو تورەبوونە لەبەردەمیاندا نەهێڵێتو دەفەرمووێت:

١- اهـدنا الـصراط المـستقیم صـراط الـذین أنعمـت علـیهم: واتـە ئەمـە عـیلمو مەعریفەتە.

٢- غير المغضوب علیهم: ئەمەشیان ڕێگای تورەبوونە.

٣- ولا الضالين: ئەمەشیان ڕێگای ئارەزووە.

کەواتە ژیان لەو سێ ڕێگەیە قەتیس ماوەتەوە، بۆیە فریشتەکان تێڕوانین یان بۆ ژیان تەنیا لەڕێگای شەهوەتو توڕەبوونەوە بوو. بەڵام خودا ئاگاداری کردنەوە گوتی ژیان تەنیا ئەوەنییە، بەڵکو لەهەموویان گرنگتر عیلمو مەعریفەتە کە خوا بۆ خۆی زانستو زانیاری فێری ئادەم کرد دەفەرمووێت: ﴿وعلم آدم الأسماء كلها﴾ البقرة: ٣١، بۆیە دەکرێت ژیان تەنها لەو سێ پەنجەرە خوێندنەوەی بۆ بکرێت چونکە جگە لەو سێ دەروازەیە لەهیچ دەروازەیەکی تر خوێندنەوە بۆ ژیان ناکرێت لێرەدا تاڕادەیەك ئەمە ڕوون بوەوە کە هیچ هێزێك توانای ئەوەی نییە لەنێوەڕۆکی ژیان تێبگات، چونکە ژیان لە چەندین یەکە پێکهاتووە هەر یەکەیەك پەیوەندی بەمیزاجی تاکە تاکەی مرۆڤایەتییەوە هەیە هەر بۆیە ئەگەر بمانەوێت لەژیان حاڵی ببین دەبێت سروشتو میزاجی هەموو خەڵکی ئەزبەر بکەین هەر لەسەرەتای دروست بوونی یەکەم کەسی مرۆڤایەتی تاکو کۆتایی هەموو ئادەمیزاد ئەمەش بۆ خۆی مەحاڵەو ئەستەمە بەو شێوەیە لێك دانەوە بۆ ژیان بکرێت ژیان شتێکی گشتییە موڵکی هیچ کەسێك نییە بەڵکو ژیان پەیوەستە بەناخی هەموو تاکەکانی مرۆڤایەتی بەوردو درشتیەوە هەر کەسێك بەپێی داخوازیەکانی خۆی بەشێك لەژیانی دەبات جیا لەژیانی ئەوی تر بۆیە هەندێکیان تووشی جۆرەها ناسۆریەکانی ژیان دەبن بەپێچەوانەوە هەندێکی تر بەقەد تۆسقاڵە زەڕە یەك بەلای ژیانی ناخۆشدا ناگوزەرێت ئەمە هەمووی موعجیزەو مەتەڵە تەنیا تاکە دەسەڵاتێك کە بتوانێت وەکو خۆی ژیان شی بکاتەوە خوای دلۆڤانە کە خوڵقینەری ژیانە.

# تاكی كورد لەبەردەم پەتای داڕماندا

لەگۆمەڵگەی كوردەواریدا هەڵمەتێكی چڕوپڕ بەمەبەست بێت یان بێ مەبەست بەڕێوەیە بۆ كوشتنو داپڵۆسینی مرۆڤەكان لە هەموو ئاستێكدا تەنانەت كایە ڕۆشنبیرەكانیش پشكی شێریان بەركەوتووە پێ دەچێت ئەوان بەبێ مەبەست تووشی ئەو پەتایە بووبنەوە توانای كەسەكان دەڕووخێندرێت، وەك دەڵێی بیری تاكی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهاو نرخ لەبەرچاو ناگیردرێت بۆ دروست بونی ئەو باوەڕە كە مرۆڤ لەهەموو شتێك گرنگ ترە، بەڵام جێگەی داخە بەوشێوە كرچو كاڵە گرنگی بە ئاڕاستەكردنو ڕۆشنبیركردنی دەدرێت بەرپرسیاریەتێكی گەلێك گەورە لەسەر شانی ئەو كەسانەیە كە پلەیان لەسەروترە، چونكە هەر یەكێك گیان لەدەست بدات یان هەر ئافرەتێك خۆی بسوتێنێت گەنجێك لەژیان بێ هیوا دەبێت پەنا بۆ خودكوژی ئەبات قوتابیەك لەقوتابخانەدا لەئەنجامی دەرنەچوونی یاخود كەمی نمرەكانییەوە توشی هەر حاڵەتێكی دەروونی دەبێتو خۆی لەژیان بێ بەش دەكات ئۆباڵی ئەمە دەكەوێتە ئەستۆی بەرپرسی وڵات بەپلە یەكو ڕۆشنبیران بەپلە دوو و هەرچی كەسێك كە تۆزێك بەرپرسیاری لەو وڵاتەدا هەیە، چونكە ئەو كێشە دەروونیو كۆمەڵایەتیانەی تووشی خەڵكی بوونو دەبن بەرپرسیاریەتییەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە خەڵك لەوشیاركردنەوەو ئاڕاستەكردن بەرەو كایەی ڕۆشنبیریو مەعریفی لەكوردستان گرنگییەكی ئەوتۆی پێ نادرێت شایەنی باس بێت بۆچی خەڵك بەهەموو چینو توێژێكەوە هەلی بۆ نارەخسێندرێت كە بتوانێت خۆی ڕۆشنبیر بكات ئەگەر هیچ نەبێت فێری ئەو جۆرە شتانە بكرێت كە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەژیانی تایبەتو شتە سەرەتاییەكانی ژیانی تایبەتی تاكی كۆمەڵگا هەیە بواری پێ بدرێت لایەنی ڕوحیو دەروونی خۆی پەروەردە بكات هەموو ئەوانەی لەژیان بێ هیوا دەبن یان زۆربەیان چینی خوارەوەی كۆمەڵگانین، بەڵكو ئەو كەسانەن كە خوێندەوارنو

لەئاستێکی ترن. لەڕووی خوێندنو شەهادەوە، چونکە بەهۆی بێ پلانیو بێ بەرنامە ڕێژی بۆ ژیان ناتواندرێت چینی گەنجو لاوو چینی گچکەو گەورەو منداڵ لەئاستی تەمەنی خۆیان بەپێوەری شارستانیەتی هاوچەرخ. وەك خەڵکی وڵاتانی تر بەگەشبینیەوە لەژیان بڕوانن ئەگەر وزەی کەسانی پسپۆڕ بەکار خرابا بۆ گێڕانەوەی متمانە بۆ خاكو وڵاتو دروست کردنی پەروەردەیەکی هاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو ڕێکردنەوەو والاکردنی دەرگاکانی قوتابخانە بۆ سوودمەند بوون لەو وزەو توانایەی مرۆڤ هەیەتی نەك بەپێچەوانەوە بەهۆی دانانی بەربەستو ئاستەنگو سەختی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی بەچەشنێك تاکی کورد لەبەردەم سیستەمی سەرمایەداری کە کتوپڕ ڕووی لەکۆمەڵگەی کوردەواری کرد لەئەنجامدا دروست بوونی دوو چینی لێ کەوتەوە چینی سەرەوەو چینی خوارەوەی پڵیشاوە لەژێر پێی چینی هەرە سەرەووی کۆمەڵگەکە بۆ ئەمە خەڵك ئاڕاستە کرا؟

لەناکاو دەرگای کەلتوری وڵاتان بەڕووی کۆمەڵگای کوردەواری کرایەوە بەهاوردە کردنی هەرچی کۆمپانیاو مۆدێلات بەهەموو جۆرە کەلوپەلێکەوە خەڵك بەشێوەیەك بێ ئاگا کرا کە نەتواندرێ بیر لەژیان بکاتەوە، جگە لەبیرکردنەوە لەدابین کردنی بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان لەئاکامدا کۆمەڵگاکەمان لەبەردەم پەتایەکی دەروونیو دارمانی فکری، خۆی بینیەوە کلتورورو دابونەریتی خۆی لابێ ڕێز دەکرێت ئەو دیاردەیەش درێژە دەکێشێت عەقڵەکان ئاوا ڕاهێنراون بۆیە باشتر وایە بە قوڵی بیر لەبنبڕکردنی ئەو کلتورە بکرێتەوە کە ئەوەندە خەڵك سەرقاڵ بکرێتو بواری پێ نەدرێت بیر بکاتەوە ڕێگە بدرێت هەر تاکێك گوزارشت لە بۆچوونەکانی خۆی بکات ئەگەرچی سلبی بێت خاڵی دەستپێکی ئەو گۆڕانکاریە پێویستە لەخۆمانەوە دەست پێ بکەین چی تر هەموو سەروەرییەکان بەقوربانی پیرۆزیەکان نەکەین.

# مرۆڤ لەنێوان پەنگ بوون و بڵاوبووندا

ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ بەختەوەرکردنی مرۆڤایەتی هاتووە چونکە ئاینی پیرۆز وەك دین کە بۆ مرۆڤایەتی دارِژراوە ڕەچاوی تەواوی لایەنەکانی کردووە کۆمەڵایەتی سیاسی ئەخلاقی... هتد.

وێڕای تەرکیزکردن لەسەر هێڵە گشتیو بنەما سەرەکییەکان شتە نەفسیو دەروونییەکانیشی لەنێو بەرنامە تێرو تەواوەکەی خۆیدا پشت گوێ نەخستووە نەك هەر پشت گوێی نەخستووە، بەڵکو بۆ ئەو جۆرە شتانەو هەر شتێکی تر کە نەبووەو گریمانەی بوونی لێدەکرێت بەجۆرێك لەجۆرەکان ئەگەر بەڕاشکاویش دەست نیشانی نەکردبێت ئاماژەی بۆ کردووە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ﴾ فصلت: ٥٣، واتە: ئێمە لەئایندەدا بەڵگەو نیشانەی سەرسوڕهێنەریان نیشان دەدەین لەئاسۆکانی بوونەوەرداو لەخودی خۆیشیاندا (بێگومان ئاشکرایە کە لەسەردەمی زانستدا چەندە نهێنییەکانی بونەوەر ئاشکرا بووە زاناکان بەگشتیو زانایانی ئەستێرە ناسی بەتایبەتی، سەرگەردانن لەوردەکاریو دامەزراویو گەورەییو فراوانی ئەم گەردوونە، هەروەها لەئاڵۆزی جەستەییو عەقڵیو دەرونی ئادەمیزاد) ئەمەش بۆ ئەوەی تاچاك بۆیان ڕون بێتو دڵنیابن کە ئەو زاتە حەقو ڕاستو ڕەوایە، ئایا شایەتی پەروەردگارت بەس نییە؟ کە بێگومان ئاگاو زانایە بەهەموو شتێك ئەم بەرنامەیە چۆن باسی بنەما سەرەکییەکانی هەموو زانستو زانیاریەك دەکات بەهەمان شێوە باسی تەواوی ژیانی ئادەمیزاد دەکات بەوردو درشتەوە، چونکە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دواین

پەیامی خودایە کە ڕەوانەکراوە بۆ دواین پێغەمبەر، بۆیە بەتێپەڕبوونی ئەوە لەدوای ئەوە، مرۆڤایەتی ڕەچاوی فەلسەفەی ژیانیان بکرێتو بەوێنەی موگناتیس دڵەکان بۆ خۆی کەمەند کێش بکات، چونکە بەرنامەیەك کە بۆ هەموو کاتو ساتێك بگونجێت هیچ گومانو دوو دڵی تێدا نەبێت لەوەی کە لەلایەن خوداوە ناردراوەو پارێزراوە لەگۆڕینی تەواوی بڕگەکانی هەمووی وەکو خۆی بەسەدان ساڵە بەبێ کەمو زیاد ماوەتەوە ئەبێت بەپێی ڕۆژگار گۆڕانکاری ڕۆژگار بەدی بکات کە بەپوختی پەیی بەتەواوی وردەکاری ئەو شتانە ببات کە بەپێی تێپەڕبوونی کاتو زەمەن بتوانێت ئاوێتەیان ببێتو دەست لەملو هاوکاریان بکاتو خۆی بەنامۆ هەژمار نەکات هەر بەو ڕوانینە واتە بە لەبەرچاو گرتنی تەواوی لایەنەکان ئەتوانین سەرنجی چەند بڕگەیەکی وتەی خودای پەروەردگار بدەین لەبواری کۆمەلایەتی ئەفەرموویت: ﴿إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالإِحْسَانِ وَإِيتَاء ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ﴾ النحل: ٩٠، واتە: بەڕاستی خوا فەرمان دەدات بەدادپەروەریو چاکەکاریو یارمەتیدانو بەخشندەیی بەخزمانو قەدەغە لەگوناهوو تاوانو دەست درێژی دەکات (بۆ سەر ماڵو نەفسو ناموس)و ئامۆژگاریتان دەکات بۆ ئەوەی یادەوەری وەربگرینو تێفکرنو (هەر چاکە بکەن).

لە بواری ئابوریدا ئەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاء وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ﴾ التوبة: ٦٠، واتە: بێگومان زەکات تەنها بۆ هەژارو نەدارانو ئەو کەسانەی کە کارمەندن بەسەریەوەو بەو موسڵمانە نوێیانەی کە هێشتا ئیمان جێگیر نەبووە لەدڵیاندا بۆ ئازادکردنی کۆیلەکانو بۆ (یارمەتیدانی) قەرزدارەکانو بۆ گەیاندنی ئاینی خوا (هەر بوارێك کە خزمەت بەبانگەوازی ئیسلام بکاتو ئاینی خوا بەرەوپێشو

سەرکەوتن ببات) هەروەها بۆ ئەو ڕێبوارانەش کە پارەیان لێ دەبڕێتو نەدار دەکەون (دابەشکردنی زەکات بەو شێوەیە) فەڕزە لەلایەن خواوەو لەگەردنی ئیمانداراندا خواش زاناو دانایە (لەسامان بەخشینو فەڕزکردنی زەکاتدا).

لەبارەی تاوانو سزادان ئەفەرموێت: ﴿الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ﴾ النور: ٢، واتە: سەد قامچی لەهەریەك لەئافرەتو پیاوی زیناکەر بوەشێنن بەزەیی نەتانگرێت لەبەجێهێنانی فەرمانی خودا دا بۆیان ئەگەر ئێوە باوەڕتان بەخواو بەڕۆژی دوایی هێناوە بادەستەیەکیش لەئیمانداران ئامادەی سزاکەیان بن.

لەبارەی فەرمانرەوایی ئەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْراً أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالاً مُّبِيناً﴾ الأحزاب: ٣٦، واتە: بۆ هیچ پیاوو ئافرەتێکی ئیماندار دروست نییە کاتێك خواو پێغەمبەرەکەی بڕیاری شتێك بدەن ئەوان سەرپشك بن لەئەنجامدانی ئەو کارەدا، چونکە ئەوەی سەرپێچی بکات لەفەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی ئەوە بەڕاستی بەئاشکرا گومڕاو سەرلێشێواوە.

دەربارەی فەرمان بەچاکەو ڕێگری لەخراپەکردن ئەفەرموێت: ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ آل عمران: ١٠٤، واتە: پێویستە لەئێوە ئومەتێك پێکبێت یاخود باهەمووتان ئومەتێك بن کە بانگەواز بکەن بۆ خێرو چاکە فەرمان بدەن بەهەموو کارێکی باوو دروست، قەدەغەی هەموو نادروستیەك بکەن، ئائەوانە هەر سەرفرازن.

زانایانی دەروونناسی کاتێك باسی مرۆڤ و ئەو شتە شاراوانە دەکەن کە لەنێو ناخیدا بەوێنەی دەریایەك هەڵدەقوڵێن هەر هەمووی بۆ حاڵەتێکی دەرونی ئەو مرۆڤە دەگێڕنەوە، دواتر دەڵێن مرۆڤ گیانلەبەرێکی قسەکەرە بەهۆی ئەو دەربڕینەوە ئەبێت ئەوەی لەنێو ناخیدایە لەڕێگەی ئەو دەربڕینەوە پاکی بکاتەوە ئەگینا وەك ئاگرێکی کڵپە گیانی ئەسوتێنێت، واتە هەر شتێك بەدڵی داهاتو لەدەروونی پەیدابوو ئەبێت لەلایەن کەسێکی نزیکی خۆیەوە یاخود خۆشەویستو جێگەی متمانە بێت تەواوی ڕازو نیازی خۆی بۆ ئەو کەسە باوەڕ پێ کراوە هەڵڕێژێ، چونکە ئەگەر خۆی لەو خەمو پەژارەیە ڕزگار نەکاتو لەدڵو دەروونیدا هەڵیان گرێت سەرەنجام دەبێت بەخۆرك لەنێو ڕوحو دەروونیداو تووشی نەخۆشی نەفسی دەبێتو بەوێنەی بۆمبایەك بەنێو ڕوحو مێشکیدا ئەتەقێتەوە واتە بەهۆی کپ کردنی ئەو ڕازو نیازەو نەدرکاندنی تووشی چەندین نەخۆشی دەروونی دەبێت وەك گرێی گەدەو جۆرەها نەخۆشی تر، چونکە زۆربەی پسپۆڕانی نەخۆشییە دەروونییەکان کە باس لەچارەسەر کردنی ئەو گرفتە دەروونییە دەکەن جگە لەو ڕێنمایانەی کە بۆ کەسە گرفتارەکە دیاری دەکەن لەسەرووی هەموو چارەسەریەك کە دیاری دەکرێت بریتییە لەوەی کە کەسێك گوێ بۆ کەسە نەخۆشەکە بگرێتو ڕازو نیازی خۆی لەلا هەڵڕێژێ، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئەوتۆیە ئەو شتەی لەلای چەگەرە ئەبێت ئەگەر نەی درکێنێت وەك بۆمبایەکی گەلێك مەترسی بەنێو ناخیدا ئەتەقێتەوەو کاریگەری سەلبی لەسەر ڕۆحو گیانیدا پەیدا ئەکاتو بەرەو ژیانێکی خەمۆکی بەڕێی دەکاتو گیانو ڕۆحی لێدەکات بەدۆزەخ، ئینجا ناچاری ئەکات بۆ پەنابردن بۆ هەر شتێك ببێت بەمایەی ئاسودەی ئەگەر بەمەرگی خۆشی بێت قەبوڵیەتی، چونکە ئاتاجی ئاسودە بونیەتی لەو جەنجاڵیەی کە خۆی تێخستووە وەکو کەسێکی سەرگەردان ئەڕوانێتە ژیانی خۆی گەڕەکیەتی هەموو ئەو ڕێگایانە تاقی بکاتەوە بۆ دەربازبوونی لەزەلکاوی

ئەو گرفتاریەدا، بۆیە کۆتا هەوڵی پەنادەباتە بەر خوێن مژینی خۆیی‌و کۆتـایی بـەژیان هێنان، بۆیە دەڵێین ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ بەختەوەری سـەرجەم مرۆڤایـەتی هـاتووە، چونکە ئەگەر سەرنجی خواپەرستییەکان بدەین بەشێوەیەکی گشتی لەهـەر هەموویانـدا ڕەچاوی گشت لایەنەکانی ژیـانی مرۆڤایـەتی کـردووە، وێـڕای گرنگـی دان بەهـەموو لایەنێك، لایەنی ڕۆحیش بەدەرنییە لەگرنگی پێدانی لەبەرچی؟

چونکە ئەو ئاینـە وێـڕای تێرکردنـی جەسـتە ڕۆحیـشی بێبـەش نـەکردووە، بـەڵام بەرنامەکانی تر ئەگەر یەکێکیان گرنگی پێبدات ئەوەی تریان لەبیر دەکات‌و گوێی پـێ نادات بۆ نمونە کە سەیری پەرستشی نوێژ دەکەین بەڕواڵەت نوێژ خوێندن پەرستـشێکی کردەییە، چونکە پێناسەی نوێژ لەلای شەرع زانەکان بریتییە لە (چەند کردەوەو وتەیەك کە سەرەتای دەست پێ کردنیان بە "الله أکبر"ە کۆتایشی بە "سەلام" دانەوەیە) ئەمـە لەڕووی شەرعەوە، بەڵام لەڕوانگەی مەعنەوی کە سەیری ئەکەین چەندین شتی دەروونی لەنێویدا ڕەچاو دەکرێت، چونکە نوێژ لەلایەن زمانزانانەوە بەواتای پاڕانەوە دێت (واتـە درکاندنی ڕازو نیاز لەلایەن خۆشەویست ترین کەس کە خودایە) ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە کاتێك کە بەرامبەر خودا ڕووەو قیبلە وەستاین دەزانی مەبەست لەو وەسـتانە چییەو بۆچی ئەو جۆرە خواپەرستیە بەو شێوەیە ئاوا پێویـست کـراوە باتۆزێـك وردتـر بڕوانین‌و سەرنج بدەین‌و گوێ بۆ ئەو گفتوگۆیە بگرین لـەدوای دابەسـتنی نوێـژ هەسـت دەکەین کە هیچ پشت‌و پەنا جگە لەو خودایە نییە هیچ هێزو توانا لەژێر دەستی بەندەی بێ دەسەڵاتدا نییە تەنانەت مردن‌و ژیانی ئـەم بەندەیـەش لەبـەردەم دەسـەڵاتی خـودا هەست بەبچووکی خۆیدەکات بەرامبەرەکەی بەگەورە دەزانێت هەست دەکات کە جگـە لەو هیچ دڵسۆزێکی تری نییە لەبەرچی چونکە ئەو دروستکەری ئەو بەندەیە هـەر ئـەو دەیژێنی‌و هەر ئەو دەیمرێنێ، بۆیە خودا ڕوو لەبەندەکـەی دەکـات‌و پێـی دەڵێـت: بـەم

شێوازە ڕازو نیازی خۆت بدرکێنە ئایە درکاندنی ئەم هەموو ڕازو نیازە مایەی چارەسەری نەخۆشی دەروونی نییە؟ ئایە هەمووی ڕێگە چارە نییە بۆ بنبڕکردنی گرفتە دەروونییەکان وێڕای ئەمە کاتەکانی نوێژ کە دیاری کراون بۆ نوێژ تێدا خوێندن هەر هەمووی ئاماژەنین بۆ درکاندنی ئەو شتانەی کە لەنێو ناخی مرۆڤدا خۆیان حەشارداوە کەوایە کاتە دیاری کراوەکانی نوێژ بەهەر پێنج کاتەکانەوە بەرەچاو کردنی لایەنی دەروونی پێویستە لانی کەم مرۆڤ لەشەوو ڕۆژێکدا پێنج جار گوێی بۆ بگیرێت چ لەلایەن کەسێکی خۆشەویستی خۆی چ لەلایەن هەر کەسێك بێت کە خۆی باوەڕو متمانەی پێی هەبێت ئەی ئەگەر دروستکەری خۆی گوێی بۆ بگرێت کە بەخۆشەویسترین کەس بۆ بەندەکانی هەژمار دەکرێت واتای ئەوە ناگەیەنێت کە درکاندنی ڕازو نیاز بۆ خۆشەویستان ئەبێتە مایەی نەهێشتنی نەخۆشییە دەرونییەکان ئەمەش بۆ خۆ خاڵی کردنەوە لەو شتانەی کە بەهۆی گرفتی ڕۆژانە بەسەر دڵیاندا دێت.

# ئافرەت
# لەیاریگای بێگانەدا

لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا کێشەی ئافرەتو مافو پێویستییەکانیو کاروباری سەرشانی مشتومڕێکی زۆریان لەبارەیەوە دەکرێتو زانا ماددیو ڕامیاریو پسپۆڕانی ئابووریو ژنانو ئافرەتان بەدەوری ئەو بابەتە گوریس پچرکێنەو دەمەقاڵەی زۆری لەسەر دەکەن، هەر یەکێ بەجۆرێ پەیڕەو پرۆگرام بۆ ئافرەتان دائەنێت زۆربەی یاریدەدەرانی ئازادی ئافرەتو مافەکانی هیچ شتێ ناکەن، جگە لەهاندانی ئافرەت نەبێ بەرەو ڕێگای ئارەزووە جەستەیەکانو ڕووخاندنی ژیانە مەعنەویو رۆحیەکەی، چونکە هەموو ئەو پێشنیارانەی ئەمڕۆ یاریدەدەرانی ئافرەت پێشکەشیان دەکەن تەنها سوکردنی پایەکەیو داکەناندنی لەچکەی ناموسەکەیو شێواندنی سروشتەکەی لێدەکەوێتەوە. گرنگترین شتیش لای ئافرەت گەڕەکە ڕێز لەسروشتو فیترەتەکەی بگیرێو لەنێو چوارچێوەکەیدا بمێنێتەوە بۆیە بۆ تێکدانی سروشتی ئافرەتو نانەوەی ئاشوبو هێنانەدی مەبەستەکانیان بۆ تێکدانو کاولکردنی شیرازەی خێزان چەندین ڕێکخراوی نهێنیو پەنهان هەن لەپێناوی لەرێ دەرکردنو تێکدانی ڕەوشتی لاوانو ژیانی ناوخێزانو بەهەشتە بچوكو دنیا خنجیلانەکەی هەوڵ دەدەنو بەگەرمی تێدەکۆشن ڕێی ئارەزوو بازیان بۆ ئاسان دەکەنو بەوپێیە بەرەو خراپکاریو هەرزەیی دەیان دەنەبەر تاکو کۆمەڵی موسڵمانان لێك بترازێننو لەم ڕێیەوە زیان بەئاینی ئیسلام بگەیەنن.

زۆركەس بەسەرشانی ئافرەتاندا بازیـان داوەو بـە ئـاواتی خۆیـان گەیـشتوونە لـەم ڕۆژگارەدا ئافرەت لەكوردستانی ئێمەدا بۆتە تۆپی دەسـتی عەلمانیـەكانی ڕۆژهـەڵاتو ڕۆژئاوا بەهەوەسی خۆیان یاری پێ دەكەن، بەم جۆرە مەسەلەی ئافرەت یاری پێ دەكرێت لەلایەن ئەوانەی ئافرەت بۆ ئارەزووە ناڕەواكـانی خۆیـان وەك كاڵایـەك بـەكاردێنن بـۆ مەبەستی گڵاوی خۆشیان ئافرەت دەكەن بەوەسیلەو هێرشی ناڕەوایانەی پێ دەبەنە سەر ڕێڕەوی ئیسلامو بەپێشێلكردنی مافی ئافرەتی تاوانبار دەكـەنو گوایـە ئـاینی پـیرۆزی ئیسلام چاوپۆشی لەمەسەلەكانی ئافرەتان دەكاتو هانیان دەدەن كە لەئیسلام پاشـگەز ببنەوە، جا بۆ ئەم مەبەستە سەرو سیماو لەشی ئافرەت دەكەنە كەرستەیەك بۆ دژایەتی ئیسلام هەر بۆیـە ئـافرەت وەكـو كەلوپـەلێكی شـەهوەتو ڕابـواردنو كەرسـتەییەكی ڕاگەیاندنو ڕیكلام بەكاری دەیەنن هەر ئافرەتانیش خۆیان تێیدا دۆڕاو بوونە.

# پەتای دەروون لەدەروازەی چارەسەریدا

خودا لەسەر زمانی پێغەمبەر ئەیوبدا دەفەرمووێت: ﴿وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ ﴾ الأنبياء: ٨٣، واتە: یادی (ئەیوب)یش بکە کاتێك هاناو هاواری بۆ پەروەردگاری برد (دوای ئەوەی ماوەیەکی دوورو درێژ نەخۆش کەوتبوو، جگە لەوە پێشتریش ماڵو سامانو منداڵەکانی تیاچووبون) وتی: ئەی پەروەردگارا بەڕاستی من ئازارو ناخۆشیم تووش بووە، تۆش لەهەموو کەس میهرەبانترو لە هەموو کەس دلۆڤانتری لەبەرامبەر ئەو زامە ئاشکراو ڕواڵەتیانەی حەزرەتی ئەییوبەوە (درودی خوای لەسەربێت) ئێمە چەندین نەخۆشی دەروونیو ئازارو زاممان هەیە کە لەناو ڕۆحو دڵماندا جێگیر بوون نەخۆشیەکانمان بەجۆرێکی وایە کە ئەگەر دیوی ناوەوەمان هەڵبگێرینە دەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت کەزۆر زیاتر لەحەزرەتی ئەیوب زامدارو نەخۆشترین، چونکە ئەو گوناهانەی دەیانکەینو ئەو شوبهەو گومانانەی خۆیان دەگەیەننە مێشکمان چەند زامێکی قوڵو خوێناوی لەدڵو ڕۆحماندا دروست دەکەن کەوابوو ئێمە زۆر پێویستداری موناجاتەکەی ئەو پێغەمبەرەین بەدەیان جار لەو زیاتر دەربارەی چارەسەرکردنی گرفتە دەروونییەکانو شیفا بەخشینی لەلایەن پەروەردگاریەوە دەفەرمووێت: ﴿وَالَّذِي هُوَ يُطْعِمُنِي وَيَسْقِينِ ۞ وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ﴾ الشعراء: ٧٩-٨٠، واتە: ئیبراهیم بەبت پەرستانی وت: هەر ئەویشە خواردەمەنیم پێدەداتو ئاویشم دەفریا دەخا ئەگەر تووشی نەساغیشبم هەر خۆی چاکم دەکاتەوە پێغەمبەر محمد درودی خودای لەسەربێت دەفەرمووێت هیچ کەس نەتووشی خەمۆکیو نەتووشی دڵتەنگی دەبێت ئەگەر بڵێت پەروەردگارم من بەندەی تۆم کوڕی بەندەی تۆم، کوڕی ئومەتی تۆم نێوچەوانی من لەژێر دەستی تۆدایە بڕیاری تۆم بۆ دراوە، دادپەروەری لەئەنجامدانی بڕیاردا، داوات لێ دەکەم

بەهەر ناوێك بۆ خۆت داتنـاون یـان لـەكیتابی خـۆت داتبەزانـدون یـان فێـری هـەر چ كەسێكت كردوون لەدروستكراوەكانت یان لەزانستی پەنهانت لەلایەن خۆتـەوە داتنـاون ئەم قورئانە بیكەیتە زیندووبوونەوەی دڵەكانمان بیكەیتە مێرگی بەهاری دڵمان بیكەیتە ڕوناكی سینەمان بیكەیتە مایەی نەهێشتنی دڵتەنگیم بیكەیتە مایەی ڕەوینەوەی خەمو پەژارەم خودای گەورە خەمو پەژارەو دڵتەنگی لێ دەڕەوێنێتەوەو فەرەحنایی بۆ دێنێـت. رواه الحاكم١/٥٠٩، وأحمد١/٣٩١. ئەم نزاو پاڕانەوە بۆ ئەو كەسانەیە كە گرفتار بوونـە بەنەخۆشییە دەروونییەكانو ڕوحو ویـژدانیان لەبەردەمیـدا ئەتلێتـەوە دیـارە نەخۆشـی هەژاری نیشانی ئەو كەسە دەدات كـە گرفتـار بـووە بەنەخۆشـیەكەو ویـژدانی ئـازاری دەداتو پێیـدەڵێت: تـۆ بێتوانـاو دەستەوسـانیت پێویـستیت بەپزیـشكێك هەیـە كـە لەسەرووی هەموو پزیشكەكانە ئەویش پەروەردگارتە بۆیە خۆی ئەو ڕاستیە لەپەرتووكی بەپیێزدا دەخاتە ڕوو و دەفەرمووێت: ﴿أَمَّن يُجِيبُ الْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَـاهُ وَيَكْـشِفُ الـسُّوءَ﴾ النمل: ٦٢، واتە: ئایا كێیە جگە لەزاتی پەروەردگار كە بێت بەهاناو هاواری لێقەوماوو بێ دەرەتانو بێ دالّدە، كاتێك نزا دەكاتو لێی دەپاڕێتەوە؟ ئەوسا بەڵاو ناخۆشـییەكان لادەبات بۆچی كەسی گرفتار بەنەخۆشییە ڕوحیو دەروونییـەكان لەهـەموو دەرگایـەك دەدەن كەچی دەرگای ئەو كەسە لەیاد دەكەن كە شەرم لەبەندەكەی دەكات كاتێك لێـی دەپاڕێتەوە بەدەست بەتاڵی بیگێڕێتەوە.

خواناس (السري السبطي) دەڵێت: وەكو منداڵ بن كاتێك ئارەزوو بۆ شتێك دەكـات داوا لە دایكو باوكی دەكات بۆی بەجێ ناگەیـەنن دادەنیـشێتو دەگرییـت تـاكو بـۆی جێبەجێ ئەكرێت، ئێوەش وەكو ئـەو منداڵـە بـن ئەگـەر داواتـان لەپـەروەردگار كـرد داواكاریەكەی بەجێ نەگەیاندن دابنیشنو بگرییێن.

دیل كارنگی زانای بەناوبانگی دەروونناسی ئەمریكی دەڵێت: گەورەترین ڕاستی ئەوەیە كە بڕوابوون بەمەزهەب ئارامیو خۆڕاگریو جوانی بەمرۆڤ دەبەخشێتو ئەمەش یەكەمین هەنگاوە بۆ زاڵ بوون بەسەر نیگەرانیدا دواتر دەڵێت پشت بەستن بەخوداو پاڕانەوە سێ بنەمای دەرون ناسی لەمرۆڤدا زیندوو دەكاتەوە كە چ دیندارو خواناسێك هەیە پێویستی پێ نەبێت؟:-

١- نزاو پاڕانەوە یارمەتی ئێمە دەدات تا ئەو ناڕەحەتیو ئاستەنگانەی كە هەمانە بهێنینە سەر زمان، ئەمەش دەبێتە هۆی ناسینی كێشەو ئاستەنگەكانمان.

٢- بەهۆی پاڕانەوەوە هەست دەكەین شەریكێكمان بۆ خەمو پەژارەی خۆمان دۆزیوەتەوەو بەتەنهانین زۆر كەمن كەسانێك كە بتوانن بەتەنهایی شان بدەنە ژێر باری كێشەو ئاستەنگەكانیان هەندێ كات نیگەرانی بەهۆی بابەتێكەوە سەرچاوە دەگرێت كە باشترین دۆستانو یارانی خۆمان توانای چارەسەر كردنیان نییە لێرەدایە كەڕوو لەخوای گەورە دەكەین كە خۆشەویسترینو لەپێشترین یارو یاوەری ئێمەیە كاتێك كەسێك نادۆزینەوە بۆ ئەوەی دەردی دڵی خۆمانی لاباس بكەین -بیسەری هەمیشەیی- خوای گەورەیە كە ئامادەی بیستنی دەردە دڵیەكانی ئێمەیە.

٣- نزاو پاڕانەوە مرۆڤ وادار دەكات بۆ كاركردنو هەوڵدان، یەكەمین هەنگاوی ڕووبەكاركردنە كاتێ خواستو مەبەست بۆ خوای گەورە وترا ئەوە یەكەمین هەنگاوت ڕوو بە ئەو هەڵگرتووە.

دكتۆر الكسیس دەڵێت: پاڕانەوە گەورەترین توانایە كە مرۆڤ توانای دروستكردنی نییە كەوایە بۆچی لەو توانایە بەهرەمەند نەبین؟ ناوی ئەم توانایە هەرچیەك بێت خودایە "الله" یان سروشت. بۆچی هەر ئێستا ناچیتە ژوورەكەی خۆتەوەو لەبەردەم بارەگای

خودادا چۆك دادادەیتو ناکەویتە ڕازو نیاز کردن لەگەڵیدا؟ جگە لەخودا دڵسۆزێك نییە کە گوێ بۆ گرفتەکەتان ڕادێرێ.

مەترسن خودا ڕازو نهێنییەکانتان بۆ هیچ کەسێك ئاشکرا ناکات. بۆیە ئێستا بەشێوەیەکی گشتی خەڵك هەست بەبێزاریەکی گەلێك زۆر دەکەن بەهەموو چینو توێژێکەوە پیرو گەنجو کوڕو کچ بەوردو درشتەوە.

## هۆکارەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان:

هۆکارەکانی نەخۆشییە دەروونییەکانو دڵتەنگی گەلێك زۆرن، بەڵام ئێمە بەپوختی هەندێکیان باسدەکەین:-

١- پابەند نەبوون بەو شتانەی خودا پێویستی کردوون لەسەر بەندەکانی وەکو بەجێگەیاندنی نوێژو ڕۆژوو حەجو... هتد.

٢- ئەنجامدانی تاوان وەکو دابەزینی خوو ڕەوشتی تاکەکەسی لەوێنەی بەرجەستەبوونی زیناو مەی خواردنەوەو تێکەڵاوبوون لەگەڵ شوێنە داڕوخێنەرە مادیەکانو... هتد.

٣- بەکارهێنانی ئامێرەکان وەك ئەنتەرنێت، سەتەلایەت، کۆمپیوتەر، مۆبایل... هتد بۆ شتی نابەجێ.

٤- گوێ بۆ گۆرانیو مۆسیقا گرتن هەروەکو لەکەناڵەکاندا هیچ شتێك وەکو گۆرانی گوتنو هەڵپەرکێ کردن بایەخی پێنادرێتو لەچاوو گوێی بینەرو بیسەر جگە لەمانە هیچی تر بەدی ناکرێت ئەمەش جێگەی نیگەرانی زۆربەی خەڵکە، چونکە لەجیاتی پێشکەش کردنی بەرنامەی بەپێز وەکو پەروەردەو پێگەیاندنو چەندین بەرنامەی دیکە کە خەڵك بۆی عەوداڵە بۆ ئەم مەبەستە دەبێت کەناڵە ئاسمانییەکان بەگرنگی

سەیر بکرێنو ببنە جێگەی بایەخ، چونکە موڵکی هەموو ئەو کەسانەیە کە بینەرو بیسەرنو دەخزێتە نێو هەمووماڵێك ئەی ئەگەر بەگرنگی لێی نەڕوانرێت وەك بۆمبایەك بەنێو گەنجو لاوەکانو تەواوی خەڵکیدا ناتەقێتەوە؟. بۆیە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەباشی چاودێری ڕاگەیاندنەکان ناکرێت لەبڕی پێشکەوتن لەڕووی زانستو زانیاریەوە گەنجو لاوەکان بەدەنگی گۆرانی ئەو گۆرانیبێژانە بەنج دەکرێنو ئۆقرەو ئارامیان لەناخدا هەڵگیراوە بۆیە ئەمانە کەمترنین لەو کەسانەی خۆیان وەکو بۆمبایەك بەنێو خەڵکی هەژاردا ئەتەقێنەوە.

٥- گوێ نەدانە قورئان خوێندن ئەمەش بەیەکەمین هۆکاری دڵتەنگی دادەنرێت، چونکە کەلامی خواوەند وەکو ئاگر وایە بۆ پۆڵا چۆن ئاگر پۆڵا لەژەنگو چڵکنی پاك دەکاتەوە بەهەمان شێوە قورئانی پیرۆز ناخی ئادەمیزاد لەژەنگو دڵەڕاوکێو قەلەقی پاك دەکاتەوە.

٦- هامووشۆکردنی دۆستی خراپ.

٧- دورکەوتنەوە لەماڵی خواو نەچون بۆ مزگەوت.

٨- مانەوە لەبازاڕو ڕوانینی ئافرەتو سەیرکردنی ئەو کەناڵانەی کە مرۆڤ وەك کاڵایەك بازرگانی پێدەکرێت، کە هیچ بەهای مرۆڤایەتی بۆی ناهێڵدرێتەوە، بەڵکو وەکو گیانلەبەرێکی بێ بەهاو قێزەون لەچاوی خۆرئاوادا نمایش دەکرێت بەژنو پیاوەوە.

٩- کات بەفیڕۆدان ئەمەش دەبێتە مایەی تووشبوون بەخەمۆکی، چونکە ئەگەر ئینسان سەرقاڵی کارێك بوو بواری ئەوەی نامێنێت بیر لەجەستەو دەروونی خۆی بکاتەوە.

١٠- نەپاڕانەوە لەبەردەم قاپی دەرگانەی پەروەردگاردا، چونکە پاڕانەوە دەبێتە مایەی هەڵڕشتنی ئەو ڕازو نیازەی کە لەنێو سینەدا گری گرتووەو وەك ئاگر کڵپەی دێت ئەگەر لەڕێگای دەربڕینیەوە بەهۆی پاڕانەوەو بەتاڵ کردنی ئەو پۆڵە ئاگرە لەنێو

ناخدا ئەنجام نەدرێت دواتر بەنێو تەواوی دەروونیدا وەکو بورکان گیانی دەهەژێنێت‌و لەنێوی دەبات.

## بۆچی ئەم هۆکارانە کاریگەری بەهێزن بۆ دروستکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان؟

چونکە مرۆڤ لەڕووی پێکهاتەوە لەدووشت پێکهاتووە:

١ـ جەستە.

٢ـ ڕۆح.

١ـ جەستە لەخاك دروست بوەوەو بەخاك دەژیت.

٢ـ ڕۆح لەئاسمانەوە هاتوەوەو بەئاسمان ئەژیت واتە زەوی بۆ جەستە زەخیرەیە بەهەمان شێوەش ئاین بۆ ڕۆح مایەی خۆراگری‌و زیندو بوونیەتی، چونکە ڕۆح لەڕێگەی ئاین نەبێت ناتوانرێت تێر بکرێت دیارە قورئانی پیرۆز باشترین ڕێبازە بۆ ئەوەی ڕێنمایی ئەم ڕۆحە ئالۆزە بکات پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّ هَـذَا الْقُرْآنَ يِهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْـوَمُ﴾ الإسراء: ٩، واتە: بەڕاستی ئەم قورئانە هیدایەت بەخشە بۆ چاکترین ڕێگەو ڕێبازو بەرنامە.

هەروەها دەفەرمووێت ﴿كِتَابٌ أُنزِلَ إِلَيْكَ فَلاَ يَكُن فِي صَدْرِكَ حَرَجٌ مِّنْهُ لِتُنذِرَ بِهِ وَذِكْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ الأعراف: ٢، واتە: ئەم کتێبە کتێبێکە بۆت نێرراوەتە خوار کە هەم خۆت هیدایەتی پێ وەربگری‌و هەم خەڵکی پێ هیدایەت بدەی، بەبەرەکەت‌و بەپێز ناوی دەبات‌و دەفەرمووێت ﴿وَهَـذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ فَاتَّبِعُوهُ وَاتَّقُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾

الأنعام: ١٥٥، واتە: ئەم قورئانە کتێبێکی پیرۆزە دامانبەزاند (بۆ سەرجەم خەڵکی لەهەموو کاتو شوێنێکدا) دەئێوەش شوێنی بکەونو خۆتان لەیاخیبوون دوور بگرن، بۆ ئەوەی ڕەحمتان پێ بکرێت. بەڕێنمونی بەخش ناوی دەباتو دەفەرموێت ﴿شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِيَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ﴾ البقرة: ١٨٥، واتە: مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیە کە قورئانی تیادا هاتۆتە خوارەوە، لەکاتێکدا ئەم قورئانە ڕێنموونی بەخشە بەخەڵکیو بەڵگەی زۆری تیادایە لەڕێنموونیو جیاکردنەوەی ڕاستو ناڕاستو حەقو ناحەق بەهیدایەتو ڕێنمونیو شیفابەخش نێوی بردوە دەفەرمووێت: ﴿قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ آمَنُوا هُدًى وَشِفَاء﴾ فصلت: ٤٤، واتە: ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ: ئەم قورئانە بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە هیدایەتو ڕێنموونیو شیفایەو چارەسەری هەموو دەردو نەخۆشییەکان دەکات، چارەسەرە بۆ نەخۆشییە دەروونیو جەستەیەکان وەك دەفەرمووێت: ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاء وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلاَ يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إَلاَّ خَسَاراً﴾ الإسراء: ٨٢، واتە: ئێمە لەقورئان ئایەتو سورەتانێك دادەبەزێنین، کە ببێتە هۆی شیفاو چارەسەر بۆ نەخۆشییە دەروونیو جەستەیەکان، ڕەحمەتو میهرەبانە بۆ ئیمانداران بۆ ستەمکارو خوا نەناسان تەنها زیاد کردنی زەرەرو زیان نەبێت چیدیکە نییە هیچ بەهرەو سودێکی لێ بەدی ناکەن.

# قورئان لەدونیای ساتدا

خواپەرستی جیا لەوەی وەرزشێکی جەستەیە تامو چێژی بێ سنووریشی هەیە کە بابای خوا پەرست لەمیانەی ئەنجامدانیدا هەست بەئاسودەییەکی ڕۆحی دەکات، چونکە هەمیشە بەدرێژایی مێژوو ئادەمیزاد لەکۆنو ئێستادا بەدوای شت گەلێك کەوتوون کە لەڕوانگەی دەروونییەوە پێیەوە ئاسودە بن، بۆیە بەدرێژایی ژیان بەدوای ئەو شتانەدا گەڕاوون کە ببێتە مایەی تێربونی بەشە ڕۆحیەکەیان تەنانەت هەندێ جار ئامادە بوونە بۆ هێنانەدی ئەو حەزو خولیایەیان گیانی خۆیان لەپێناویدا ببەخشن، ئەمەش شتێکی نائاسایی نییە، چونکە هەرکەسێك تووشی ئەو فەراغە دەروونییە بوو هیچ تامو چێژ لەم ژیانەدا ناکات، بۆیە ئاینی خوداوەند لەهەموو کاتو ساتێکدا شاگردانێکی هەر هەبوونەو دەبن بۆ خۆبەختکردنیان لەپێناویدا. لەبەرچی؟ چونکە ئەوەندەی ئاینە ئاسمانییەکان گرنگی بەو بەشە مرۆیە ئەدەن هیچ شتێك ئەوەندە گرنگی پێ نادات، چونکە تەکنەلۆجیای گەلانی دێرینو ئێستا جگە لەتێر کردنی جەستەو ئەندامەکانی توانای تێرکردنی بەشەکانی تری مرۆڤایەتیان نەبووە، بەڵام ئاینەکان جگە لەتێرکردنی جەستەیی لایەنی ڕۆحیشیان پشتگوێ نەخستووە بەپێی داخوازی تەواوی پێداویستی ئەو بەشە گرنگە خۆراکی خۆی پێ داوە، ئەمەش شتێکی چاوەڕوان کراوە لەپەیامێك کە خۆی ببێت بەرپێپیشاندەر بۆ بەختەوەر کردنی مرۆڤایەتی هەر بۆ تواندنەوەی ڕۆحو ئاین لەنێو یەکتردا لەدابەزینی پەیامەکانی پەروەردگاردا زۆر بەوردی چ لەڕووی وشە چ لەڕووی واتاکەیدا چۆن ناخی مرۆڤ ئارەزوویەتی ئاوا گوزارشت لەناخی دەکات تەنانەت ئەگەر خۆت بەکەسێکی تر وێنا بکەی کە ئەو پەیامەی ئاراستە بکەی هەر ئەو شتانەت

بەبیردا دێن کە پەروەردگار دیاریان دەکاتو ئاراستەیان دەکات ئەمەش گرنگی ئەو پەیامە نیشان ئەدات کە بۆ هەموو کاتو ساتێك یەك گوزارشت بێت کەچی مرۆڤایەتی لەدێرین زەمانەوە تاکۆتایی چەندین گۆڕانکاری ڕووی لێ کردوون، بەڵام گوفتارەکانی خوا بۆ ئەوکاتو گشت ساتەکان هەمان گوفتارن کە ڕووی گفتوگۆیان بۆ ئەو مرۆڤانەی پێشترو ئێستاشو ئەوانەی داهاتووش هەمان ئەو بڕگەو بابەتانەن کە ئاراستەی ئەوان کراون خۆ ئەگەر ئەو پەرتووکە هی ئەو کەسە بالاّ دەستە نەبوایە لە ڕۆژگارێك بەجێ ئەماو لەڕۆژگارێکی تر پێش ئەکەوت بۆ کەسانێك مایەی سەرفرازی دەبوو بۆ کەسانێکی تر مایەی بەدبەختی، بەڵام بەرچاوکردنی گشت چینو توێژێكو هەموو بارودۆخێك بە نەگۆڕی ئەو وشەو دەربڕینانەی کە چەندین ساڵە ڕەوانەکراون بۆ پەیامبەرەکەی هەمووی نیشانەی درەوشاوەی گەورەیی پەیامەکە ئەگەیەنێت ئەگینا بەپێی گۆڕینی بارودۆخ ئەبوایە ئەو پەیامە نەك هەر لەژیانی ڕۆژانەدا کاری پێ بکرابایە، بەڵکو هەر بوونی نەمابوایە، چونکە قسەو گوفتاری هەر کەسێك کە باوی هەبووە کارکردنو کاریگەری بۆ کاتێکی کورتو بڕاوە بووەو کۆتایی پێ هاتووەو لەبیر کراوە بۆچی؟ چونکە بەرهەمی مێشکی ئادەمیزادو کەلەپوورەکەیەتی کەواتە لەگەڵ مردنو لەنێوچوونی خۆیدا بۆچوونەکانیشی ئەمرنو لەنێو دەچن، بەڵام ئەو کەسەی نامرێتو زیندوو دەمێنێتەوە گوفتارە شیرینەکانیشی بەزیندوویی ئەمێننەوە ئەمە لەبەرچی؟ چونکە خواوەند زەمانە بەسەریدا گوزەر ناکات تاکو گوفتارو پەیامەکەی کاریگەری زەمانیان بەسەرەوە بێت بەپێچەوانەی ئادەمیزاد کە لەژێر کاریگەری زەمان گوفتارەکانیشی تووشی هەمان دەرد دەبن کە خۆی پێیەوە گرفتار بووە چەندین بیرمەندو فەیلەسوف لەکۆنو ئێستادا هەبوون مەگەر مێژوو لەیادی نەچوونو تۆماری کردبن ئەگینا لەفەرهەنگی ئێمەدا هەر بوونیشیان نییە، بەڵام کەلامی پەروەردگار بۆ هەر

كات‌و ساتێك خوێندنەوەی بۆ ئەكرێت‌و چەندین نوسخەی لێ كۆپی دەكرێت لەزۆربەی وڵاتانی دونیادا وێڕای خوێندنەوەو گوتنەوەی ئەو پەرتووكە لەسەر زوبانی هەزاران شاگردو دۆستی كە ڕۆژانە خەریكی لەبەركردن‌و گرنگی پێدان‌و جێبەجێ كردنی بڕیارەكان‌و خۆپاراستن لەقەدەغە كراوەكانی لەهەموو ڕوانگەیەكیەوە ئەمە هەمووی ئەوە ئەگەیەنێت كە كەلامی خودایەو لەلایەن خۆیەوە وەك خەڵاتێك بۆ پێغەمبەرەكەی‌و ئومەتەكەی ڕەوانە كراوە تاڕۆژی دوایش پارێزراوە لەهەر گۆڕانكاریەك كە لەلایەن كەسانی نەیاری پەرتووكە ئاسمانییەكانی تر پێیەوە گیرۆدە بوون ئەمەش بۆ خۆی ڕەمزێكی دەستەو سانكەرە بۆ هەر كەسێك كە بەچاوی نەیاری لەو پەرتووكە بڕوانێت بۆ شێواندن‌و تێكدانی لەو مەبەستەی كە بۆی ڕەوانە كراوە كە بریتیە لەچاكسازی‌و پاكسازی‌و ژیانێكی ئاسودەو بەختەوەر بۆ هەر كەسێك كە ئەوین‌و عیشقی ئەو وتە پڕشنگدارانە بێت.

# لۆژیك لە نمونەكانی قورئاندا

زۆرێك لەنمونەكانی قورئانی پیرۆز ئەگەر بەشێوەیەكی ڕواڵەتی سەرنج بدرێن بوونی ئەو مەبەستە نایەتەدی كە بۆی ڕەوانە كراوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە ناوەڕۆكی ئەو نمونانە واتاو مەبەستی خۆیان لەدەست داوە كە بۆ ئامانجێكی فیكریو سیاسیو كۆمەڵایەتی هەڵدراون، بەڵكو ئەو كەسەی كە بەچاوێكی بچوك سەیری شتی بچوك ئەكات ئەو شتەی هەر بەبچوكی دێتە بەرچاو، تەنانەت هەندێك جار لەبەر ڕوانینی هەڵە نكوڵی ئەوە ئەكات كە شتەكە بوونی هەبێت، هەروەك شەمشەمەكوێرە ڕۆژ نابینێت ئەگەر ڕۆژ نابینێت مانای ئەوەنییە كە ڕۆژ بۆ خۆی بوونی نییە، بەڵكو لەبەرئەوەیە كە بۆ خۆی چاوی نییە، دیارە نەبینینی ڕۆژ خەتا لەبوونی ڕۆژەكەدا نییە، بەڵكو خەتا لەباڵندەكەیە هەر بەو ڕوانینە ئەگەر سەیری ئەو نمونانە بكەین كە لەقورئاندا بۆ مەبەستی فیكریو سیاسیو كۆمەڵایەتیو... هتد.

چەندین شتی تر هاتونەتەوە بەدیدگای هەندێك خەڵكی ئەو ڕۆژگارە ئەوە ئەگەیەنێت كە قورئان بەشێوەیەكی سادە باس لەشتەكان ئەكات بۆیە خواوەند ئەفەرمووێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ لاَ يَسْتَحْيِي أَن يَضْرِبَ مَثَلاً مَّا بَعُوضَةً فَمَا فَوْقَهَا﴾ البقرة: ٢٦، واتە: بەڕاستی خوا باكی نییەو نەنگ نییە بەلایەوە هەر نمونەیەك بهێنێتەوە بەمێشولەیەك لەویش بچوكتربێت یان گەورەتر دواتر پۆلینیان ئەكات ئەفەرمووێت: ﴿فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُواْ فَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ وَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُواْ فَيَقُولُونَ مَاذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهَـذَا مَثَلاً يُضِلُّ بِهِ كَثِيراً وَيَهْدِي بِهِ كَثِيراً وَمَا يُضِلُّ بِهِ إِلاَّ الْفَاسِقِينَ﴾ البقرة: ٢٦، واتە: جا ئەوانەی ئیمانو باوەڕیان هێناوە ئەوە چاك دەزانن ئەم نمونەیە ڕاستەو لەلایەن پەروەردگارتانەوەیە، ئەوانەش كافرو بێباوەڕن دەڵێن: خوا مەبەستی چی بوو لەم نمونەیەدا؟ خوای گەورەش

دەفەرمووێت: (زۆرێکی پێ گومڕا دەکاتو زۆرێکی تریشی پێ هیدایەتو ڕێنمایی دەکات، بەڵام دیارە جگە لەلارو وێرو یاخیو تاوانباران کەسی تر گومڕا ناکات).. بۆ نمونە خوا کە باسی مانگا دەکات لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەهۆی بەرەو پێشچونیەتی شارستانیەتو پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بەشێوەیەك کە ڕەورەوەی پێشکەوتن ناتوانرێت پێشی لێ بگیردرێت، تەنانەت ئەو کەسانەی کە پێشەنگی پێشکەوتن بوونە لەو پێشکەوتنەدا بەجێ ماون. بۆیە کار بەوە گەیشتووە کە باسکردنی گیانلەبەرێکی وەکو مانگا لەپەرتوکی خودا ئەو واتایە لەدەست دەدات لەئێستادا بەهۆی پێشوەچوونی ژیانو گۆڕانی سەردەم کە پێشتر هەیبوو لەلایەن گەلانی ڕابردوو، تاکار بەوە گەیشتووە لەبەر تێرامان بەچاوێکی بچوكو بیرکردنەوەیەکی تەسك بەنمونە گەلێکی وا بڕوانرێ ئەو مەبەستە بەدی نەکرێت کە خۆی لەسەرەتادا بۆی هێنراوە، بێ ئاگا لەوەی کە خوا لەهێنانەوەی ئەو جۆرە نمونانە داچەندین مەبەستی پەنهانی هەیەو مرۆڤایەتی توانای هەزم کردنیان نییە، بۆیە پەروەردگار ئەوەندە گرنگی بەباسکردنی ئەو مانگایە ئەدات بەگوێرەی گرنگی خۆی قەبارەی گەورەیی بۆ دیاری دەکات، تەنانەت گەورەترین سوڕەتی لەقورئاندا بەنێو ئەکات، ئایە ئەو شتە نادیارانەی کە لەنێو ئەو نمونانە خۆیان حەشار داوە ئەبێ گەلێك لەخودی گەورەیی سوڕەتەکە گرنگتر نەبێت؟ بێگومان گەلێك لەوە گەورەترن کە لەهزری ئادەمیزادا جێگایان ببێتەوە، ئەمەش لەبەر گەورەیی باسکردنی نمونەکانو بچوکی هزری بەشەریەتە کە ناتوانێت وەکو پێویست لەوردە ماناکانیان بگات، هەڵبەتە گەلی ئیسرائیل کاتێك سودو قازانجیان لەهەر شتێك بینیبێ ئەو شتەیان بەپیرۆز ئەزانی، چونکە مانگا بەنەزەری ئەوان شتێکی سودمەندبوو، بۆیە بەخودایان ئەزانیو ئەیانپەرست، چونکە هەرشتێك بەروبوومی هەبوو ئەوان وەك خوا لەنێو خۆیاندا دەیانناساندو ئەیانپەرست ئەو بەپیرۆز کردنەی ئەوان بۆ ئەو شتە بەروبوومدارانە بوو

بەدیاردە، ئەمە لەڕووی فیکری شتێکی گەلێك ستەم بوو ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بگۆڕێت هەر بۆیە تەقدیس کردنی ئەو مانگایە کە خوا لەقورئاندا باسی کردووە، ئەوەندە لەلایەن گەلی ئیسرائیل پیرۆز بوو ببووە بەشێك لە بیرکردنەوەیانو کولتوورو دابونەریت، گۆڕینی فیکرو کولتوریش شتێکی سادە نییە، بۆیە خودا ویستی وابوو جگە لە کوشتنەوەی ئەو مانگایە کە چارەسەری کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات، لەهەمان کاتیشدا پوچکردنەوەی ئەو باوەڕە بوو کە بریتی بوو لەبەخوا دانانی ئەو مانگایە، کە ببووە بەشێك لەبیرکردنەوەیانو وەك بنەمایەکی فکری لێیان دەڕوانی ئەمە جگە لەو نهێنیانە، بنبڕکردنی ئەو فیکرە هەڵەیە بوو بەبێ ئەوەی خودا هەستیان بریندار بکات، بە لەبەرچاوگرتنی بریندار نەکردنی هزریانو پێکانی مەبەستو هێنانەدی ئەو ئامانجەی کە خوا پێغەمبەرەکەی بۆ ڕەوانە کردبوو هاتەدی، چونکە سەربڕینی مانگاکە بریتی بوو لەسەربڕینی ئەو خودایەی کە خەڵکی دەستەو سان بوون لەهزری خۆیان بەدووری خەنەوە بەچەقۆی دەستی پێغەمبەر (موسی) سەلامی خوای لێبێت لەڕەگو پیك هەڵتەکێنرا، بەبێ ڕشتنی خوێنو قەڵاچۆکردنی گەلانو تێکدانو خاپوور کردنی خاكو وڵاتیان لەهەمان کاتیشدا چارەسەری گرفتو سەربڕینی خودای بەدرۆ بوو کە ئەوان ئەیانپەرست، چونکە خوا ئەگەر ویستی لەسەر بوایە ئەیتوانی بەبێ سەربڕینی مانگا چارەسەری ئەو گرفتە بکات، بەڵام بەمۆرکی سیاسی کە بریتی بوو لەگۆڕینی بیرو باوەڕ ئەمەش لەلایەن پەروەردگار گەورەترین سیاسەتێك بوو کە گەلی ئیسرائیل تێیدا دۆڕاو پێغەمبەر (موسی) سەلامی خوای لێ بێت براوە بوو، هەر بەو لێکدانەوەیە ناونانی ئەو سورەتە بەو قەبارە گەورەیە باسکردنە لە بنبڕکردنی هاوبەش پەرستی کە گەورەترین سنوورە قەدەغەکراوەکانی پەروەردگارە.

جا لەکۆتاییدا دەمەوێ پوختەی چیرۆکی مانگاکە بخەمە ڕوو:

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قَتَلْتُمْ نَفْساً فَادَّارَأْتُمْ فِيهَا وَاللّهُ مُخْرِجٌ مَّا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ﴾ البقرة: ٧٢، واتە: بیر بکەنەوە، کاتێك کە یەکێکتان کوشت، هەمووتان لەخۆتان دوور دەخستەوەو ئاژاوەتان بوو، خواش ئاشکرای کرد ئەوەی ئەتان شاردەوە.

لەنێو (بنی اسرائیل)یەکاندا پیاوێکی زۆر بەتەمەن هەبوو کە ناوی (عامیل) بوو و خاوەنی سەروەتو سامانێکی زۆرو زەوەند بوو و تەنها کچێکی هەبوو، زۆر ڕەزیلو ڕژد بوو و سەرقاڵی (ڕیبا) خواردن بوو و کۆمەڵێك برازای هەژاری هەبوون، ئەویش هیچ یارمەتی نەدەدان، یەکێك لەکوڕە براکانی بەناوی (أحيحه) دەستی تێکەڵ کرد لەگەڵ کچە مامەکەی پەیوەندی دڵداری لەگەڵ بەست، پاشان ویستی مارەی بکات، بەڵام (عامیل)ی مامی ئەوەی ڕەتکردەوە، تەنانەت زۆر سوکایەتیشی پێکردو لەماڵی خۆیشی دەرکرد. لەبەرئەوە (أحيحه) زۆر نیگەران بوو و ڕقو قینی بەرامبەر بەمامی لا دروست بوو، هیواخوازبوو ڕۆژێك زووتر مامی بمرێ. بەڵام شەیتان وەس وەسەی بۆ دروست کردو خستیە دڵیەوە کە بیکوژێت! ئینجا دەستی کرد بەداڕشتنی پیلان بۆ کوشتنیو هیچ کەس نەیزانێت.

جا لەشەوێکی تاریکی ئەنگوستاویدا بەرەو ماڵی مامی ڕۆیشت داوای لێکرد کە لەگەڵیدا بچێت بۆ شاری دراوسێیان، چونکە کۆمەڵێك بازرگان لەوێ چاوەڕێیدەکەن، جا لەبەرئەوەی (عامیل) کەسێکی بەتەماعو پول پەرست بوو، ڕازی دەبێتو لەگەڵی دەچێت. کاتێك نزیك دەبنەوە لەشارەکە (أحيحه) مامەکەی دەکوژێتو تەرمەکەی لەبەردەم دەرگای سەرەکی شارەکە فڕێدەدا، چونکە بەپێی یاسای موسا هەر کەسێك بکوژرێت نزیکترین هاوڵاتیانی ئەو شوێنە تاوانبار دەبن بەخوێندانو بەرپرسیار دەبن لە کوشتنی ئەو کەسە.

كە بەیانی داهات شارنشینەكان دەرگای شارەكەیان كردەوە كەچی بینیـان تـەرمێك لەبەردەم دەرگای شارەكەیان فڕێدراوە، لەگـەڵ دیـتنی ئـەم دیمەنـە خەڵكەكـە ترسـانو ڕاچڵەكین، هەواڵەكە بڵاوبوویەوەو هەركەسە لەخۆی دەپرسیو دەیگوت: ئاخۆ دەبێ ئـەو كەسەی ئەم پیاوە پیرو ڕیش سپییەی كوشتووە چەندە بێ ڕەحمو دڵ ڕەق بێت؟!

ئا لەو كاتەدا (أحیحە)ی بكوژ خێرا لەگەڵ براكانی بەرەو شوێنی ڕووداوەكە كەوتنە ڕێو دەگریاو هاواری دەكـرد مـامم بـێ تـاوان كـوژراوە خەڵكەكـەش ئـەو تاوانـەیان ڕەتدەكردەوە، ئەوەبوو ئەم باسە درێژەی كێشا تا گەیشتە ئەوەی خەڵك خۆیـان چـەكدار كردو نزیكبوو شەڕێكی گەورە ڕووبدات، بەڵام پیاوێكی پـیری عـاقڵو ژیـر لەنێویانـدا هەبوو، گوتی: واز لەشەڕ بێننو بڕۆن بۆ لای پێغەمبەری خوا (موسى) با ئەو كێشەتان بۆ چارەسەر بكاتو داوا لەخوای گەورە بكات بكوژەكە ئاشكرا بكات. بەڵام (أحیحە)ی بكوژ بەم پێشنیارە ڕازی نەبوو و گوتی (موسى) هیچ لەم بابەتە نازانێتو ئاگادار نییە، بەڵام دواتر بەهەر جۆرێك بێت هەردوولا ڕازی بوون بچن بۆ لای (موسى). كە چوونە لای ڕووداوەكەیان بۆ باسكردو داوایان لێكرد كە داوا لە خوای گەورە بكـات ئـەم كێـشەیە یەكلایی بكاتەوە. جا پێغەمبەر (موسى) داوایانی جێبەجێ كردو داوای لەخوای گەورە كرد...

خوای گەورەش لەڕێگای وەحیەوە بە (موسى)ی ڕاگەیانـد فـەرمانیان پێبكـات كـە مانگایەك سەر ببڕن. هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تَذْبَحُواْ بَقَرَةً قَالُواْ أَتَتَّخِذُنَا هُزُواً قَالَ أَعُوذُ بِاللّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ﴾ البقرة: ٦٧، واتە: ئەو كاتە وەبیر بێنەوە كە (موسى) بە هۆزەكەی خۆی گوت: بێگومـان خـوا فەرمانتان پێدەدا كە مانگایەك سەر ببڕن.

بەڵام خەڵكەكە سەریان سوڕماو گوتیان: ئەی موسی ئێمە داوای چیمان كردو تۆش چیمان پێدەڵێی -وایان گومان برد كە موسی گاڵتەیان پێدەكات- بۆیە موسی فەرمووی: ئەی گەلەكەم من پێغەمبەری خودام، بۆ لای ئێوە ڕەوانە كراوم، بەهیچ شێوەیەك دروستو جوان نییە بۆ من گاڵتەو مەسخەرەتان پێبكەمو نەفام بم. ئینجا گوتیان: ﴿قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لّنَا مَا هِيَ قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لاَّ فَارِضٌ وَلاَ بِكْرٌ عَوَانٌ بَيْنَ ذَلِكَ فَافْعَلُواْ مَا تُؤْمَرونَ﴾ البقرة: ٦٨، واتە: وتیان داوامان بۆ بكە لە پەروەردگارت پێمان بڵێ ئەو مانگایە كامەیە؟ وتی بێگومان خوا دەفەرموێ: مانگایەك بێ نە زۆر پیرو نە زۆر گەنج، مام ناوەندی بێ لەناوەندی ئەم دوانەدا، زوو بیكەن ئەوەی فەرمانتان پێدراوە. دواتر گوتیان: ﴿قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوْنُهَا قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَاء فَاقِعٌ لَّوْنُهَا تَسُرُّ النَّاظِرِينَ﴾ البقرة: ٦٩، واتە: وتیان داوامان بۆ بكە لە پەروەردگارت پێمان بڵێ ڕەنگی مانگاكە چۆن بێ؟ وتی: بەڕاستی خوا دەفەرموێ: مانگایەكی زەردی تێر بێ دڵی تەماشاكاران خۆش بكا. دیسان پرسیاری تریان كردو گوتیان: ﴿قَالُواْ ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ إِنَّ البَقَرَ تَشَابَهَ عَلَيْنَا وَإِنَّا إِن شَاء اللَّهُ لَمُهْتَدُونَ﴾ البقرة: ٧٠، وتیان: داوامان بۆ بكە لە پەروەردگارت بۆمان ڕوون بكاتەوە چۆن بێ ئەو مانگایە؟ بەڕاستی مانگاكەمان لا تێك چووە، بەڕاستی ئێمە ئەگەر خوا بیەوێ ڕێنموونی وەردەگرین. ﴿قَالَ إِنَّهُ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لاَّ ذَلُولٌ تُثِيرُ الأَرْضَ وَلاَ تَسْقِي الْحَرْثَ مُسَلَّمَةٌ لاَّ شِيَةَ فِيهَا قَالُواْ الآنَ جِئْتَ بِالْحَقِّ﴾ البقرة: ٧١، وتی: خوا ئەفەرموێ: بەڕاستی مانگایەك بێ ڕانەهێنرابێ نە بە كێڵانی زەوی، نە بە ئاودێری كشتوكاڵ، بێ نەنگو بێ پەڵە بێ. گوتیان: ئائێستا هەواڵی ڕاستت هێنا.

بەڵام چۆن مانگایەکیان دەست دەکەوێت کە هەموو ئەو نیشانانەی تێدا بێت کە داواکراوە، پاشان دەستیان کرد بەگەڕان بەناو شارو گوندو مەیدانی ئاژەڵاندا بۆ دۆزینەوەی ئەم مانگایە.

لەنێو (بنی اسرائیل)دا خانەوادەیەکی بڕوادارو لە خوا ترس هەبوو کە پێکهاتبوو لەمنداڵێکی یەتیمو دایکی، باوکی منداڵەکە چەند ڕۆژێك پێش ئەوەی بمرێ مانگاییەکی کڕیبوو. ئەم مانگایە هەموو ئەو نیشانانەی تێدا بوو کە بۆ خەڵکەکە باس کرابوون. جا لەدوای گەڕانو ماندووبوونێکی زۆر خەڵکەکە ئەم مانگایەیان دۆزیەوەو چوونە لای خانەوادەکەو داوایان لێکردن کە مانگاکەیان پێ بفرۆشن. خانەوادەکەش بەوە ڕازیبوون کە بەئەندازەی قورسایی مانگاکە زێڕیان پێبدەن، خەڵکەکەش ڕازی بوونو مەرجەکەیان قبوڵ کردو مانگاکەیان کڕی.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُواْ يَفْعَلُونَ﴾ البقرة: ٧١، ئینجا سەریان بڕیو خەریك بوو ئەو سەر بڕینە نەکەن.

لەکۆتاییدا خوای گەورە پێی گوتن: ﴿فَقُلْنَا اضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا كَذَلِكَ يُحْيِي اللّهُ الْمَوْتَى وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ البقرة: ٧٣، واتە: ئینجا وتمان ئەندامێکی مانگا سەر بڕاوەکە لەکوژراوەکە بدەن، ئاوا خوا مردوان زیندوو دەکاتەوە، نیشانەکانی خۆیتان پیشان دەدات، بۆ ئەوەی تێبگەن.

(ابن کثیر) لە (ابن عباس) دەگێڕێتەوەو دەڵێ: دوای جێبەجێ کردنی ئەو شێوەیە، دەست بەجێ کابراکە زیندوو بووەوەو دەمارەکانی لاشەی فیشقەی خوێنیان بەستو شێوازی کوشتنو داستانەکەی خۆی گێڕایەوەو ئاماژەی بە بکوژەکەی خۆی کردو گوتی: برازاکەی خۆم کوشتمی، بەڵام دوای ئەم قسەو گفتوگۆیە نەژیاو خێرا مردەوە.

# ڕۆح لەدونیای بیرکردنەوەدا

هەڵبەتە گەلێك جار لەدیرۆکی مرۆڤایەتییدا بەشێوەیەکی چڕو پڕ هەوڵ بۆ تێگەیشتن لە شت گـەلێکی وەك ڕووحو دەروونـی مـرۆڤ دەدرێـت، هـەروەها چـەندین بیرمەنـدو فەیلەسوف لە کۆنو ئێستادا هەڵوەستەیان لەهەمبەردا کردووە کە سەرەنجام بـێ ئاکـام بووەو نەیانتوانیووە بڕیارێکی ڕونی بۆ بدۆزنەوە، بۆیە هەر بەوەوە نەوەستاون قۆڵیان لێ هەڵماڵیوەو لـەڕێگای شـتی ئەفـسانەیی سـەرنجی شـتە واقیعیـەکانیان داوەو ڕوونیـان کردۆتەوە، ئینجا شت گەلێکی فشو فۆڵیان لـەهزری خۆیانـدا وێنـا کـردووەو بڕیـاری کۆتاییان لەسەر داوەو لەئەرزی واقیعـدا سـەپاندوویانە. ئەگەرچـی چـەندین پرسـیاری بێوەڵامیش وەك خۆیان ماونەتەوە بۆ نموونە:

١- ئەم بوونە چییە؟

٢- کێ هێناویەتیەدی؟

٣- چۆن هاتۆتەدی؟

٤- کەی دەستی پێ کردووەو کەی کۆتایی دێ؟

٥- بۆچی هێنراوەتە دی؟

٦- سەرەنجامی چییە؟

جگە لەوەی چەندین بیرۆکەی تریان وروژاندووە، ئینجا بـۆ گەیـشتن بەڕاسـتییەکانو دواتر بۆ شیکردنەوەی شتە وردەکانو پەی پێبردنیان دۆش داماونو نەیانتوانیوە بڕیـاری خۆیانی تێدا بدەن، چونکە عەقڵگەرایەکان توێژینەوەکانیان تەنیا لەسنووری ماكو توخمە (مادد)یەکان خۆی بەرجەستە دەکات، عەقڵیش تەنیا دەتوانێـت دەرکـی شـتی توخمـە (مادد)یەکان بکات نەك واتایی (مەعنەوی)، چونکە شتی واتایی ئەگەر لەڕێگای وەحی خواو پێغەمبـەران (سـەلامی خوایـان لێ بێـت) بڕیـاری ڕوونـی بـۆ نـەدرێت، عـەقڵ

لەبەرامبەریدا دەستەوسانو داماو دەبێت، چونکە وەحی خوای گـەورە خاڵبەنـدی ئـەو شتانە دەكات. بۆیە لەو ڕوانگەیەوە هەڵوەستە لەسەر چەندین فەرمودەی وەحـی خـوای بـێ هەڵەو پەڵە دەكەینو هەڵوێستی ڕوونی لەبەرامبەردا دەخەینـەڕوو ئەگەرچـی ئـەو جۆرە بابەتانەش ئێستاشی لەگەڵدابێت مشتومڕێكی یەكجار زۆر هەڵدەگرنو زۆرێك یان بەشێك لەگرۆی بەشەریەت تێیدا سەرگەردان بوونەو داماون، ئەو بابەتەش كە دەمانەوێ بیوروژێنین بریتیە لە(ڕووح) واتە (گیان)، هەرچەندە باسێكی گەلێك قووڵەو گەلێك لەوە گەورەترە باسو خواسی لەسەر بكرێت، چونکە دەریایـەكی ئەوەنـدە سـامناكە گـەلێك لەوانەی وەكو خۆمن لەنێویدا خنكاونو بوونەتە قوربانی، چـونکە ئـەو دەریـا گیانییـە (ڕوحییە) وەك جەنگەڵی ئامازۆن وان، كە كەم كەسی وایە چووبێتو گەڕابێتەوە، بۆیـە جیهانی ئیسلامیی ئێستا پێویستی بەشت گەلێك هەیە كە هەڵوەستەیان لەسەر بكرێتو بخرێنە بەر دیدی خوێنەران، چونکە خەڵكی ئـەم چـەرخە لـەڕووی زەخـیرەی ڕووحیـەوە تووشی خەسارەتمەندیەكی یەكجار زۆر بوونەو وادەزانن ماك (مادده) هـەموو شـتێكەو جگە لەو هیچ شتێكی تر گرنگی پێ نادرێت، ئـەوەش خـۆی لەخۆیـدا گەڕانەوەیـە بـۆ دواوەو پیلانێكی ژەهراوییە، كە بۆ سـەرجەم ئایینـە ئاسمانییـەكان بەگـشتیو ئـایینی پیرۆزی ئیسلام بەتایبەتی داڕێژراوەو ئەیانەوێت بەهۆی ئەو شـتە ماددیـەوە ڕۆڵـەكانمان بەنج بكەنو خەنجەری ژەهراویان لێ بوەشێننو بێئاگایان بكەن لە ئیمانو عەقیدەو قەبرو قیامەتو حەشرو حیساب، دیارە ئەوەش دەستێكی ناپاكی گەورەی لەپشتە بـۆ ئـەوەی جیهانی ئیسلامی بشڵەژێنێتو توشی شۆكی بكاتو بـەماكو تـوخمی ڕووت خـەریكی بكات. بۆیە بەڕوونكردنەوەی مەبەست دەتوانین مرۆڤ وەك خۆی كـە هەیـەتی بیخەینـە بەرباسو خـواسو دیـدو بۆچـوون، نـەك وەك ئەوانـەی كـە تـەنیا لایەنـە مادیەكـەی هەڵدەسەنگێننو وەك كائینێكی ماددی سادە سـەیری دەكـەنو لـە گیـان (ڕووح) دای

دەماڵن، ئینجا مرۆڤ وەکو خۆی کە هەیەو دروست کـراوە بریتییـە لـە دوو پێکهاتـەی سەرەکی گرنگ کە بریتیین لە:-

١- گیان (ڕۆح).

٢- جەستە.

نەك وەك ئـەو کەسـانەی کـە بەپێـچەوانەوە سـەیری مـرۆڤ دەکـەن ئـەویش تـەنیا لەڕوانگەی ئاژەڵایەتییەوە جەستە هەروەك قورئانی پیرۆز باسی دەکات لەبنچینەدا گڵو خاکە، دواتر دەکرێت بەقوڕو دواتر گیانی بە بەردا دەکرێتو دەبێت بە مـرۆڤ، هـەروەك خوای گەورە لەو بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُوا لَهُ سَاجِدِينَ﴾ الحجر: ٢٩، واتە: جا کاتێك دروستم کرد لەو گیانو ڕووحە کە مـن خـاوەنی ئەوم فوم پێدا کردو گیانو ژیانم پێ بەخشی ئێوەی فریشتە هـەمووتان سـوژدەی (ڕێـزو تەقدیری) بەفەرمانی من بۆ بەرن، کەواتە هەر ئەو جەستەیە لە خـاك دروسـت بـووەو خۆراکی لەخۆیەتی، چونکە چاوگو سەرچاوەی خۆیەتیو بەخۆی دەژێتو پێویستیەتی، ئێستا بۆمان ڕوون بوەوەو بەو ئەنجامە گەیشتین کە جەستەی مرۆڤ خاکە، گڵە، دەتوانین بڵێین جەستەکە خودی مرۆڤەکە نییە بەڵکو شتێکی ترە جیا لە خۆی، چـونکە جەسـتە تەنیا وەك توێکڵو قاڵك وایە بۆ ناسنامەی خودی مرۆڤەکە، کەواتـە جەسـتەی مـرۆڤ مرۆڤ نییە، ئەی چییە؟ توێکڵی مرۆڤەکەیە، بەڵام ئەوەندە هەیـە پەیوەندیـەکی پتـەوی لەگەڵ لایەنی گیانەکەدا هەیە. ماوە بڵێین ئەی ئەو توێکڵە بۆچـی بـۆ مـرۆڤ دانـراوە؟ چونکە گیان شـتێکی بەرجەسـتە نییـە تابتوانێـت خـۆی ڕاگرێـتو وەك مـرۆڤ لـەنێو جـەماوەری بەشـەریەتدا بـژیت. لەبـەر ئـەوە پێویـستی بـەو توێکڵـە هەیـەو خۆشـی نەگەیشتووە بەپلەی کامڵ بوون، چونکە ئەگـەر بـەو پلەیـە گەیـشت دەتوانێـت بـەبێ جەستەش خۆی ڕابگرێتو لێی بێ پێویست بێت، بۆیە دەتوانین بڵێین قۆناغی جەستەیی قۆناغێکی ساوایە بۆ گیان دواتر کە گیان پێگەیشت دەتوانێت ئـەو بەرگـە داکـەنێتو

فرێی بدات، ئەوەش نابێت لەلامان سەیر بێت، چونکە زۆرێك لەدروست کراوەکان بەبێ جەستەن‌و هەر پێویستیان پێی نییە، بۆ نمونە گیانی فریشتەکان‌و پەریەکان‌و جگە لەوانیش هەر شتێك کە ئێمە پەی پێنابەین، بەڵام جیاوازی لەنێوان ئێمەو ئەوان تەنیا ئەوەیە ئێمە لاشەمان بۆ سازکراوە ئەوان بەپێچەوانەوە بۆیان سازنەکراوە وەك گیان دەژین‌و دەگوزەرێنن لێرەدا تارادەیەك تیشکمان خستە سەر پێکهاتەی جەستە بۆیە وردەکاریەکانی بۆ زانایانی توێکاڵی‌و جیۆلۆجی بەجێ دەهێڵین.

ئینجا با بچین بۆ سەر پێکهاتەی دووەم کە بریتیە لە گیان (ڕووح) کە گرنگترینی پێکهاتەی مرۆڤە، سەبارەت بە گیان بەدرێژایی مێژوو ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەتوانراوە دەرك بەو جۆرە شتە بکرێت هەرگیز ناشتوانرێت دەرکی پێ بکرێت، چونکە خودا ئەو مەلەفەی قەپات کردووەو بڕیویەتیەوە هەروەك لەهەمبەریدا فەرمویەتی: ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُم مِّن الْعِلْمِ إِلاَّ قَلِيلاً﴾ الإسراء: ٨٥، واتە: پرسیارت لێدەکەن دەربارەی ڕۆح (کە چییەو چۆنە) بڵێ: ڕۆح بەشێکە لەفەرمانی پەروەردگارم بەدەست ئەوە (من نازانم چییەو چۆنە)و هیچتان پێ نەبەخشراوە لە عیلم‌و زانست، تەنها شتێکی کەم نەبێت، کەواتە لێرەدا بەو ئامانجە گەیشتین کە ناتوانرێت وەکو خۆی کە هەیەتی بزانرێت، چونکە گەلێ هەوڵ‌و تەقەلا دراوە بەئەنجام نەگەیشتون، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامان‌و سەرنجە ئەوەیە کە پەیوەندییەکی گەلێ توندو تۆڵ لەنێوان جەستەو گیاندا هەیە بەشێوەیەك ئاوێتەی یەکتر بوونەو لەنێوان یەکتردا تواونەوە بەوێنەی ئاوێتەکردنی شەکر لەنێو چادا بەجۆرێك ناتوانرێت شەکرەکە لەنێو چادا بەدی بکرێ، تەنیا بەهەستی تام نەبێت ناتوانرێت بگوترێت کامەیان شەکرەو کامەیان چایە، هەر بەم شێوەیەش ڕۆح‌و جەستە ئاوێتەی یەکتر بوونە، بەڵام گیان‌و جەستە لەچەند حاڵەتێکی هەڵاوێردا دەتوانرێت لێك بترازێن‌و جیا ببنەوە ئەو حاڵەتانەش بریتین لە:

## مردن و نووستن:

خوای پەروەردگار ئاماژە بەجیابوونەوەو لێکترازانی ئـەو دوو پێکهاتـە سـەرەکیانە دەکات لە هەردوو حاڵەتی مردنو نووستندا هەروەك دەفەرموێت: ﴿اللَّهُ يَتَـوَفَّى الْـأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَالَّتِي لَمْ تَمُتْ فِي مَنَامِهَا فَيُمْسِكُ الَّتِي قَضَى عَلَيْهَا الْمَوْتَ وَيُرْسِـلُ الْـأُخْرَى إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى إِنَّ فِي ذَلِـكَ لَآيَـاتٍ لِّقَـوْمٍ يَتَفَكَّـرُونَ﴾ الزمـر: ٤٢، واتـە: هـەر خوایـە گیانەکان دەکێشێت لەکاتی مردندا، هەروەها ئەو گیانەش کە نەمرد لەخەوەکەیدا هەر خوا بۆی دەنێرێتەوە جا ئەو کەسەی کە خوا بڕیاری مردنی دابێت ڕۆحەکەی دەگرێتەوەو ناگەڕێتەوە بۆ لاشەکەی ئەو کەسەش ڕۆژی تەواو نەبووبێت بۆی دەینێرێتەوە تا کاتێکی دیاریکراو بەڕاستی ئا لەو دیاردانەدا چەندەها بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیە بۆ کەسـانێك کەتێفکرنو بیر بکەنەوە لەم ساڵانەی دواییدا (ئارسەر ئەلیسۆن) زانای فیزیـای نـاوەکی لەکۆنگرەیەکدا لەقاهیرە بابەتێکی دەربارەی مردنو خەو پێشکەش کرد تیایدا وتبووی: دوای نزیکەی (٢٥) ساڵ لێکۆڵینـەوەو وردبوونـەوە بـۆم دەرکـەوتووە کـە خـەو جـۆرە مردنێکە ئەو کاتە زانایەکی موسڵمان ئاماژەی بۆ ئەم ئایەتە کرد، ئیتر (ئارسەر) سەری سوڕما، لەئەنجام شایەتمانی هێنا، ئێستا موسڵمانێکی تێکۆشەرە، لێرەدا سەرنج بـدەن چۆن گیانی مردووانو نووستووان بەیەك دەگەن، دواتر خوا لێکیان جیادەکاتەوە، گیانی مردووەکان دەگرێتەوەو ناگەڕێتەوە بۆ لاشە، گیـانی نووسـتووەکانیش کـە ڕۆژی تـەواو نەبووبێت دەینێرێتەوە بۆی تا کاتێکی دیـاریکراو ڕەوانـەی نێـو جەسـتەیان دەکاتـەوە سەرنجی دەستەواژەی (فیمسك) واتە ڕۆحەکەی دەگرێتەوە بۆ مردووەکانو دەسـتەواژەی (ویرسل) واتە دەینێرێتەوە بۆ نووستووەکان بدەن لێرەدا بۆمان ڕوون بووەوە کە ڕووحەکان لە هەردوو حاڵەتی مردنو نووستندا لەڕێگای شەپۆلی هەوادا لەفـەزا بەیـەك دەگـەنو

دەتوانن باسی خۆیان بکەنو یەکتر ببیننو ئەحواڵی یەکتر بپرسن، بەڵگەی هەرە بەهێزیش بۆ ئەو بۆچوونە خەون بینینە بەگیانی مردوانو ژیان لەگەڵ گوزەراندنیانە لەکاتی نوستنو خەون بینین، پێغەمبەر (**موحەممەد** د.خ) بەڕاشکاویو بێ پەروا ئەو ڕاستیە دەخاتەڕوو، چونکە دەفەرموێت:

((النَّوْمُ أَخُ الْمَوْتِ)) واتە: نوستن برای مردنە. دیارە برایەتیش لەوەدا یەکتر دەبڕێتو بەدی دەکرێت کە ئەوان واتە گیانی مردوانو نوستووان لەڕێگای شەپۆلی هەوادا بەیەکتر بگەنو هاوەڵایەتی یەکتر بکەنو بەیەکەوە گفتوگۆ لەشت گەلێك بکەن ئەوەش لەشەوڕەوی (الاسراء والمعراج)ی پێغەمبەر (**موحەممەد** د.خ) بەڕوونی بەدی دەکرێت کاتێك گەشتی ئاسمانی بەرەو مەلەکوتی ئەعلا دەکات بەمەبەستی میوانداری پەروەردگار، چونکە لەئاسمانی یەکەمەوە تاکو بەخزمەت باری تەعالا دەگات بەڕووحی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) شاد دەبێتو پێشوازی لێ دەکرێتو گفتوگۆو باسو خواس لەگەڵ یەکتردا دەکەنو پێش نوێژییان بۆ ئەخوێنێتو بەخوایان ئەسپێرێت ئایا پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) گۆڕو مەزارگەیان لەزەوی نییەو تێیدا نەنێژراون؟ ئەی بۆچی (**موحەممەد** د.خ) لەئاسمانەکان لەگەڵیاندا دادەنیشێتو پێش نوێژیان بۆ دەکات ئایا ئەمانە هەموویان جێگای پرسیار نین.

کەواتە ڕۆحەکان بەپێی پلە لەشوێنی تایبەت دیاریکراونو دانراون لەئاسمان. هەندێ لە زانایان وا دەربارەی ئەفەرموون ئەوەش لەوەدا بەدی دەکرێت کە پێغەمبەر (**موحەممەد** د.خ) هەر لەئاسمانەوە بە پێغەمبەرێك گەیشتووە بەپێی پلەی خۆیان ئینجا گەشتی پێغەمبەر تەنیا بەڕۆح بەرەو ئاسمانەکان چووە نەك بە جەستە بەپێچەوانەی بیروڕای هەندێك زانای تر کە دەڵێن: بە ڕۆحو جەستە ئەو گەشتەی ئەنجامداوە، هەر

چۆنێك بێت ئێمە ئیمانمان پێی هەیە هەروەك مەولەوی (ڕەحمەتی خـوای لەسـەر بێـت) دەبێژێت:

**ئەگەر زەڕڕەیێ شعور هەبێ پێتەوە ئەگەر گوتیان خودا دەبڕێتەوە.**

لێرەدا پرسیارێك خۆی مەڵاس دەدات سـەبارەت بـەمردن، ئایـا ڕۆحـەكان بۆكـوێ دەچن‌و چیان بەسەر دێت؟ لەكوێ نیـشتەجێن؟ دیـارە ڕووح هـەروەك ئاماژەمـان پێـدا شتێکی بێ لاشەیە دەتوانێت هەموو شتێك ببڕێت‌و هیچ شـتێك نابێـت بـە بەربەسـت لەبەردەمیدا، دەتوانێت لەهەموو شوێنێك بێت واتە کاتێك لـەناو جەسـتەی مرۆڤدایـە وەکو زیندانێك وایە، چونکە ئینسان ئەسپی ڕووحی خۆیەتی، بەڵام کاتێـك جیابوونـەوە دروست بوو لەنێوان ڕووح‌و جەستەدا لە هەردوو حاڵەتی مردن‌و نووستندا کۆت‌و زنجیری لەئەستۆدا ئەپسێت‌و لەژێر نیری بەندایەتی ڕزگاری ئەبێت‌و بۆ هەر شوێنێك حـەزبکات ئەتوانێت بڕوات ئەگەر خوا ویست‌و ئارەزوو بکات، چونکە گیان شتێکی ئەوتۆیە هـیچ شتێك نابێتە بەرپەرچی ئەگەرچی بەنێو هەموو کون‌و کەلەبەرێکدا ڕەت بێـت‌و هـەموو تەنێك بڕ بکات بۆیە مردن واتای ڕاستی خۆی ئەوە نییە کە ئێمـە لێـی تێگەیـشتووین بەڵکو شتێکی ترە گواستنەوەو گەشتێکی گیانییە لەزیندانی بەشەرییەت بـۆ سـنووری ڕەهای ئیلاهی، دیارە زەخیرەو خۆراکی ڕووحیش تەنیاو تەنیا لەلایەن خواوەیە، چـونکە لەئاسمانەوە هاتووەو هەر دەبێ خۆراکی لەئاسماندا بێت، بەڵگـەش لەسـەر ڕاسـتی ئـەو قسەیە کە گیان لەلایەن خواوە هاتووەو بۆ لای ئەویش دەگەڕێتـەوە ئەوەیـە کـە خـودا دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُواْ إِنَّا لِلّهِ وَإِنَّـا إِلَيْهِ رَاجِعونَ﴾ البقرة: ١٥٦، واتە: ئەوانەی هەر کاتێك تووشی بەڵاو ناخۆشیەك دەبن دەڵێن: ئێمە مـوڵکی خـواین‌و هەرچـی هەمانـە بەخشـشی خوایـە سـەرەنجامیش تـەنها هـەر بـۆ لای ئـەو زاتەیـە گەڕانەوەمان، کەواتە سەرنجی دەستەواژەی (راجعون) واتە: گەڕانەوەمان لـەو شـوێنەی

کەلێی هاتووین بدەن، کەواتە لەکوێ هاتووە بەویش دەژیتو سەرچاوەی ڕۆزی هەر لەوێیە، بۆیە خۆراکی تەنیا لەلایەن پەروەردگارە وە بەرجەستە دەبێت، بۆیە دەبینین ئەنجامی ئەو هەموو نەخۆشییە ژەهراویە سامناکانەی کە ڕوو لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکەن هۆکارو فاکتەری سەرەکی هەر هەموویان ئەوەیە خۆراكو زەخیرەی ڕووحیان نەچەشتوە، چونکە خۆراکی (ڕۆح) لەزەوی دەست ناکەوێت، چونکە لەزەوی نەهاتووە، زۆرێك یان بەشێك لەکۆمەڵی بەشەریەت توشی جۆرەها نەخۆشی سامناك بوونەتەوە کەزانایان لەبەرامبەریاندا بەچۆکدا هاتوونو سەرگەردان بوونەو نەیانتوانیوە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە تەنانەت توانای ئەوەشیان نەبووە نێویشی بۆ دیاری بکەن، بۆیە نێویان ناوە نەخۆشی دەروونی (المرض النفسي)و بەچەندین نێوی تر ناوزەدیان کردووەو نێویان ناوە، چونکە هەوێنو هەناوی بنەڕەتی مرۆڤ گیانە، گیانیش ئەبێت بەپێی ئەو بەرنامە ڕێژیەی خاوەنی خۆی کە پەروەردگارە بەڕێوەبچێت، ئەگینا توشی جۆرەها نەخۆشی دەبێتو ئاکامی ئالودە بوونو خۆ سڕکردن بەماددە هۆشبەرەکانو بیرکردنەوە لە خۆکوشتنو جۆرەها شتی تر بۆ ئەوەی لەچنگی ئەو تەنگژە ڕووحییەو نەهامەتیەی کە تێیدا دەژیت ڕزگاری بێت، چونکە قورئان دەستوری سەرجەم ئادەمیزادە ئاراستەی ڕووح دەکات بەجوانترین شێوەو پارێزەری ڕۆح گرنگترین شتە بەلایەوە بۆ پارێزگاری لێکردنی، چونکە مرۆڤ ئەگەر بەپێی ئەو دەستورەی ژیانی کار نەکات ئەنجامو ئاکامی ئەو پەشێویە ڕووحیەیە کە ئازاری جەستەی ئەداتو خۆی لەچنگی ڕزگار ئەکات بەبیر کردنەوە لەپیلانی دژ بەخۆی لێرەدا پرسیار دەکرێت ئایا لەکاتی نوستندا جەستە چ پەیوەندیەکی لەگەڵ ڕۆحدا دەمێنێت. پەیوەندی جەستە لەگەڵ ڕۆحدا لەکاتی نوستندا وەکو داوی کۆلارە وایە کە پەیوەندی بەکۆلارەکەوە دەبەستێت، هەرکاتێك ڕۆح بەرەو ئاسمان چوو لەڕێگەی ئەو تەلە لاوازەوە بۆ نێو جەستە دەگەڕێتەوە.

بەڵام لەکاتی مردن داوەکە دەپچڕێتو پەیوەندی ڕۆح لەگەڵ جەستەدا بەیەکجاری نامێنێت، بەڵگەش بۆ ئەمە یارانی ئەشکەوت (أصحاب الكهف) بوون کە کاتێکی زۆر نوستنو دواتر لەڕێگەی ئەو داوە بچوکەوە ڕۆحەکان جەستەی خۆیان دۆزییەوە، شتێکی تر پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە نوستنێکی درێژخایەن دەتوانێت تەمەن لەئەندازەی خۆی ڕابگرێتو پیر نەبێت، چونکە ڕۆح کاتێك بۆ بۆشاییەکانی ئاسمان چوو لەوێ سیستمی زەمان نامێنێتو ڕۆژو شەو ناتوانن کاری تێدا بکەن بەڵگەش یارانی ئەشکەوتو (عوزێر پێغەمبەر)ە کە یەکێکیان سێ سەدو ئەوەندەساڵ نووستو ئەویتریان سەد ساڵ مرد، کەچی لەگەڵ ڕۆیشتنی کات بەسەریاندا ئەوان هەر بە گەنجی مانەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین لەحاڵەتی بێداریدا ڕۆحو جەستە ئەوەندە ئاوێتەی یەکتری بوونە ناتوانین بڵێین کامەیان ڕۆحەو کامەیان جەستەیە بەپێچەوانەی حاڵەتی نووستن، بۆیە پێغەمبەر وشیاری داوە، هەندێ حاڵەتی تایبەتی هەیە نووستنی تێدا بەڕەوا نابینێت، نەوەك ڕۆحەکە لە گەڕانەوەدا بۆ نێو جەستە تووشی گیانە ئازار دەرەکان ببێتو زیانی پێ بگەیەنێت، چونکە دەفەرموێت هەر کەسێك لەدوای نوێژی عەسر خەوت ئەگەر شێت بوو خۆی بەرپرسیارە، چونکە هەوا پڕە لەزیندەوەرەکان. هەر خودا بۆ خۆی دەزانێت چی لەنیو دایە وەك فریشتەو پەریو گیانی مردوانو نوستوانو دەنگو وێنەو هەزاران شتی تر تەڵقینی مردوش هەر بۆ ئەم مەبەستەیە کاتێك ڕۆحەکە بەنێو هەوادا ئاڕاستە کرانو گوێ بیستی بوون، چونکە دەنگەکان هەموویان لەئاسماندا دەپارێزرێنو سەرەنجام مردووەکان گوێ بیستی ئەبن، ئەوەش تەنیا لەڕێگەی شەپۆلی هەوادا ئەنجام ئەدرێت.

# پێش ئەوەی بمرم نامەکەم مەکەنەوە

ئەو ڕۆژگارەی ئافرەتان خۆیان تێخستووە ڕۆژگارێکە هەرگیز لەبەرژەوەندی ئەواندا نییەو بەپێی ڕەوڕەوەی بەختەوەری پاشەڕۆژی ئەواندا ڕێگە ناگرێتە بەر، چونکە کەسانێك کە خۆیان هەڵپەو قوڕمیشکراون دەیانەوێت ئەوانیش وەك خۆیان بەرنامەڕێژ بکەن بۆ هێنانەدی مەبەستەکانیان بەبێ لەبەرچاو گرتنی بەهائاینیو کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیو... هتد.

ئەوانە کەسانێکن بۆ مەبەستی گڵاو ئاڕاستە دەکرێنو کاریگەری ئەوانەیان لەسەرە کە تووشی ئایدزی فکری بونەتەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش وەك بۆمبایەك تەوقیت کراون بۆ نانەوەیان بۆ کاتو مەبەستی دیاری کراو بەم ڕوانینەوەش نەك هەر کاریگەریان دەبێت بەڵکو وەکو ئەو کەسەیان بەسەردێت کە بچێت داری گوێز لەبەسەرە بچێنێت. ئەمەش جێگەی پێکەنینە چونکە چاندنی گوێز لەبەسەرە وێڕای ئەوەی کە ناڕوێت خاوەنەکەی لەسەر قەرزداریش دەبێتەوە، چونکە جگە لەماندووبون هیچی تر بەدەست نایەنێت بێگومان زۆرێك لەوانەی ڕۆژانە وەك بنێشتە خۆشەی سەر زاریان باسی مافی مرۆڤ و دیموکراسیو ئازادیو چیو چی دەکەن، جگە لەتێگەیشتنی خودی وشەکە ئاشنایەتیان لەگەڵ نێوەڕۆکەکەیدا پەیدا نەکردوەو هیچی لەبارەیەوە نازانن چ جای بەبن بەدەم ڕاستو پێشەنگ بۆ دیاری کردنی مەسەلە چارەنووسسازەکانی ژیانی ڕۆڵەکانی گەلەکەیان.

گەلۆ ئەوان بەشێوەیەك دەنگیان بەرز بۆتەوە هەر دەڵێی ئاسمان بەسەریاندا کاول دەبێت لەبری ئەو دەنگ هەڵبڕینە دەبوایە خوێندنەوەیەکی واقیعیانەو سایکۆلۆجیانە بۆ

خۆیان بکەنو بەوردبینو دووربین سەیری حەزو خولیایان بکەن ئەوجار بڕیار لەسەر ئەو ئازادیە بێ کۆتو بەندە بدەن کە خۆشیان لێی تێ نەگەیشتوون ئاخۆ چ زیانێك بەکۆمەڵگا ئەگەیەننو خۆیان دووچاری ئایدزی فکری بونەتەوەو ئەشیانەوێت کۆمەڵگا پاكو بێ گەردەکەی خۆشیان تووشی هەمان کارەسات بکەنەوە، بۆیە ئەبێت ڕۆشنبیرانو قەڵەم بەدەستانو نووسەران پێش لەو جۆرە بانگەشە بێ بنەماو بەندو کۆتانە بگرن بۆ ئەوەی چیتر بەقسەی زریقو بریقی ڕوتی خەڵکی ڕۆڵەکانمان نەخسترێنە تەڵەی خەڵکی ڕۆژئاواو بۆ خۆمان نەیانکەینە نێچیری بەردەستی ئەوانو دەست بەرداری دابونەریتی چاکی کۆمەڵگەی خۆیان بن هەر بۆیە لەئەنجامی سروشتی دەرهێنانی ئافرەت لەماڵەکەیداو دوورخستنەوەی لەمێردو ئەندامانی خێزانەکەی ئاشوبیەکی فراوانی داوێن پیسی بوو کە لەوەشدا هەر ئافرەتان دۆڕاوتر بوون ئاشوبیەك ئەوەندە پڕ مەترسیو سامناکە بیرتیژو بلیمەتەکانی ئەو شوێنانە پڕ بەدەم هاواریان لێهەڵساوە.

بۆنمونە (جیمس رستون) لەم دوایەدا لەنیۆیۆرك تایمیزدا بڵاوی کردەوە مەترسی وزەی جنسی لەکۆتایدا لەمەترسی وزەی ئەتۆمی گەورەتر ئەبێت، هەروەها مێژوونووس (ئەرنولڵد توینبی) ئاگادارمان ئەکات کە پەرە سەندنی جنسی لەوانەیە ببێتە هۆی ڕوخانی شارستانیەت تەنانەت ئەو ئاشوبەیە گەورە پیاوانو سەرکردەکانی گەورەترین وڵاتانی سەر زەوی (ئەمریکاو روسیا)ی هێنایە دەنگو هاواری لێ هەڵساندن کەچی تازە بەتازە ئافرەتانو ژنان لەمیدیاکاندا دەنگیان لێ بەرزبۆتەوەو زاریان بۆتە تەڵەی تەقیوو دەڵێن: ئافرەت بەندی بەندیخانەی ناوماڵە، ڕزیوی ناو چێشت خانەیە، یان پێ بەستراوی کۆتی مێردو منداڵو خێزانداریە لەخێزاندا، ئافرەت کرێکارێکی ڕوتاوەو پیاو سەرمایەدارە، ئافرەت پڵیشاوەی ژێرپێی فیلێکی ستەمکارە، ئافرەت نیوەی کۆمەڵەو هیچی لەپیاو کەمتر نییە.

گۆڤـاری شارسـتانیەتی ئیـسلامی لـەژمارە (٣)دا ئـەڵێت ئـەو کەسـەی لـەبارەی خۆکوشتنی (مارلین مۆنرۆ) ئەکتەرو شـاژنی سـینەمای سـەردەمی خـۆی ئەکۆڵێتـەوە نامەیەکی پارێزراوی لەسندوقی سـپاراوەکانی (صـندوق الامانـات) لـەمانهاتن بـانگ لەنیویورك دۆزییەوە کە ئەم نامەیە لایەنێکی خۆکوشتنی (مۆنرۆ)ی ڕوون کـردەوە کـە لەسەر زەرفەکە نووسرابوو (پێش ئەوەی بمرم نامەکەم مەکەنەوە) کاتێ لێ کۆڵەرەوەکـە نامەکەی کردەوە سەیری کرد بەدەست خەتی (مۆنرۆ) خۆی نووسرابوو (لەناوبانگی خۆت بپارێزە.. خۆت بپارێزە لەوانەی بەدەرخستن لەخشتەت ئەبەن من چارەڕەش ترین ئافرەتی ڕووی زەمینم نەمتوانی ببم بەدایك، من ئافرەتێکم حەزم لەماڵداری ئـەکرد بـەختیاری ڕاستی ئافرەت لەژیانی خێزان داریو ماڵداری پاكو خاوێنەوەیە، ژیانی ناو ماڵو خێزان ڕەمزو هێمای بەختیاری ئافرەتە، هەروەها لەکۆتایی نامەکـەدا ئـەڵێ: هـەموو خـەڵك زۆرداریان لێکردم کارکردن لەسـینەما وا لـەئافرەت ئـەکات کـە ببێتـە کەلوپـەلێکی هەرزانی بێ نرخ هەرچەند لەو پـەڕی (نـەمریو ناوبـانگی بـەدرۆ) دابـژیت مـن داواو ئامۆژگاری لەهەموو کچێك ئەکەم کە نەبێ بەئەکتەرو کـار لەسـینەما نـەکات خۆیـان نەخەنە بەردەستی بازرگانەکان، چونکە لەکۆتاییدا وەکو منیان بەسەر دێت.

# سایکۆلۆژیاو بڕیاری ژیان

بێگومان مرۆڤ لەڕوانگەی دەروونییەوە جیاوازیەکی یەکجار زۆری هەیە لەگەڵ ئەو بوونەوەرانەی کە خودا (عزَّ وجلَّ) ئافراندویەتی، نەك هەر جیاوازی لەگەڵ بوونەوەراندا هەیە، بەڵکو لەگەڵ ئەمانەش کە گیانو ژیانیان هەیە هەر بەو ڕوانینە ئەبێت ئینسان ئەو شتانەی بۆ بڕیار بدرێت کە لەگەڵ پێکهاتەو ژیانی ڕۆژانەو ئەو سروشتەی کە لەسەری کۆپی کراوە یەك بگرێتەوە.

ناکرێت بڕیارێکی بۆ بدرێت یان لێی قەدەغە بکرێت کە لەگەڵ لایەنە دەروونییەکەی ڕێك نەبێت، تەنانەت شتی ڕەواش ئەگەر بارودۆخی بۆ نەڕەخسێنرێت ناتوانرێت ڕەوایەتی خۆی بسەلمێنێت چ جای شتی ناڕەوا کە بەشێوەیەکی ناڕەواو بەبێ لەبەرچاوگرتنی حەزو ئارەزوو و پێکهاتە ڕۆحیو دەروونییەکانی بۆی بخرێتە بواری بەبڕیار کردنو یاسابوون. ئەمە بەڕاستی هەڵەیەکی کوشندەیە، چونکە هەر شتێك کە بۆی دەکرێت بەیاسا ئەبێت ڕەچاوی تەواوی لایەنەکانی بکرێتو بەتایبەتی گرنگی بەخوێندنەوەی سایکۆلۆجی بدرێت، ئایە ئەو یاسایە هاوتەریبە لەگەڵ سروشتی؟ ئەگونجێت بۆی بڕیار بدرێتو بکرێت بەیاسا؟ تاچەند دەتوانرێت پیادەی ئەو یاسایە بکاتو چەندین گریمانەی تر. جگە لەگرنگی دان بەبواری سایکۆلۆجی پێویستە بەوردی ڕەچاوی لایەنی کۆمەڵایەتی بکرێت، بۆیە چەند ژنی شتێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە ئەگەر دەرگای چەند ژنی داخرا ئافرەتانی بێ لانە چ ئەوانەی قەیرەنو چ ئەوانەی مێرد مردوو... هتد، لەکۆڵانو شەقامەکان ئەخولێنەوەو جێگایەك نابێت کە بەسەربەرزی تیایدا بگوزەرێنو دڵو دەروونیان لەنێویدا ئاسودە بێت، کەسێك نابێت ڕێزیان بگرێتو هەستو سۆزیانی پێ ببەخشێت، چونکە دڵو گیانی ئافرەت لەباوەش پیاوێك کە پەیوەندیەکی گیانیو

دەروونی لەگەڵیا نەبێت ناسرەوێت. هەر بەو شێوەیەش خواوەند خولقاندویەتی بۆ درێژەپێدانو نەپچرانی وەچەی مرۆڤایەتی لەسەر ڕووی زەوی، چونکە ئەگەر ڕەچاوی مانەوەی توخمی مرۆڤایەتی نەبوایە، ئەوها بەشێوەیەکی چڕوپڕ ئەو دەروونە ئەوەندە خولیاو ئەوینی ئەو هەموو هەستو سۆزە نەدەبوو.

بێگومان خاوەنی کارخانەکە کە دروست کەریەتی هەر بۆ خۆی زیاتر لەهەموو کەسێك خوێندنەوە بۆ بەندەکەی دەکات جا چ پیاو بێت چ ئافرەت، بۆیە هەروا بەوێڵی بەجێی نایەڵێت بۆ ئەوەی هەم وەچەی پارێزراوبێتو هەم لایەنی دەروونی نەڕوخێتو هەرەس نەیەنێت، باشترین ئەزموونیش بۆ چاکیو باشی پەیامی پەروەردگار بۆ ڕۆحو نەفسو جەستەی مرۆڤایەتی ئەو وڵاتانەن کە پەیامی خوا پەیڕەو ناکەن، چۆن لەڕووی نەفسیو ڕۆحیو جەستەیەوە ژێراو ژوور بوونەو ئۆقرەیان لەنێودا هەڵگیراوە، ئەمەش بەدانپێدانانی کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لەخودی خۆیاندا. هەر بەو لێکدانەوەی کە ئاماژەمان پێدا، ئەوەی دژی چەند ژنیی بوەستێ کەسێکە هیچ ڕێزی ئافرەتی لا نییەو حەز دەکات قینەو حەزی گڵاوی خۆی لەمیانەی ئەوەی کە لەژیانی خۆیدا هەرەسی هێناوە بەئاسانیو هەرزانی بەئافرەتانی دەربەدەرو بێ لانە بڕێژێت، چونکە وەستان لەدژی تێکستی چەند ژنی وەستانە لەدژی سروشتی ئافرەتو تێکدانی کەسایەتی.

# لێمان گەڕێن با هەڵە بکەین... تا لەڕاستیەکان بگەین

ژیان بریتیە لە هەڵەکردن، چونکە بەهۆی هەڵە کردنەوە نەبێت ژیان جوان نابێت، دەبێت مرۆڤ هەڵە بکات بۆ ئەوەی لەناوەڕۆکی ڕاستییەکان بگات، ئەو کەسەی کە لەژیاندا ڕووبەڕووی هەڵە نابێتەوە، کەسێکی کەم ئەزموونە، کاڵ فامو سادەیە، رووکەشە، وردبین نییە، گەورەترین قوتابخانە کە مرۆڤ تیایدا خۆی پێ بگەیەنێت هەڵەکردنە، مرۆڤ ئەوەندەی بەهەڵەکردن دەبێتە خاوەن ئەزموون، ئەوەندە لەقوتابخانە لەمانای ڕاستییەکان ناگات، بۆیە لەماڵەوە هەر دایكو باوكێك ڕێزی زیاد لەپێویستی منداڵەکانی خۆیان گرتو سۆزو عاتیفەیەکی لەڕادە بەدەریان پێدا، ئەوا ئەو دایكو باوکە بەر لە هەموو کەسو شتێك کار لەسەر دارمانی کەسێتی ئەو منداڵە دەکەنو دەیڕوخێنن. چونکە بەهۆی ئەو ڕەفتارە هەڵانەوە ئەو منداڵە لە ئەزموونی ژیان دادەبڕێتو دوور دەخرێتەوە لەوەی کە هەڵە بکات، ناتوانێت لەگەڵ گەشەکردنی تەمەنیدا هەڵەو ئەزموون هاوڕێیەتی بکات. یان لەگەڵ گەشەکردنی عەقڵو هەڵەکردندا پەرە بەزیاتر خرۆشانی عەقڵ بدات. هەربۆیە ئەو خۆشەویستیو سۆزە سەقەتەی کە بەرامبەر منداڵان بەکار دەهێنرێت دەبێتە کۆسپ بۆ کۆنترۆڵ کردنو لەناوبردنی کەسایەتی ئەو منداڵە. قوتابخانەش بەهەمان شێوە کار بۆ پێگەیاندنی قوتابیان ناکات، بەڵکو ناتوانێت قوتابی فێری ژیانێکی تەندرست بکات. هەمیشە قوتابی سەرقاڵی ئەو بابەتە کۆنو ئیکسپایەرانە دەکات کە تۆزیان لەسەر نیشتووە، کە چەندین ساڵە لەئاکامی هەڵو مەرجێکی دیاریکراو هەڵقوڵاون. کەچی ئێستا قوتابیان پابەند دەکەن بە ئەزبەرکردنو غافڵاندنیان.

لەڕاستیدا ئەو پرۆگرامانەی کە ساڵانەش گۆڕانکاریان تێدا دەکرێت نەك هەر مایەی سوود بەخش نییە بەقوتابیان، بەڵکو تێکدانو لەناوبردنی هزری داهێنانکاری ئەوانی لێ بەرهەم دێت. دەبێت خوێندن گوزارشت لەشتێك بکات کە پەیوەندی بەژیانی تاكو

کۆمەڵ هەبێت. دەبێت ئەو بابەتانەی کە قوتابی پێوەی خەریك دەکرێت لانی کەم بەدەوری ئەو کۆمەڵگەو واقیعە بخولێتەوە، نەك پڕۆگرامێك بێت توانای پێشکەوتن‌و گەشەپێکرنی ئاستی خودی قوتابیەکەی نەبێت. بۆیە دەبێت پسپۆڕانی کۆمەڵناسی‌و دەروونناسی، بەتایبەتی ئەوانەی تایبەتمەندن بەبواری توێژینەوە لەقوتابی‌و کەسایەتیان. دەبێت ئەوانە سەرپەرشتی ئەو پڕۆگرامانە بکەن بۆ ڕێگەدان بەخوێندن یاخود نەخوێندنی کام بابەت. دەبێت دیراسەی دەروونی ئەو مامۆستایانە بکرێت کە داڕێژەری ئەو پەرتووك‌و پڕۆگرامانەن، کە ئاخۆ لەبەرچی ئەو بابەتە هەڵدەبژێرن، چونکە نابێت بۆ تێرکردنی دەروونی مامۆستایەکی نەخۆش هەزاران قوتابی بکرێت بەقوربانی تێرکردنی ئەو حەزە نەخۆشەی مامۆستای دانەر بەهەر هۆکارێك بووە تووشی ئەو گرفتە دەروونییە بووە هەمان ئەو دەردە بەقوتابی بڕێژرێت. جا چ هۆکاری سیاسی، نەتەوەیی، کلتوری، میزاجی، حزبی..... هتد. دەبێت زۆر بەوردی ڕەچاوی قوتابیان بکرێت نابێت بەدرێژایی ژیانیان سەرقاڵ بکرێن بەشتێك کە نە پەیوەندی بەخۆیان هەبێت نە بەواقیعی کۆمەڵگەکەیانەوە. چونکە زۆربەی قوتابیان بەپڕۆگرامێك بەستراونەتەوە نەخۆیان لەنێو ئەو پڕۆگرامە دەبیننەوە نە لەدەرەوەی پڕۆگرامەکە. لەئاکامدا دەبێتە مایەی ئەوەی کە لەبەر سەرقاڵ بوون‌و خەریك بوون بەهەڵەیەکی دوورو درێژو نەبڕاوە ئەنجامێك بەرهەم بێنێت، کە پڕبێت لەپێشەکیەکی دوور لەخۆیی‌و واقیع‌و کۆمەڵگە. بۆچی لەپڕۆگرامی خوێندندا هەر باسی چاکە دەکرێت‌و کەچی بنەمای چاك بوون فێری خەڵك ناکرێت، یان باسی خراپە دەکرێت بێئەوەی فێری ئەوەبێت خراپە چییە؟ ژیان پێویستی بەوە نییە کە تەنها فێری چاکە بکرێت‌و پێویستیشی بەوە نییە تەنها فێری خراپە بکرێت. چونکە نە چاکەکار بەتەنها لەمانای ژیان دەگات، هەروەك خراپەکاریش بەتەنها لەمانای ژیان ناگات. بەڵکو دەبێت چاکەو خراپە لەڕێگای کەوتنە ناویەوە مرۆڤ تیایاندا ئەزموون وەردەگرێت‌و پەروەردە دەبێت.

# هەڵبژاردنێکی تەندروست

دەست نیشانکردنو هەڵبژاردنی هەر لیستێك لەڕێگەی جەماوەرەوە بۆ پێبەخشینی متمانە بەمەبەستی هەڵسوڕاندنی کاروباری وڵات جێگای خوشحاڵی ئەو دەنگ دەرانەیە کە دەتوانن خۆیان خاوەن بڕیاربن بۆ دیاریکردنی لیستێکی شیاو. کە ئەو لیستە خاوەن پڕۆژەیەکی ستراتیجی بێت بۆ کۆمەڵگا دیارە ئەم شێوە متمانە بەخشینە نەك هەرمایەی دڵخۆشیە بۆ تاکە تاکەی دەنگ دەرەکان، بەڵکو باشتر کردنی ژیانو گـوزەرانی خـەڵكو هێنانەدی ئەو ئاواتانەیە کە خواستی خۆیانن بۆ گوزەرکردنی ژیانیان، جگە لەوە دەنگدەر دەبێ ڕاستەخۆ پردی پەیوەندیو لێپێچینەوە لەگەڵ پاڵێوراوی خۆی دروست بکات.

بۆ ئەوەی بزانێ ئایا لەئاست خواستی بەرژەوەندیەکانی خۆیدا بووە؟ گیروگـرفتی بـۆ چارەسەر کردووە؟ خەمو پەژارەکانی بۆ سووك کردوون؟ بۆ ئەم مەبەسـتانە بـۆی هەیـە چاودێری وردی بکات، لە هەموو ئەو سیاسەتانەی کە لە تەواوی ئەو کاتەی متمانـەی پێداوە شەفافانە گرێ بەستو پەیوەندیە هەرێمیو نێو نەتەوەییەکانی بۆ ڕوون بکرێتەوە. ئاخۆ لەبەرژەوەندی جەماوەر دایە یان پێچەوانەی خواستی دەنگەدەر مامەڵەی کردووە.

تا ئێرە باشترین ئەزموونی ڕابـردووی گەلانـە بـۆ بـەڕێوەبردنی کاروبـاری خـەڵکی لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە، بەڵام هەڵبژاردن بەو شێوەیەی کە لای ئێمـە دەکرێـت جێگـەی سەرنج وتێبینیە. لەڕوانگەی ئەو شێوە دیموکراسیەتەی کە چۆن لەوڵاتانی ئەوروپی ئەنجام دەدرێت بەهەمان شێوە لێرەدا دووبارە بکرێتەوە. بەبێ ئەوەی دەستکاری هەندێك شت بکرێت لەقانونی هەڵبژاردن بۆ؟ چونکە هەڵبـژاردن لەلایـەن خـەڵکی کوردسـتان هـیچ پڕەنسیپێکی نییەو بێ بنەمایە. واتـە لەلایـەن خەڵکـەوە هەرچـی ئامادەسـازیە بـۆی ناکرێت، خوێندنەوە بۆ پڕۆژەی ئەو لیستو قەوارە جیاجیایانـەی بەشـداربوو لەبەرچـاو ناگیرێـت بـەپێوەری زانـستی شـتەکان هەڵـسەنگاندنیان بـۆ ناکرێـت لەمیدیاکانـەوە

چەواشەکاری دەکرێت‌و خەڵکی نەخوێندەوارو کەم ئەزموون فریو دەدرێت. شتەکانیان بەپێچەوانەوە بۆ ڕاڤە دەکرێت دەبوایە ئاوا بەسادەیی هەڵبژاردن ئەنجام نەدرابایە، بەوردی ڕەچاوی ئاستی تاکە کەسی دانیشتوانی بکرابا. چونکە بەهۆی ئەو بارودۆخە ناهەموارە نەگبەتییە داتەپیوەی کە بەسەر میللەتی کورد هاتووە هەلی ئەوەی بۆ نەڕەخساوە بتوانێت بەلای کەمەوە بەشی هەرەزۆری ئاستی خوێندەواریان بەرەو پێش ببەن. یانیش هەر نەیانتوانیوە بەشداری خوێندن بکەن، بەشی زۆری بۆیان نەکراوە سوود لەتەمەنی زێڕینی خۆیان وەربگرن، لەبەر ئەو ئاستەنگانەی کە خۆیان پێوە سەرقاڵ بوونە چ ئەو شەڕو ئاشوبیە دەرەکی‌و ناوەکیە چ ئەو ژیانە قوڕسەی کە بەرۆکی گرتوون بەهۆی سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووریەوە. بۆیە هەلی خوێندیان بۆ نەڕەخساوە کە بتوانن بەشێوەیەکی بابەتیانە بەرژەوەندی خۆیان لەرێگەی دەنگدانەوە بێننە دی.

هەر بۆیە بەمیزاجی خۆیانەوە یانیش بەفریودانیانەوە چ لەڕێگەی میدیاکانەوە چ لەڕێگەی بەرژەوەندی‌و دەنگ فرۆشتنەوە ناتوانێت وەك پێویست ئەو ئامانجە بپێکن کە خۆیان قەناعەتیان پێیەتی. بۆیە جێگەی خۆیەتی باس لەوە کرابا کە کوردستانی ئێمە تاکو ئێستا بەو ئاستە نەگەیشتووە کە هەموو تاکەکانی مافی دەنگدانیان هەبێت. چونکە دەنگدەر دەبێت لانی کەم بەرژەوەندی خۆی‌و میللەتی بزانێت‌و خوێندنەوە بۆ بەرنامەی لیست‌و قەوارە سیاسیەکان بکات. بەبێ لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی شەخسی‌و ئینتیمای حیزبی‌و خزمایەتی. نەك بۆ خۆی لەنێو واقیعێك دابێت‌و لەدەرەوە لەواقیعەکە بڕوانێت. بۆیە داواکارین بۆ هەڵبژاردنی ئایندە چاوێك بەو کەموکورتیانە بخشێندرێتەوەو ڕەچاوی ئاستی تێگەیشتنی خەڵکی بکرێت. بۆ ئەوەی ئەگەر ئاستی ڕۆشنبیری بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا تەواو نەبێت ڕێگە نەدرێت بەرەو سندوقی دەنگدان بڕۆن، چونکە دەنگدانی بێ هەڵسەنگاندن‌و بێ قوڵبوونەوە مایەی نەگبەتی‌و نانەوەی پەشێویە بۆ سەرجەم کۆمەڵگا.

# ئیسلامو فۆبیای پێكەوە ژیان

وشەی ئیسلام لەبنەڕەتدا (چاوگە) چونكە دەگوترێت: (أَسْلَمَ، يُسْلِمُ، إِسْلاماً) گەردن كەچ بوو، گەردن كەچ دەبێ، گەردن كەچ كردن، كەواتە ئیسلام واتە گەردن كەچی،ئەمە لەڕوانگەی زمانەوانیەوە،بەڵام لە زاراوەی شەرعدا (إسلام) ناوی بەرنامەو دینی بەڕێزی خودایە و بەمانای گەردن كەچیە بۆ خودای تاك و تەنیا هەروەك خودا دەفەرموێت: ﴿أَفَغَيْرَ دِينِ اللّهِ يَبْغُونَ وَلَهُ أَسْلَمَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ طَوْعاً وَكَرْهاً وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ﴾ آل عمران٨٣ واتە: ئایا ئەوانە بێجگە لەئاینی خوا ئاینێكی تریان دەوێت؟!

لەكاتێكدا كە هەرچی لەئاسمانەكانو زەویدایە بەڕەزامەندی بێت یان بەناچاری تەسلیمو ملكەچی پەروەردگارن، هەمووانیش هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنرێنەوە. ئەمە بەپوختی پێناسەی ئیسلام بوو بەڵام ئیسلام وەك نێوەڕۆكو جەوهەر بەمانای بەختەوەریو ئاشتی دێت پێغەمبەر درودی خوای لەسەربێت دەفەرموێت: «الْمُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ». صحيح البخاري ١٠ واتە: موسڵمان ئەو كەسەیە كە موسڵمانان لە زمانو دەستی ئەمینن.

لەلایەكی تریشەوە (إسلام) بەرنامەیەو بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی هاتووە بۆ بنبڕكردنی گرفتەكانی ڕۆحیو دەروونیو كۆمەڵایەتیو ئەخلاقیو سیاسیو ئیداریو... هتد.

چونكە ئیسلام كە هات بۆ ڕزگاركردنی ئادەمیزاد بوو لەشەوە زەنگی نەفامی بۆ تیشكی درەوشاوەی ڕوناكی ﴿يُخْرِجُهُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّوُرِ﴾ البقرة: ٢٥٧، واتە: بۆ ئەوەی خەڵكی لەتاریكستانەكان دەربكات بەرەو ڕوناكی. (ظلمات) كۆی (ظلمة)ە واتە: تاریكستانەكان، جا چ گرفتە دەروونییەكان بن چ گرفتە ئەخلاقیەكان بن... هتد چونكە بەر لەوەی ئیسلام دابەزی بۆ سەر ڕوی زەوی خەڵكی لەگرفت گەلێكی دژواردا ژیانیان دەگوزەراند لەڕووی كۆمەڵایەتی ئەخلاقی، سیاسی، ئیداری... هتد.

بۆیە ئیسلام هات بۆ چارەسەر کردنی ئەو ئاریشانەی کە خەڵك بەهۆی دورکەوتنەوەیان لەئاینە ئاسمانییەکان تێیکەوتبون هەر بۆ ئەم مەبەستە چەندین یاساو ڕێسای دانانو چەندین کۆتو بەندی شکاندن بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لەو تەنگژەیەی کە تێیدابون وەك فریادڕەسێك بەهانایان بێتو ڕزگاریان بکات نەك هەر ئاینی ئیسلام بەڵکو هەموو ئاینە ئاسمانیەکان بۆیە هاتونەتە خوار بۆ بچوك کردنەوەی گرفتەکانو هەڵتەکاندنیان لەڕەكو ڕیشەوە چونکە کتێبی خودا کە تەوراتە کاتێك بۆ (بني إسرائیل)یەکان ڕەوانەکرا بەنێردراوی خۆی کە موسی پێغەمبەر بوو سەلامی خوای لەسەر بێت بۆچی ڕەوانە کرا؟

تەنها بۆ پاڵافتەکردنی ئەو بەرنامەبوو کە لەپێش خۆیدا دابەزیبوو و بیرو هۆشی خەڵکی تێدا ئاخێندرابوو و وەك بەرنامەی خوداش دەناساندرا، چونکە بەتێپەربوونی ڕۆژگار لەمیانەی لێك دانەوە بۆ تێکستەکان بۆچوونی ڕاڤەکارانو توێژەرەوانی لەگەڵ دەخرێت سەرەنجام ئەو جۆرە ئاینە بەوێنەی بۆمبایەك بەنێو خەڵکیدا دەتەقێتەوەو لەبری بەختەوەری خەڵکی بەرەو ئاراستەیەکی تر بەڕێ دەکات بۆیە خودای پەروەردگار لەکاتو سەردەمی خۆیدا کە موسی پێغەمبەر سەلامی لەسەر بێت ڕەوانە دەکات بەمیکانیزمو ئالیەتی خۆی ئاراستەی گەلەکەی دەکات جیا لەپێغەمبەرانی تر، بەهەمان شێوە پەیامی پێغەمبەر عیسی بۆ بەنی ئیسرائیلیەکان بۆ ئەوە هاتبوو چارەسەری ئەو تێکستانە بکات کە پیاوە ئاینیەکان شێواندبویانو لێك دانەوەی خۆیان بۆ دەقەکان بەئاین وێنا دەکرد، چونکە عیسی کوڕی مەریەم ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو کە ئەو ئاینەی لەپێشدا هاتووە بەجۆرێك لەجۆرەکان شێوێندرایە بەکەڵکی ژیان نایەت ئەگەر ڕاست نەکرێتەوە هەروەك خوای گەورە لەسەر زوبانی دەفەرموێت: ﴿وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّراً بِرَسُولٍ يَأْتِي مِن بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءهُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ﴾ الصف: ٦، واتە:

((بيريان بخەرەوە كاتێك عيساى كوڕى مەريەم بەنەوەى إسرائيلى وت: "منيش بەڕاستى پێغەمبەرى خوام بۆ سەر ئێوە، ڕاستى تەوڕاتيش دەسەلمێنم كە لەپێش مندا هاتووە، هەروەها مژدەدەريشم بەپێغەمبەرێك كە دواى من دێتو ناوى ئەحمەدە" كەچى كاتێك بە بەڵگەو نيشانەى تێرو تەواوو معجيزەى ئاشكراوە پێى ڕاگەياندن، وتيان: "ئەمە جادوويەكى ئاشكرايە")) كەواتە بەرنامە يەك لەدواى يەكەكان بۆ ئەوە هاتوون كە خەڵكى بۆچوونو لێكدانەوەى ڕاڤەكاران بۆ تێكستە ئاينەكان بەخودى بەرنامەى خواى پەروەردگار نەزانن، چونكە ئەگەر بۆچوونى بەشەريەت بەبەرنامەى خودا زاندرا ئا لەوكاتەدا حەق بەناحەق پيشان دەدرێت بەپێچەوانەوە ناحەقيش بەحەق وێنا دەكرێت بۆيە پێغەمبەردەفەرموێت: ((اللهُمَّ أَرِنَا الحَقَّ حقّاً وَأرزقنا إتباعه، وأرنا الباطلَ باطلاً وأرزقنا إجتنابَهُ)). واتە: پەروەردگارا حەقمان بەحەق پيشان بدە بۆ ئەوەى شوێنى بكەوين ناحەقمان بەناحەق پيشانبدە بۆ ئەوەى خۆمانى لێ بپارێزين، هەروەها بونى گرفت گەلێك كە چارەسەرى دۆزينەوەيان گەلێك ئەستەمە ئەوەش شتێكى چاوەڕوان كراوە لەهەموو ئاينە ئاسمانييەكان بەگشتىو ئاينى پيرۆزى ئيسلام بەتايبەتى كە بەپێى پێويستى بارودۆخو تێپەڕبوونى ڕۆژگار بيرو بۆچوونى خەڵكى لەگەڵ كەلامى بەپێزى خوداى پەروەردگار بخرێتو بەئاين سەير بكرێت بۆ سوودمەندبوون لەئاينو بەكارهێنانى وەكو وەسيلەيەك بۆ گەيشتن بەئامانجە گلاوەكان ئەمەش بەشێواندنى دەقەكانو لێكدانەوە وەك ئەوەى كە ئەوان دەيانەوێت نەك وەك ئەوەى كە خوا فەرمويەتى، چونكە خودا بۆ هەموو وردەكاريەكانى ژيان ياساو ڕێساى تێرو تەسەلو تايبەتى دارشتووە، ئينجا بۆ نمونە باسەيرى ئەم ڕوداوە مێژووييە بكەين كە لەمێژووى زێرينى ئيسلامدا ڕوويداوە عەمرى كوڕى عاس خوا لێى ڕازيبێت والي موسڵمانان بوو لە (مسر) كوڕەكەى عەمر لەگەڵ كوڕى كابرايەكى (قبتي)دا پێشبڕكێى ئەسپ سوارى –غارغارێن-يان دەكرد ئەسپى كوڕە (قبتي)يەكە پێش ئەسپى كوڕەكەى عەمر كەوتەوە، ئەويش

دایگرتو هێنایە خوارەوە دایە بەر قەمچیو پێی گوت ((خُذْهَا وَأَنَا ابْنُ الأَكْرَمِيْنِ)) واتە: بیگرە، نازانی من کوڕی دوو ئینسانە بەڕێزەکانم کوڕی دایكو باوکی خۆمم کە باوکم عەمری کوڕی عاسە (والی)ی (میسر)ەو دایکیشم فلان ئافرەتەیە، تۆش کابرایەکی (قبتي) چۆن بۆت هەیە ئەسپی تۆ پێش ئەسپی من بکەوێتەوە دیارە کوڕی (قبتي) دەزانێ ڕۆژگار ڕۆژگاری خەلیفەی دادگەری ئیسلام (عومەری کوڕی خەتتاب)ە بۆیە لەمیسرەوە دەچێ بۆ مەدینە سکاڵای خۆی دەباتە لای ئیمام، عومەر خوا لێی ڕازی بێت نامە دەنێرێتو دەڵێ: عەمری کوری عاس خۆتو کوڕەکەت دەگەنە جێ ئەو قەمچیەش کە پێتان لەو کوڕە (قبتي)یە داوە لەگەڵ خۆتانی دەهێنن، یەکسەر دێتو دادگایی یان دەکات.

دەڵێ: قەمچیەکە بدە دەست ئەو کوڕە (قبتي)یە ئەویش لەدەستی وەردەگرێت جا عومەر پێی دەڵێ چەند قامچی لێداوی هێندەی لێبدەوەو چۆنی لێداوی ئاوای لێبدەوە ئیدی کوڕە (قبتي)یەکە کوڕەکەی (والی)ی میسر دەداتە بەرقامچی بەو شێوەیەی کە لێی دراوە دوای ئەوەی کە تەواو دەبێت عومەر دەفەرموێت ((ادرها على صلعة عمرو)) واتە: قەمچیەکە بسوڕێنە بۆ سەری عەمری باوکیشی عەمری کوری عاس (والی) میسریش بووە لەو کاتەدا هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێت دەکەونە نێوانو دەڵێن:

ئەی گەورەی ئیمانداران خۆ باوکی لێی نەداوە کوڕەکەی لێی داوە کوڕە (قبتي)یەکە دەڵێ گەورەی ئیمانداران هەقم بەسەر بابیەوە نییە، چونکە هەقی خۆم ستاندۆتەوە عومەر دەفەرموێ: نەخێر بەپشتو پەناو قوەتی باوکی لە تۆی داوە لێی بدە دوایی هاوەڵان دەکەونە شەفاعەتو تکاو ڕەجاو عەمر ڕزگاری دەبێت جا (عومەری کوڕی خەتتاب) لەو مەقامەدا ئەو ڕستە ناودارە دەفەرموێت: ((مَتَى اسْتَعْبَدْتُمُ النَّاسَ وَقَدْ وَلَدَتْهُمْ أُمَّهَاتُهُمْ أَحْرَاراً)) واتە: لەکەیەوە خەڵکتان کردووە بەکۆیلە خۆ بەئازادی لەدایك بوون. پێغەمبەر درودی خوای لەسەربێت دەربارەی ئەو مافانە لەحەجیماڵئاوایی دا کە

زیاتر لەسەد هەزار کەس لەهاوەڵە بەڕێزەکانی لەخزمەتی دابوونو دوایین حەج بوو کردی دواپین وتاریشی بوو کە بەو شێوەیە بەگشتی بۆیان بدات فەرموی: «فَإِنَّ دِمَاءَكُمْ وَأَمْوَالَكُمْ وَأَعْرَاضَكُمْ بَيْنَكُمْ حَرَامٌ كَحُرْمَةِ يَوْمِكُمْ هَذَا، فِى شَهْرِكُمْ هَذَا، فِى بَلَدِكُمْ هَذَا. لِيُبَلِّغِ الشَّاهِدُ الْغَائِبَ» متفق عليه (صحيح البخاري ٦٧ ومسلم ٤٤٧٨). واتە: خوێنتان ماڵتان ناموسو ئابڕوتان لەسەرتان قەدەغەیە لەنێو خۆتاندا وەك قەدەغەی ئەم ڕۆژەتان، لەم مانگەتاندا لەو وڵاتەدا ئەوەی کە لێرەیە بابیگەیەنێت بەوانەشتان کە لێرەنین.

هەروەها لە سەردەمی پێغەمبەردا لەکاتێکدا وەفدی (نجران) هاتووە لەمزگەوتی پێغەمبەردا قسەکەری ئەوان هەستاوەو قسەی خۆی کردووەو دیفاعی لە بیرو باوەڕی (نەجرانیەت)ی خۆیان کردووە، پێغەمبەر ئایەتی خوای بۆ خوێندونەتەوەو باسی ئیسلامی بۆ کردون هەروەها دەربارەی کەسانێك کە هێمنیو ئاسایشی وڵاتو خەڵك تێکدەدەن فەرمویەتی: ﴿إِنَّمَا جَزَاء الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَاداً أَن يُقَتَّلُواْ أَوْ يُصَلَّبُواْ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلافٍ أَوْ يُنفَوْاْ مِنَ الأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ المائدة: ٣٣، واتە: بێگومان پاداشتی ئەوانەی کە دەجەنگێنو دوژمنایەتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن بەگەرمی هەوڵ دەدەن بۆ بڵاوکردنەوەی فەسادو بەدڕەوشتی لەزەویدا هەر ئەوەیە (ئەوانەیان کە خەڵکیان کوشتوە) دەبێت بکوژرێن (ئەوانەش کە خەڵکیان کوشتوەو جەردەییشیان کردوە) دەبێت لەخاچ بدرێن (ئەوانەیان تەنها جەردەیی دەکەن) دەستو قاچێکیان بەپێچەوانەوە ببردرێن (ئەوانەیان کە مەترسیان لێ دەکرێت) ئەوە دوربخرێنەوە لەوڵات ئەو سزایە خەجاڵەتیو سەرشۆڕیە لەدونیادا، لەقیامەتیشدا سزای سەختو گەورەیان بۆ هەیە، سەبارەت بەدادگەریو چاکەکاری لەگەڵ کەمایەتییە دینییەکاندا دەفەرموێ: ﴿وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُواْ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى﴾ المائدة: ٨، واتە: ڕقو دوژمنایەتی هیچ لایەك هەڵتان نەنێت کە لەدادگەری لابدەن، دادگەر بن ئەوەیان باشترە بۆ پارێزگاری لە

خوا. دەربارەی ئەو کەسانەی نەجەنگاون‌و دژایەتی ئاینیان نەکردووەو لـە شـوێنەوارتان دەریان نەکردوون دەفەرموێت: ﴿لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ﴾ الممتحنة: ٨، واتە: دڵنیابن خوا قەدەغەی ئەوەتان لێ ناکات کە چاك ڕەفتاری‌و دادپـەروەری بکـەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا جەنگیان دژ نەکردوون‌و دژایەتی ئاینیان نەکردوون لەشـوێنەوارتان دەریان نەکردوون، چونکە بەڕاستی خوا دادپەروەرانی خۆشدەوێت دەربارەی ئازادی بـیرو باوەڕ دەفەرموێت: ﴿وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاء فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاء فَلْيَكْفُرْ ﴾ الكهف: ٢٩، واتە: حەق هەر ئەوەیە کە لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆتان ڕەوانە کراوە جا ئـەوەی دەیەوێت باباوەڕ بهێنێت‌و ئەوەی دەیەوێت باکـافرو بـێ باوەڕبێـت دەربـارەی زۆرکـردن لەوەرگرتنی بیرو باوەڕدا دەفەرموێت: ﴿لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ﴾ البقرة: ٢٥٦.

واتە: بەهیچ جۆرێك زۆرکـردن نییـە لـەوەرگرتنی بـیرو بـاوەڕی ئـاینی ئیـسلامدا دینداری بەزۆر نابێت بکرێت‌و دیـن بـەزۆر نادرێـت بەسـەر کەسدا ئەمانـەو چـەندین فەرمودەی تر کە جەخت لەسەر تەبایی‌و پێکەوە ژیـانی کەمایەتییـە ئاینـەکان لەگـەڵ ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا دەکەن، جگە لە هەڵسوکەوتی زانایـان لەگـەڵ بێباوەڕانـدا کـە بەدەیان کەس کەوتونەتە ژێر کاریگەری هەڵسوکەوتیان هەمووی بەڵگەنە کە ئیسلام بۆ بەختەوەری مرۆڤایەتی هاتووە نەك بەپێچەوانە خەڵك توشی تەنگژەی دەروونی بکـات‌و گرتن‌و کوشتن‌و ترساندن‌و تۆقاندن هێڵەسەرەکیەکانی بن کەواتە ئامانجی سەرەکی هێمن‌و ئاسایش‌و برایەتی‌و تەبایی‌و پێکەوە ژیانی سـەرجەم مرۆڤایەتیـە بەموسـڵمان‌و غـەیرە موسڵمانانەوە نەك شتێکی تر.

# مرۆڤ لە پێكهاتەوە بۆ ڕێسای ژیان

مرۆڤ لە بنەڕەتدا لەدوو پێكهاتە دروست بووە:

یەكەم: جەستە دووەم: دەروون

## جەستە :

خوا سبحانەو تعالی لە گڵی دروست كردووە بە چەندین قۆناغ تاكو ئەوشێوازە تایبەتیەی بەخۆیەوە بینیوە خۆراكی ئەو جەستەیەش تەنیا لەزەوی چنگ دەكەوێت چونكە لەزەوی دروست بووەو بەزەویش دەژیت.

## دەروون :

خوای پەروەردگار لەئاسمان ناردوویەتی بۆ نێو جەستە دیارە خۆراكی ئەو دەروونە جگە لەو شوێنەی كە لێی هاتووە هیچ جێگایەكی تر نییە كەواتە لایەنی جەستەیی هێندە گرنگ نییە كە بەقوڵی تێڕوانینی بۆ بكرێت بە قەد ئەم بەشە دەروونیەی كە وەك نهێنیەكی خوای پەروەردگار لەنێو جەستەدا خۆی حەشارداوە بۆیە تێڕوانین بۆ جەستە دەكرێت لەڕێگەی تەكنەلۆجیای پێشكەوتوو شیكاری ووردی بۆ بكرێت بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەو پێكهاتە جەستەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە كە ناتواندرێت بە تەكنەلۆجیای سەردەم توێژینەوەی بۆ بكرێت ئەو نهێنیە شاراوەیە كە ساڵەهای ساڵە عاریفان بەدوای دۆزینەوەیدا عەودالن كەچی تۆسقاڵە زەڕەیەك ئاشنایەتیان بەو وردەكاریە ئیلاهیە نەبردووە ئەگەرچی خوا سبحانە وتعالی خۆی لە هەندێك شوێن لەقورئانی پیرۆزدا یاسا گشتییەكانی بۆ دیاری دەكات، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە بگوترێت مەرجانەكانی ئەم زەریا گەورەیە دەربهێندرێت دیارە قورئانی بەڕێز بەپێویستی نەزانیوە بۆ چوونە نێو قوڵاییەكانی ئەو دەریایە هەر بۆیە بەڵێلی لە لێواری دەریاكە بەجێیهێشتووە بۆ ئەوەی تەنیا لەو دروست كراوانە گەورەیی خوا عزوجل بەدی بكرێت هەر بۆیە ناكرێت بەندەیەك

بەو هەموو بچوکیەوە سەر لە هەموو ڕاز ونیازەکانی خوای گـەورە دەربکـات جیالـەوە خودا عزوجل دەیەوێت لەڕێگەی ئاشکرا نەکردنی ئـەو دەروونـە ئـاڵۆزە پـەیامێك بـە مرۆڤایەتی ببەخشێت بەوەی ئەگەر ئێوە ئەی خەڵکینە نەتوانن یان ناتانەوێت باوەڕ بـە شتە پەنهانەکانی پەروەردگار بهێنن فـەرموون بـۆ سـەلماندنی ئیمـانو بـاوەڕ بـە شـتە نادیارەکان ئێوەم وەك بەڵگەیەکی بەهێز هێشتونەتەوە بۆ ئەوەی زیاترو باشتر ئاشنا بـبن بەشتە پەنهانەکان، چونکە خۆتان سەیری خۆتان بکەنو هزر بکەنو بزانن ئایـە ئێـوەش نیوەی گرنگی پێکهاتەی خۆتان کە (دەرونتانە) جگە لە پەنهانو غەیبیات چی تر هەیە؟ بۆ ئەم مەبەستە خوا چەندین ڕێسای تایبەتی بەخۆیەوە گرتۆتەبەر بۆ ڕێکخـستنی ئـەو دەروونە ئاڵۆزە پـەیامی گرنگـی خـۆی کـە قورئـانی پـیرۆزە بـۆ ڕێنماییـەکانی ژیـان لەئاسمانەوە ڕەوانەی کردووە بۆ تێرکردنی ئەو حەزو خولیایەی کە دەروون ڕۆژانـە خـۆی ئارەزوو دەکات، چونکە دروست کردنی هەر ئامێرێك پێویـستی بەکۆمـەڵێك ڕێنمـایی هەیە تا بەهۆیەوە ئەو ئامێرە بپارێزرێت بەپێچەوانەوە لایی نەکردنەوە لـەو ڕێنماییانـە دەبێتە مایەی نەگبەتیو تێکشکانی ئەو ئامێرانەی کە ڕێنماییو کەتەلۆکی تایبـەتیان بۆ دروست کراوە هـەر بـەو پێودانگـە خـوا بەشـەری خولقانـد لـە گـڵ هـەموو ئـەو پێداویـستیانەی کـە پێویـستیەتی لـەو گڵـەی بـۆ فەراهـەم هێنـاوە دواتـر گیـانی بەبەرداکردووە ئەو گیانەش لەجێگەیەکی تر جگە لە زەوی کە ئاسمانە بۆی ڕەوانـەکراوە بۆیە پێداویستییەکانی لەو شوێنە تایبەتییە بۆ هاتووە وەك کەتەلۆك بۆ دەروونی مرۆڤ، چونکە ئەگەر بەهۆی ئەو کەتەلۆکە ئادەمیزاد ڕێنمایی نەکرێت دەبێتە مایەی پەشـێوی بۆ خودی جەستەکەشی، چونکە جەستەو دەروون هەردووکیان بەچەشنێك ئاوێتەی یەکتر بوونە نەجەستە دەتوانێت بەبێ دەروون خۆی ڕاگرێت نە دەروون دەتوانێت بەبێ جەسـتە بمێنێتەوە کەواتە بۆ هێشتنەوەی دەروونو جەستە دەبێت ئەو یاساو ڕێسایانە لەبەرچـاو بگیرێت کە خاوەنی جەستەو ڕۆحەکە خۆی ئەو کەتەلۆکەی بۆ هەناردووە.

# ڕوانینێك
# لە نمونەکانی گەردوون

مرۆڤ کاتێك کە گەشت دەکات بۆ نێو گەردوونو سروشتو خودی خۆی تەنیا زیاتر مەزنایەتی پەروەردگاری بۆ دیار دەکەوێت چۆن؟ چونکە خوا کە مرۆڤی ئافراند تەنیا بۆ ئەوە بوو کە لە ڕۆخێکی ئەو گەردوونە (الکون) لەو دیمەنە سەرسامانە بڕوانێت بۆ قوڵبوونەوەی باوەڕێکی پتەو لەنێو ناخیدا بەچەشنێك کە دروست کراوەکان بۆ خۆیان بەزمانێکی پاراو بدوێنو بڵێن: دروستکراو دەبێت دروستکەرێکی هەبێت. چونکە شتێکی نەخشێندراوهەر دەبێت نەخشێنەرێکی هەبێت بۆ وێنە کەسێك کورسییەك دروست دەکات کێ هەیە بڵێت: کورسیەکە بۆ خۆی دروست بووە؟ یان ڕێکەوت بەو شێوەیە ئەو کورسیەی ئاوا سازاندووە؟ خوا لەو بارەیەوە دەفەرمویت: ﴿تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَاوَاتُ السَّبْعُ وَالأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلاَّ يُسَبِّحُ بِحَمْدَهِ وَلَـكِن لاَّ تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيماً غَفُوراً﴾ الاسراء: ٤٤، واتە: هەر حەوت ئاسمانەکانو زەویو هەموو ئەوانەی کە تیایاندا هەن تەسبیحاتو ستایشی ئەو زاتە دەکەن، هیچ شتێك نییە لەم بونەوەرەدا کە تەسبیحاتو سوپاسو ستایشی ئەم زاتە نەکات، بەڵام ئێوە لە تەسبیحاتو ستایشی ئەم شتانە تێناگەن، بەڕاستی ئەو زاتە هەمیشەو بەردەوام خۆگرو بە عەوسەلەیە (لە بەرامبەر لادانی خەڵکییەوە) لێخۆش بووەو چاوپۆشی دەکات (ئەگەر ڕووی تێبکەنو باوەڕی پێ بهێنن) هەموو شتێك تەسبیحاتی خودای گەورە دەکات. بەو واتایەی هەرچی دروست کراوە بەزمانی حاڵ دەبێژێت ئێمە بەبێ خاوەن نەهاتووینەتەدی

بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەو شێوەیە ئاڕاستە کراوین خوا لە هەموو دروستکراوەکانیدا مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە بۆ خولْقاندنو بەدیهێنانی، ئینجا مرۆڤی بۆیە دروست کردووە بۆ قوڵ بوونەوە لەو جۆرە شتانەی بە دەورییەوەن دروست کردنی گژوگیا بۆ وێناکردنی ڕۆژی پەسڵان (المحشر) لەحاڵەتێکی تایبەتەوە کە وشك بوونیەتی بەرەو حاڵەتێکی تر دەڕوات کە سەوز بوونیەتی ئەوە ڕاستەوخۆ هزری ئادەمیزاد ڕادەچڵەکێنێ بۆ بیرکردنەوەو سەلماندنی ئەو ڕاستینەیەی کە خوا ئەو هێزو توانایەی هەبێت بەملیۆنان زلە گیای وشكو بێ گیان سەوز بکاتو لەوشك بوونیەوە وەك مەیتە دارێك بەرەو حەیاتو ژیانێکی تایبەتەوە ئاڕاستە بکرێت ئەمە نیشانەی دەسەڵاتێکی بێ ئەندازە نییە؟ کە لەسەرووی عەقڵی مرۆڤایەتییە.

# قوتابخانە لەنێوان گۆڕینی میتۆدو بەکاربەردا

کاتێك منداڵ بووم وامئەزانی خوێندنگا باشترین شوێنە بۆ خۆ پێگەیاندنو پەروەردەو ڕاهێنانی فکری لەڕووی ژیانو چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کۆمەڵگەو دەوروبەردا، بەڵام بەداخەوە خوێندنگا لەڕۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆ پیشەی خۆی بەجێ ناگەیەنێت، کە بریتە لە فێرکردنو ڕاهێنانی خەڵکی کە چۆن لەقوڵایەکانی ژیان بڕوانن، هەروەك چۆن قوتابی ئەرکی خۆی کە خوێندنو ئەزبەرکردنە گرنگی پێ نادات، بەهەمان شێوە مامۆستاش موهیمەی خۆی بەباشی نازانێت، کۆمەڵگەی کوردەواری بەهۆی ئەو ژینگەی کە لێی پەروەردە بووە کە ژینگەیەکە پڕیەتی لە خەڵکی توندوتیژ،

کۆمەڵگەیەکیش بەو شێوەیە بێت بەرهەمی تێڕوانینی عەقڵی ئەو جۆرە خەڵکە پەروەردەکارێك دەخوڵقێنێت کە بەشێوەیەکی پەرچەکردار لەمیانەی ئەو هەموو گرێ دەروونییەی کە تووشی دەبێت وەکو زێرو بۆ مژینی ئەو حەزو خولیایەی کە ساڵەهایە قوتابیان خەونی پێیەوە دەبینن، لەئاکامدا ئەو پەروەردەکارە لەبری فێرکردنی قوتابیان بەرەو کایەی مەعریفیو تێڕوانینیان لەقولآیەکانی ژیان بە هەموو ماناکانییەوە ترسو دڵەڕاوکێیەکی بێ ئەندازە لەدەروونی قوتابیاندا دەڕوێنێت، بۆیە بۆ باشترکردنی ڕەوشی خوێندن پێویستە بەر لەوەی بیر لە مەنهەجو پرۆگرامی خوێندن بکرێتەوە بۆ گۆڕینی بەشێوەیەکی هاوچەرخ کە هاوتەریب بێت لەگەل مەنهەجو پرۆگرامی وڵاتە پێشکەوتووەکان، بیر لەگۆڕینی عەقڵی ئەو کۆمەڵگایە بکرێتەوە کە بەرهەمهێنەری هاوشێوەی ئەو جۆرە مامۆستایانەیە، بەواتایەکی تر گۆڕینی عەقڵیەتی مامۆستایان گرنگترە بۆ باشکردنی ڕەوشی خوێندنو پێگەیاندنو پەروەردەکردنی قوتابیان لەگۆڕینی پەرتووکی بەردەمی قوتابی، چونکە پەرتووك بەتەنیا ناتوانێت گۆڕانکاری لەهزری قوتابیدا دروست بکات، بەڵکو گۆڕینی عەقڵیەتی مامۆستا خۆی بەربەستە لەبەردەم گۆڕانکاری لەڕەوشی خوێندنو دووبارە بوونەوەی هەمان ئەو عەقڵیەتەی کە چەندین ساڵە گیرمان بەدەستیەوە خواردووە، لەئاکامدا بەشێویەکی گەلێك مەترسی لەنێو کۆمەڵگەدا دروستکردووە بەچەشنێك هیچ کەسێك لەم کوردستانەدا نەماوە کە زەبری کوشندەی ئەو عەقڵیەتەی پێنەکەوێت.

# زانكۆ كایە مەعریفیەكەی ئێمە

لەوڵاتە پێشكەوتوەكان زانكۆ پێناسەیەكی تایبەت بەخۆی هەیە، گەورەترین مەڵبەندی مەعریفیە بۆ داهێنانو لێكۆڵینەوەو توێژینەوە لە هەر شتێك كە پەیوەست بێت بەژیانی ڕۆژانەی خەڵكیەوە پڕ بەهاترین كانزای فكرو فەلسەفەو قوڵبونەوەیە لەگرفتی خەڵكیو تاوتوێ كردنی هەموو ئەو وردەكاریانەیە كە دەبێتە بەربەست لەبەردەم پێشكەوتنی خەڵكی لەڕووی سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتی، فەرهەنگیو كلتوریو... هتد. بۆیە بەوپەڕی گرنگیەوە بایەخ بەزانكۆ دەدرێت بە چاوێكی بەرزەوە لێی دەروانرێت زانكۆ سیمایەكی جوانی لەنێو عەقڵی خەڵكی پێشكەوتووخوازدا دروست كردووە كە دەگوترێت زانكۆ وێنایەكی ئارامبەخشو ئاسۆیەكی بەرفراوان خۆی لەعەقڵی تاكی ئەو كۆمەڵگایانە نمایش دەكات زانكۆ بەلای ئەوانەوە ڕەنج دەرە نەك ڕەنجبەر كەچی زانكۆ لەدیدی تاكی ڕۆژهەڵاتدا چەقی (المركز) دۆزینەوەی هەلی كارە شوێنی بەدەستهێنانی بڕوانامەیە ژێرخانی ئابوری خەڵكە كە بەهۆیەوە وەك سەرچاوەیەكی بژێوی ژیان لێی بڕوانن بۆ گوزەركردنی ژیانیان، چونكە بەڕوانینی تاكی ڕۆژهەڵات فێربوونی زانست یان بەدەستهێنانی بڕوانامە جگە لەپەیداكردنی پاروێكی چەور واتایەكی تر هەڵناگرێت واتا زانكۆ ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی كە فێربوونی عیلمو مەعریفەتە ون كردووە تەنانەت لەدەرەوەی واتای خۆی كە زانكۆیە بەكاردەهێنرێت بەمەبەستی بەدی هێنانی شتی ڕواڵەتیو توخمیو ماددی بۆیە هەركاتێك لەنێو كۆمەڵگای ئێمەدا باسی زانكۆ دەكرێت واتای ڕاستەقینەی خۆی نابەخشێت وێنای كەسێكی ڕەنجبەر لەعەقڵی خەڵكی نمایش دەكرێت بەو واتایەی كە خاڵی دەكرێتەوە لەڕاستەقینەی خۆی كە شانازی بەبوونیەوە دەكرا كەواتە زانكۆ لەهەندێك شوێن

پێناسەی جیاوازە بەبەراورد لەگەڵ واقیعی عێراق و کوردستان، چونکە زانکۆ دەبێت ئاریشەکان دەست نیشان بکات و هۆکارو چارەسەری لۆژیکیانەی بۆ بدۆزێتەوە لەبواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کلتوری هەڵسەنگاندن ئەنجام بدات، پێویستە زانکۆ توێژینەوە پێشکەش بەکۆمەڵگا بکات نەك بەپێچەوانەوە شتەکان ئاوەژو بکاتەوەو بارگرانی بۆ کۆمەڵگا دروست بکات، زۆربەی ئەو توێژینەوانەی لەزانکۆکان دەکرێن تەنیا ئەو کاودانەی ڕابردووی خۆیان جارێکی تر بەبەربا دەکەن. توانای ئەوەیان نییە لەڕووی شیکردنەوەی گیروگرفتی خەڵکی هەنگاو بنێن و بابەتێکی زیندوو بەرهەم بێنن ڕێگای چارەسەریان بۆ هیچ شتێك پێ نییە لەبەردەم دەست نیشان کردنی هۆکارو چارەسەری گرفت و کەموکوڕیەکانی کۆمەڵگە لاوازەو بەرگەی هیچ شتێکی پێ ناگیرێت کام پزیشك داهێنانی کردووە؟ دەروونناسێك توانیویەتی لەڕێگەی شیکاریە دەروونییەکانی چارەسەری گرفتی خەڵکی وڵاتی خۆی بکات؟ مامۆستایانی زانکۆ توانای ئەوەیان نییە بچنە نێو ناخی قوتابی خۆیان کە ڕۆژانە لەگەڵی دەژین! چۆن دەتوانن هۆکارو چارەسەری بۆ کۆمەڵگایەك بدۆزنەوە کە ئەوان لەئاسمان و خەڵك لەڕێسماندایە.

# مامۆستا لەدوانگەی بکوژیدا

لەکۆمەڵگەی ئێمەدا هەڵمەتێکی چڕوپڕ بەڕێوەیە لەسەر کوشتنی مرۆڤەکان مەبەست پێی کوشتنی وزەیە کە بەشێوەیەك لەشێوەکان دەڕوخێندرێن بۆ ئەمەش بەرنامە ڕێژی دەکرێت لەحاڵەتەوە بۆتە دیاردەو کلتور، کلتوریش بنبڕ نابێتو درێژە دەکێشێت بەچەشنێك عەقڵەکان ئاوا ڕاهێنراون کە لەگەڵ ئەمەدا دەقیان خواردووە باشتر وایە بەقوڵی بیر لەبنبڕکردنی ئەو کلتورە بکرێتەوەو ڕێگە بدرێت بۆ ئازادی بیروڕا کە هەر تاکێك گوزارشت لەبۆچوونەکانی خۆی بکات ئەگەرچی دەربڕینی ئەو بیروڕایە سلبی بێت باچی تر درێژە بەدووبارە کردنەوەی کلتوری چەندین ساڵ بەر لە ئێستادا نەدەین خاڵی دەسپێکی ئەو گۆڕانکاریە پێویستە لەخۆمانەوە دەست پێ بکەین چی تر سەروەریەکان بە قوربانی پیرۆزیەکان نەکەین بەواتایەکی دیکە ئامادەبین لەپێناو بەرزو پیرۆزیمان چاو لەهەموو شتێك بنوقێنین با زیاتر لەسەرخۆ پیرۆزکردن هەڕەشە لەگیانی یەکتر نەکەین نابێت گەورەیی‌و پیرۆزی خۆمان لەبچووکی خەڵکی بدۆزینەوە با لەقوتابخانەکانەوە ئەو گۆڕانکاریە هەنگاو بنێت مامۆستایان چی تر لێدوانی هەڕەشە ئامێز پێشکەش بەقوتابیان نەکەن لەبری پەیداکردنی پیرۆزی بەترساندنو هەڕەشەکردن با پیرۆزی بە زانست پەیدا بکرێت ترساندن ڕێزو حورمەت بەرهەم نایەنیت، بەڵکو زانستو زانیاری پیرۆزی بەرهەم دێنێت مامۆستا ئەوەندەی سەرنجی قوتابیان ئەدات لەڕووی هەڵسوکەوتی نا لەباری قوتابیان بۆ شکاندنەوەیانو کوشتنو لەناوبردنی هێزو وزە ئەگەر بەقەد نیو ئەوەندە حیساب بۆ هەڵسوکەوتو قسە زبرەکانی خۆی بکردایە ئەوە بەو شێوە ناڕێکە قوتابیان تووشی ئەو گیروگرفتە جەستەیی‌و دەروونیە نەدەبوون کە ئێستا لەقوتابخانەکان بگرە زانکۆکانیش بەدەرنین لەو تەنگژەیە ڕوحی‌و دەروونییە ئەبێ مامۆستا ڕۆژانە گۆڕانکاری لەژیانی قوتابیان دروست بکات دەکرێت بپرسین کێ

بەرپرسیارە لەدابەزینی ئاستی زانستیو تاوتوێی ئەوە بکرێت بۆچی پڕۆگرامی خوێندن بەلای قوتابیان بایەخێکی ئەو تۆی نییە؟ چارەسەری بۆ ئەو جۆرە نەخۆشیانە بدۆزرێتەوە ئەکرێت سیستەمی خوێندن بخرێتە ژێر پرسیارەوە هەڵسوکەوتی مامۆستا ڕووبەڕووی پرسیار بکرێتەوە بەهەمان شێوە نابێت چی تر قوتابیان بهێڵن ئەو جۆرە خوێندنە کلاسیکیە کۆنە بەسەریاندا بسەپێت دیڕاسەی عەقڵیەتی مامۆستا لەهەمووی گرنگ ترە هیچ شتێك لەمرۆڤ بۆ مرۆڤ کاریگەرتر نییە مرۆڤ لەگەڵ کێدا دەژیت هەمان ئەو کەسە لەناخیدا ئەڕوێت بۆیە لەمەنهەج گرنگ تر مامۆستایە خوێندن بەو شێوەیە ناتوانێت گۆڕانکاری لەژیان دروست بکات، بەقەد ئەوەی مامۆستا ئەیەوێت شتێکی نوێ لەژیانی قوتابیدا دروست بکات زمانی زبر بەسەرچوو مرۆڤ لەپڕۆگرامی خوێندن گرنگترە بەهیچ ڕەنگێك نابێت مامۆستا ڕێگە بەخۆی بدات لەناو هۆڵی وانەگوتنەوەدا کەسایەتی قوتابی بڕوخێنێت، بەڵکو ئەبێت زیاتر گرنگی بەقوتابی بدرێت هەلومەرجی ژیانو ویستو خواستی قوتابیش لەیاد نەکرێت بۆ دروست کردنی گۆڕانکاری لەو شێوە ستایلە ژیانەی کە سەدەیەك زیاتر گیرۆدەی دەستی بوینەتەوە پێش هەموو شتێکیش مامۆستایان خۆیان لەبەردەستی ئەو ستایلە کۆنە گیریان خواردووە کەواتە پێویستە خوێدنەوەیەکی نوێ بۆ ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە بکرێت چۆن دەبێت مامۆستا شت نەخوێنێتەوە پەرتووك نەخوێنێتەوە لەقوڵایی وردەکاریەکانی ژیان نەڕوانێت ژیان تەنها لەپەرتووکی بەردەستی نەبێت لەچی تر بەدی نەکات پێویستە هەموو شتێك بخرێتەبەر پرسیار بۆچی بیر تەنیا لەوە بکرێتەوە کە گرنگی بەدەرەوەی ژیانی مرۆڤ بدرێت لەڕاستیدا ژیانی مرۆڤ هەمووی پێویستی بەقوڵبوونەوە هەیە بۆ هەڵوەستە لەسەرکردنی وردەکاریەکانی ژیان لەبەرچاو بگیرێتو دواتر شرۆڤەی قوڵی لەسەر بکرێت.

# ئایە ئافرەتان دیزە بەدەرخۆنە کراون؟

ئەوەندەی خەڵکی ڕۆژگاری ئیمرۆ تێڕوانین دەکەن بۆ تێکستە (النص) ئاینیەکان بۆ گونجادن لەگەڵ واقیعی ژیانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بەقەد نیو ئەوەندە توێژینەوەو قوڵبونەوە بۆ خودی تێکستەکان ناکەن، کە وەك خۆی بناسێندرێت ئەمە بۆ؟ چونکە بیرو باوەڕو ئایدۆلۆژیا -بەتێڕوانینی خۆم- لەڕێگەی سەرنجدانی دەوروبەر (بیئە) دروست دەبێت تێڕوانین لەهەر شتێك بکرێت جۆرە باوەڕو ئایدیایەك لەو شتە لەهزری مرۆڤدا چەکەرە دەبێت بەمانایەکی تر دیدو بۆچوون لەخودی بینینو ڕوانینەوە سەرچاوە دەگرێت بۆیە خەڵکی ڕۆژگاری مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بەدیدو بۆچوونی سەرمایەداریانە ڕاڤە بۆ ئەو شتانە دەکەن کە خۆیان بخوازن، هەموو تێڕوانینەکان بەدەوری ماڵداریدا دەخولێنەوە ئەمەش بۆ خۆی زەنگێکی مەترسیدارە بۆ بێهێزکردنی شتە مەعنەویو ئاینیەکان لەناخی مرۆڤدا، چونکە هەر فکرو فەلسەفەیەك دروست کراوە بۆچی دروست کراوە؟ کە لەگرنگی ئاینە ئاسمانیەکان بەگشتیو ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەتایبەتی بێ بایەخو کەم بکاتەوە ئنجا بۆ ئەم مەبەستە ئەو فکرو ئایدۆلۆژیایە خزمەتی کراوەو گەورە بووە بۆ ئەوەی نەختێك بەلای کەمەوە بێ هێزیو بێتوانایی ڕوو لەئایینی ئیسلام بکات، چونکە هەر چ فکرەیەك دروست (تەبەنی) دەکرێت لەمیانەی پەرچەکرداری ئایینی پیرۆز سەری هەڵداوەو دەیەوێت سنووری بەتەواوی مەعنا بەرتەسك بکاتەوە، بۆیە هەرچی کونجو کەلەبەریەتی قسەی خۆی تێدا دەکاتو لەنێو دەستوری خۆیدا

جێگەی بۆ دەكاتەوە، ئنجا لەهەموو ڕوانگەیەكەوە بۆ دەستە وسانكردنی ئەو هێزە مەعنەویە ئیلاهیە سەرهەڵدەدات جارێك بەنێوی مافی ئافرەت دەست هەڵدەبڕێتو دەبێژیت: بۆچی ئافرەت لەسەر مومارەسەكردنی مافی سروشتی خۆی كە بەكارهێنانی ئارەزوەكانیەتی بەو ڕێگەیەی كە سروشتی ئافرەت خۆی دەخوازیت دەكوژرێت ئەمە كەی مافی بوون بەئینسانیەتی پێدەبەخشرێتو بۆی بەرجەستە دەبێت هەروەها ئێژێت:

بۆچی ئافرەت لە هەموو بوارەكانی ژیانی وەك بەندەیەك سەیر دەكرێتو مافە سەرەتاییەكانی ژیانی لێ قەدەغە دەكرێن جارێك لەلایەن باوكیەوەو جارێك لەلایەن برایەوە جارێك لەلایەن مێردو منالیەوە هەر لەسەرەتای چاو هەڵێنانی بۆ ئەو زەمینە عەقلیەتی كۆمەڵگا بەشتێكی نامۆ سەیری ئافرەت دەكات، تەنانەت ئافرەتان خۆیان ئەگەر دووعایەك بۆ یەكێك بكەن تەنیا ئەوەی پێی دەڵێن: بە باوكی كوڕان بیت! جارێكی تر بەناوی ئازادی ڕادەربڕین گوایە ئاین كۆمەڵێك كۆتو بەند لەقورگی مرۆڤایەتیدا دەكات بەتایبەتی ئافرەت لەچینی هەرە چەوساوەی كۆمەڵگایە یەكەمین زەرەرمەندی ئاینو پلیشاوەی ژێر پێی ئەو ستەمكارانەیە كە دەیانەوێت بەهەر لەونێك بێت ئافرەت بۆ خۆیان ڕامو دیزە بەدەرخۆنە بكەن.

# قورئان لەنێو دوو پەرتوكدا

خوا ئەو زاتەیە كە بەچاوی خۆتان دەبینن چۆن ئاسمانەكانی بەبێ كۆڵەكەو ستون بەرزكردۆتەوەو ڕایگرتوە، لەوەو دوا لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی وەستاوە (ئەڵبەتە چۆنیەتی وەستانو تەختی فەرمانڕەوایەتیو گەلێ شتی لەو بابەتانە لەڕادەی بۆچوونی ئێمە بەدەرە، تەفسیری ئەم ئایەتەیان لە پێشەوا مالیك پرسیوە، لەوەڵامدا وتویەتی: وەستانەكە حەقیقەتی هەیە، چۆنیەتیەكەی شاراوەیە، پرسیاركردن دەربارەی بیدعەیە، باوەڕبون پێی واجبە). خۆرو مانگیشی ڕام هێناوە، هەریەكەیان لە چەرخو خولی خۆیاندا بی وچان تا ماوەیەكی دیاریكراو دەسوڕێنەوە، هەر ئەو زاتە كاروباری جیهان هەرهەمووی بەڕێ دەكاتو ڕێكی دەخات، هەروەها ئایەتەكانی قورئان بەوردیو دوورو درێژی دەخاتە بەرچاو، بۆ ئەوەی دڵنیابین لە بەخزمەت گەیشتنو ئامادەبونی بەردەم دادگای پەروەردگار (بۆ لێپرسینەوە) هەر ئەو زاتەشە كە زەوی پانو بەرین كردووەو هەرچەندە لەشێوەی گۆدایە، كەژو چیاو ڕوباری زۆری تێدا دابینكردوە، لە هەموو بەروبومێك جووتی فەراهەم هێناوە، شەوی والێكردوە كە ڕۆژ داپۆشێت بەڕاستی ئا لەو شتانەدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەن بۆ كەسانێك بیر بكەنەوە، لەسەر روكاری زەوی پارچەی جۆراوجۆر هەیە لەپاڵ یەكدا (كە كاركردنیان هەیە لەسەر چۆنیەتیو بەرهەمی ڕوەك، جگە لەوەی جیاوازیان نیشانەن بۆ كانزا جۆراوجۆرەكان)، هەروەها باخی ڕەزی ترێ كشتوكاڵی هەمەجۆر لەدانەوێڵەو بێستانەكاندا دارخورمای یەك قەدو دوو قەد هەموو ئەمانە بە یەك ئاو ئاودێر دەكرێنو لەیەك جۆر ئاو دەخۆنەوە، (بەڵام سەرەنجام ئەو هەموو بەروبومە جیاوازە لەقەبارەو تامو بۆنو ڕەنگو شێوازدا پەیدا دەبن)و هەندێكیانمان لە هەندێكی تر بۆ خۆراكی ئادەمیزاد نازدارترو پەسەندتر كردووە،

بەڕاستی ئا لەو شتانەشدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك عەقڵو ژیری خۆیان بخەنە کار. الرعد ١-٣.

هەرچەند سەرنجی گەورەیی دەسەڵاتی خودا دەدەین تەنها شتێکمان بۆ ڕوندەبێتەوە، ئەویش بریتیە لە بچوکی خۆمانو مەزنی خودای دلۆڤان، چونکە بەکام لۆژیك بڕوانین لە هەر دروستکراوێکی خواوەند زیاترو ڕۆشنتر دەسەڵاتو دانایی پەروەردگار بەدی دەکەین، دەکرێت خۆ ببوێرین لەباوەڕهێنان بەقورئانی پیرۆزو لەهزری خۆمانی دورخەینەوە، بەڵام ئەگەر ئاوا دەری ببڕین کە باوەڕی پێ نەهێنین لەلایەن خواوە هاتووەو کەلامی خۆیەتی، ئەوە چەندین بەڵگە دەستی خۆیان هەڵدەبڕنو دەبنە هاوکار بۆ گێڕانەوەو زیندوکردنەوەی باوەڕهێنان لەناخی ئەو مرۆڤەدا بە قورئانی پیرۆزو سەلماندن بەقوڵی بەوەی کە لەلایەن پەروەردگارەوە نازڵ بووە، گریمان ئەگەر تەنها قورئانی پیرۆز وەك بەڵگەیەکی بیستراو بەبێ ئەو پێشەکیە زەمینیەو وردبونەوە لەئەستێرەو مانگو ڕۆژو ڕوانینی ئاسمانەکان تەنها وەك بەڵگەیەکی ڕوت بۆ باوەڕهێنان دابەزیبا، ڕێگەی تێدەچوو کە توانای هەزمکردنی باوەڕهێنان گەلاڵە نەبێت، لەبەرچی؟ چونکە قورئانێکی تر کە ڕوانینی کەونە، ڕێگرە لەبەردەم ئەوەی کە بەو ئاقارەدا بڕوات، بۆیە دەبێتە ئاستەنگ بۆ ڕێگەگرتن لەوەی کە باوەڕی بەرەو لێڵی بڕوات.

پێم وابێت بۆ ئەو کەسانەی کە بیر دەکەنەوە ئەو قورئانەی باسی لێوە دەکەین کە دەبێتە یاریدەدەر بۆ ئەوەی جارێکی تر بمانگێڕێتەوە بۆ نێو مەفهومو ماناکانی قورئانی خوا، ئەو بوونەوەرەیە کە ڕێك پیت بەپیتو وشە بەوشە ماناکانی قورئانی پیرۆز شی دەکاتەوە، چونکە قورئانی پەروەردگار بۆ پێغەمبەر دابەزیوە، ئەگەرچی توانایەکی لەڕادەبەدەری هەیە بۆ تێگەیاندنو پێگەیاندنی شاگردەکانی، بەڵام ئەم قورئانە بەزاراوەی ئەو ڕۆژگارە تەنها دەنگە نەك ڕەنگ، واتە لەڕێگەی دەنگەوە ئاڕاستەی

مرۆڤەكان دەكات، دواتر خواوەند لەشێوەی نمایشكردنی ئەو دەنگە وەك هونەرێكی گەلێك سەركەوتوو هەمان ئەو دەنگەی بەشێوەی شانۆگەرییەك ماناكردووە، چونكە قورئانی پیرۆز ئەگەر بەوشە شیبكرێتەوە، ئەوەندە مەبەستەكانی بەدیار ناكەوێ، بەقەد دروستكردنی ئەو ستایلە جوانەی لەرێگەی گەورەترین هونەرمەند كە داهێنانی تەواوی هونەرو ئاراستەكردنو فێركردنی هونەرمەندان خۆیەتی، وشە بەوشە ئەو قورئانە پیرۆزە خوا خۆی لەرێگەی ئەو هونەرە جوانەوە بەشێوەیەكی واقیعی بۆ تێگەیشتنی مرۆڤەكان بە سەرجەم چینو توێژەكانیانەوە بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی تێگەیشتنی هەر تاكێك لەكۆمەڵگەدا، لەزنجیرە درامایەكی گەلێك سەرنجراكێش وێناكردووە، بە هەموو ماناكانیەوە، چ لەروانگەی بابەتی رۆژی مەحشەر كە زیندووبوونەوەیە، كە خۆی لە گژوگیا دەبینێتەوە، چ بابەتی فەلەكیاتو دەروونناسیو كۆمەڵناسیو هەر بابەتێكی تر كە هەردووكیان بەیەكەوە یەكتر راڤە دەكەن، ئەوەش تەنها بۆ خزمەتكردنی مرۆڤە، كەواتە چ پەرتووكی بینراو چ پەرتووكی بیستراو، هەردووكیان بۆ خزمەتكردنی مرۆڤایەتی هاتوون، خوا خۆی مرۆڤی ئاوا پیرۆزكردووە، كە بەدەنگو رەنگەوە قورئان وەك پێشانگایەك بە هەردوو شێوە لەزنجیرە درامایەكی گەلێك نایاب نمایش بكات، هەر بەو روانینە گەورەیی مرۆڤ و پێبەخشینی پلەی جێنشینی پەروەردگار لەسەر رووی زەوی كە تەنها بە مرۆڤ بەخشرا، تەنانەت بە پاكترینی بوونەوەر كە فریشتەكانن ئەو رێزو گەورەییە بەوان نەدرا، هەروەك خوا لەقورئانی پیرۆز ئەو مێژوە دەگێرێتەوەو دەفەرموێت:

(وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ قَالَ إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ(٣٠) وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنْبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَؤُلَاءِ إِنْ كُنْتُمْ

صَادِقِينَ(٣١) قَالُوا سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَا مَا عَلَّمْتَنَا إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ(٣٢) قَالَ يَاادَمُ أَنْبِئْهُمْ بِأَسْمَائِهِمْ فَلَمَّا أَنْبَأَهُمْ بِأَسْمَائِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُلْ لَكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ والَارْضِ وأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ ومَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ) البقرە: ٢٠-٣٣.

واتە: (ئەی محمد باسی ئەوە بکە لە دێرین زەمانـدا) پـەروەردگارت بەفریـشتەکانی وت: بەڕاستی من دەمەوێت لەزەویـدا جێنـشینێك دابنـێم (بـۆ ئـاوەدانیو دینـداری) فریشتەکان وتیان ئایا کەسێکی تیادا دەکەیتە جێنشین کە خراپەو تاوانی تیادا بچێنێتو خوێنڕێژیی تیـادا ئـەنجام بـدات؟ لەکاتێکـدا ئێمـە تەسـبیحاتو سـوپاسو ستایـشت دەکەینو، قەدرو ڕێزی تۆ چاك دەزانینو بەدوورت دەگرین لەو شتانەی شایستەی تۆ نـین (لەوەڵامیاندا) خوای گەورە فەرمووی: بێگومان ئەوەی ئێوە نایزانن من دەیزانم، ئینجا ئادەمی دروستکرد ویستی توانایيو لێهـاتوویی بـۆ فریـشتەکان ڕوون بکاتـەوە) نـاوی هەرچی پێویستی دەوروبەر هەیە فێـری کـرد لـەوەودوا بەفریـشتەکانی ڕانوانـدو پێـی فەرموون ئادەی ئێـوە نـاوی ئـەو شـتانەم پـێ بڵـێن ئەگـەر ڕاسـت دەکـەنو (توانـای ئاوەدانکردنەوەی زەویتان هەیە)، فریشتەکان وتیـان پـاکیو بێگـەردیو سـتایش هـەر شایستەی تۆیە، ئێمە هیچ زانستێکمان نییە تەنها ئەوە دەزانین کە تۆ فێـرت کـردووین بەڕاستی تۆ پەروەردگارێکی زاناو دانایت، ئەوسا خوا فەرموی ئـەی ئـادەم ئـادەی تـۆ ئاگاداریان بکە بەناوەکانیان، جا کاتێك ئادەم هەواڵی ناوەکانی پێدان، خوا فەرموی ئەی پێم نەوتن بەڕاستی من خۆم ئاگادارم بەنهێنی ئاسمانـەکانو زەوی دەشـزانم، ئێـوە چـی دەردەخەنو چی دەشارنەوە.

کەواتە مرۆڤ کە خوا دروستی کرد وەك جێنشینی خۆی لەسـەر زەوی، ڕێـزی لێنـاو قورئانی بۆ خزمەتکردن بەو مرۆڤە دابەزاند بە هەردوو شێوە، دەنگو ڕەنگ، کـەوابوو دەبێت هەموو شتێك لەخزمەت مرۆڤ بێت، هەروەك خودا دەفەرموێت: (وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي

ادَمَ وحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ والْبَحْرِ ورَزَقْنَاهُمْ مِنْ الطَّيِّبَاتِ وفَضَّلْنَاهُمْ عَلَي كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً) الاسراء: ٧٠. واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووەو بەسەر وشکانیو دەریاداو بەجۆرەها هۆکاری گواستنەوە هەڵمان گرتوونو لە ڕزقو ڕۆزی پوختو چاکی جۆراوجۆر بەهرەمەندمان کردوون (لەخۆراكو پۆشاكوماڵو ناوماڵو... هتد). بەڕاستی ئێمە ڕێزی زیادەی ئەوانمان داوە بەسەر زۆربەی ئەو بەدیهێنراوانەدا کە دروستمان کردوون لە هەموو ڕوویەکەوە تا قەدرو ڕێزی خۆیان بزانن.

هەموو شتێك لەپێناو مرۆڤایەتیدا ژێردەست کراوە، ڕۆژو مانگ، ئاسمانو زەوی، کە ئەمانە خۆیان مانای تەواوی مەبەستەکانی ئەو قورئانەن، کە لەڕێگەی دەنگەوە بۆ پێغەمبەر هاتووە، بەڕاستی ئەوە گەورەترین خزمەتە بەمرۆڤایەتی، بۆیە مرۆڤ دەبێت لەبەردەم ئەو چاکەو ڕێزگرتنە هەست بەوە بکات کە خودایەك ماناکانی قورئانی هەر هەموو لەشێوەی ئەو زەویو ئاسمانەدا بەرجەستە کردووە بۆ ئەوەی بە ئاسودەیی لەنێویدا بژیتو بگوزەرێنیتو جارجاریش ئەگەر ئەو قورئانەی بۆ پێغەمبەر هاتووە نەخوێنینەوە، لەڕێگەی ئەو دوو مانگە (مەبەست پێی هەردوو چاویەتی) دەستکرانە (مەبەست پێی یەکێکە لە دروستکراوەکانی پەروەردگار) سەیری ئەو دیمەنانە بکات بەشێوەیەکی واقیعیو دوور لەخەیاڵ، ماناکانی قورئان هەر هەموویان بەرگێکی کەونیان بەبەردا کردوون، ئەمەش بۆ دوو مەبەست، یەکێکیان بۆ پتەوکردنی ئەو باوەڕەی کە لەناخماندایەو خۆمانی لێ دەبوێرینو بەهێزی دەکەین، هەروەك خودا دەفەرموێت: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ اياتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وعَلَي رَبِّهِمْ يَتَؤكَّلُونَ) الانفال: ٢ واتە بێگومان ئیماندارانی ڕاستەقینە تەنها ئەوانەن کاتێك ناوی خوا برا ئەوە دڵەکانیان دەترسێتو دەهەژێت.

یەکێکی تربۆ ئەوەیە کە ئەو قورئانە بەردەوام تا کۆتایی ژیان لەخزمەت ژیانی ئێمە دابێت، جا بۆیە ئەگەر بەوردی سەیری ئەو کەونە سەرسوڕهێنەرە بکەین ڕاستەوخۆ خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزەو بەخواپەرستی هەژمار دەکرێتو ئەجرمان بۆ دەنووسرێت، چونکە بونەوەر (کائنات) جیاواز لەقورئانی پیرۆز بەشێوەیەکی هەستیار خراوەتە بەر هەردوو مانگی دەستکرد (مەبەست بە مانگ چاوەو مەبەست بەدەستکرد لەلایەن خوداوە نەك بەندە) لەڕێگەی ئەکتەرە کاراکان، مەبەست پێی هەر شتێکە کە خوا فەرمانی خۆی پێ سپاردووە، وەك سەوزبوونی گژوگیاو چەندین جۆرە میوەو خواردەمەنی جیاواز لە بۆنو ڕەنگدا بە یەك خاكو تامی یەك ئاو ئەو ڕاڤەکردنە لەڕێگەی ئەو بوونەوەرەیە ئاوا بەوردی بۆ ئەو پەرتووکە خوداییە (مەبەست پێی قورئانە) لەڕێگەی زەبزەبەی هەواوە دەیبیسین، ئەمەش بۆ زیاتر ڕەواندنەوەی گومانو قوڵبوونەوە لە دروستکراوەکانی جۆرەها میوە بەجۆرەها تام نیشاندانی بیرو باوەڕە بەر لە هەموو شتێك دواتر هێزو دەسەڵاتی خوا لەدروستکراوەکانی دەبینرێتەوە، سەرنجام بە هەموو شێوەیەکیش هەڵسوڕاندنو وەگەڕخستنی ئەو دوو ماکینە گەورەیە (مەبەست پێی زەویو ئاسمانەکانە) بەدوو ڕاڤەکردنی لێك جیاواز (مەبەست پێی تەفسیرکردنی ئەو خزمەتگوزاریە گەورەیە) کە هەم وەك (مادده) لەژێر دەست دایە، هەم وەك نووسینەوەی بەشێوەیەکی دیکۆمێنت، واتە بەشێوەی نووسینی ڕەشنوس بۆ ڕاڤەکردنی هەریەك لەم دوو قورئانە لەڕێگەی دەنگو ڕەنگەوە، ئەوەش بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بەمرۆڤایەتی بکات، چونکە ئەساسیاتی ئینسان تەنها خۆی لە بیستنو بینین دەبینێتەوە، هەر بۆیە خوداوەند زیاتر لە هەموو ئەندامێکی بەشەر ئەو دوو ئەندامە لەژێر چاودێری وردی دادەنێتو لەکاتی ئەنجامدانی بچوکترین سەرپێچی لەفەرمانەکانی بەتاوانباری سەرەکی لەقەڵەم دەدات، چونکە چەقی ئینسان دڵیەتیو فلتەری دڵیش ئەو دوو ئەندامە

سەرەکیەن، بیستن‌و بینین، هەر بۆیە لەڕێگەی ئەو دوو ئەندامە هەستیارە ئیستیغلالی مرۆڤ دەکرێت، جا چ بەشێوەی ئیجابی بێت کە لەڕێگەی ڕاڤەی هەردوو قورئانی پیرۆزدا بەرجەستە دەبێت، چ بەشێوەی سلبی کە لەڕێگەی دەنگ‌و ڕەنگی گەورەترین سەرسەختی مرۆڤایەتی کە بریتیە لە شەیتان خۆی دەبینێتەوە، چونکە ئەو ناحەزە سەرسەختە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕێزو تەقدیرەی کە لەلایەن پەروەردگارەوە لە مرۆڤ گیرا لەدژی پڕۆژەی بە جێنشین کردنی مرۆڤایەتی بۆ خۆی‌و نەفرەت‌و دورخستنەوەی شەیتان بەهۆی سەرپێچی کردنی خواو لاڕێ بوونی لە ئەمری ئیلاهی‌و لەدژی پرۆسیسی ڕێزلێنان لە مرۆڤ و کردنی بە بریکاری سەر ڕووی زەوی مۆڵەتی لە خوای گەورە خواست بۆ ئەوەی ئەویش بەرەنگاربوونەوەو پەرچەکردارو پڕۆژەی خۆی پێشکەش بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بکات، بۆ کەمکردنەوەی ڕێزی مرۆڤایەتی‌و لەکەدارکردنی ناوەڕۆکی، هەروەك خوای گەورە نێوەڕۆکی پڕۆژەکە ئاشکرا دەکات‌و دەفەرموێت:

(قَالَ أَنظِرْنِى إِلَي يَوْمِ يُبْعَثُونَ(١٤) قَالَ إِنَّكَ مِنْ الْمُنظَرِينَ(١٥) قَالَ فَبِمَا أَغْوَيْتَنِي لَاقْعُدَنَّ لَهُمْ صِرَاطَكَ الْمُسْتَقِيمَ(١٦) ثُمَّ لَاتِيَنَّهُمْ مِنْ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ ومِنْ خَلْفِهِمْ وعَنْ أَيْمَانِهِمْ وعَنْ شَمَائِلِهِمْ ولَا تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَاكِرِينَ) الاعراف: ١٤-١٧.

واتە: شەیتان وتی: داواکارم کە مۆڵەتم بدەیت تا ئەو ڕۆژەی کە هەموو نەوەی ئادەم زیندوو دەکرێنەوە، خوا فەرمووی بەڕاستی تۆ لە مۆڵەت دراوانی، شەیتان وتی: بەهۆی ئەوەی کە تۆ منت گومڕاو سەرگەردان کرد، ئەوە سوێند بێت، منیش لەڕێگە ڕاستەکەتدا بۆیان دادەنیشم (لایان دەبەم) پاشان سوێند بەخوا لەبەردەمیانەوە لەپشتیانەوە لەلای ڕاستیانەوە لەلای چەپیانەوە بۆیان دێم (دنیایان لا خۆشەویست دەکەم‌و گومانیان دەربارەی قیامەت لا دروست دەکەم)و دەستت ناکەوێت زۆربەیان سوپاسگوزاربن، دواتر دەفەرمێت:

(وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِادَمَ فَسَجَدُوا إِلاَّ إِبْلِيسَ قَالَ أَأَسْجُدُ لِمَنْ خَلَقْتَ طِينًا(٦١) قَالَ أَرَأَيْتَكَ هَذَا الَّذِي كَرَّمْتَ عَلَيَّ لَئِنْ أَخَّرْتَنِي إِلَي يَوْمِ الْقِيَامَةِ لَاحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُ إِلاَّ قَلِيلاً(٦٢) قَالَ اذْهَبْ فَمَنْ تَبِعَكَ مِنْهُمْ فَإِنَّ جَهَنَّمَ جَزَاؤُكُمْ جَزَاء مَوْفُورًا(٦٣) واسْتَفْزِزْ مَنْ اسْتَطَعْتَ مِنْهُمْ بِصَوْتِكَ وأَجْلِبْ عَلَيْهِمْ بِخَيْلِكَ ورَجِلِكَ وشَارِكْهُمْ فِي الَامْوَالِ والَاوَلَادِ وعِدْهُمْ ومَا يَعِدُهُمْ الشَّيْطَانُ إِلاَّ غُرُورًا(٦٤) إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ وكَفَي بِرَبِّكَ وكِيلاً) الاسراء: ٦٠-٦٥.

واتە:بیریان بهێنەرەوە کاتێك بەفریشتەکانمان وت ئادەی سوژدە بەرن بۆ ئادەم، هەموو سوژدەیان برد، جگە لە ئیبلیس، کە وتی: ئایا چۆن سوژدە دەبەم بۆ ئەو کەسەی کە لە قوڕ دروستت کردووە؟! (پاشان بێ شەرمانە وتی) پێم بڵێ ئا ئەمەیە کە ڕێزتداوە بەسەر مندا؟! سوێند بەخوا ئەگەر دوام بخەیت تا ڕۆژی قیامەت، ئەوە بێگومان هەموو نەوەکانی گومڕاو سەرگەردان دەکەم، جگە لە کەمێکیان (کە دەسەلاتم بەسەریاندا نییە)، خوای پەروەردگار فەرموی: بڕۆ، ئەوەی شوێنی تۆ بکەوێت لەوان، ئەوە بێگومان دۆزەخ پاداشتی هەمووانتانە، کە پاداشتێکی مسۆگەرەو جێگەی هەمووتانی تێدا دەبێتەوە، بڕۆ چیت لەدەست دێت درێغی مەکە، هەرکەس کە توانیت (لەو بەدبەختانە) بە بانگکردنو هاندانیان بۆ تاوانکاری دایانبڕە، بەهۆی لەشکری سوارەو پیادەی خۆتەوە هێرشیان بۆ بەرەو هاوبەشییان بکە لەماڵو سامانو منداڵو نەوەیاندا (بە سامانی حەڕامو منداڵی زۆڵ... هتد) ئەوەندەش بەڵێنو ئومێدیان پێبدە، سەریان لێ بشێوێنە، هەرچەندە بەڵێنو هاندانی شەیتان جگە لە فریودانو فێڵکردنو ساختە، شتێکی تر نییە، بەڕاستی بەندەکانی من (ئەی شەیتانی نەفرین لێکراو) هیچ دەسەلاتی تۆیان لەسەر نابێتو هەوڵو کۆششی تۆ کاریان تێ ناکاتو پەروەردگاری تۆ (ئەی ئیماندار) بەسە بۆ پارێزگاریو پاراستن.

# پانۆرامای شانۆگەری

کەسی بەشدار بوو لەدرهێنانی شانۆگەری بەهۆی سەرقاڵبوونی بەو کارەی کە پێی سپێردراوە یان پێی هەڵساوە بەقەدەر تۆزقاڵە زەرەیەك هەست بە کەموکوڕیو هەڵەکانی نێو شانۆگەریەکە ناکات بۆ؟ چونکە بۆ خۆشی یەکێکە لەئەکتەرو هەڵسوڕاوانی ئەو شانۆگەریە کەواتە هەڵسەنگاندو پەسەند کردنو سەرنجو تێبینیو رەخنە گرتن دەبێت لەدیدو بۆچوونی تەماشاکارانیەوە حیسابی بۆ بکرێت، بۆیە ئەو دونیایە پڕ لەخێرو بێرە کە ڕازاندراوەتەوە بەجوانترین شێوە کە بگونجێت لەگەڵ سروشتی ژیانی مرۆڤ -بەڕۆژو مانگو ئەستێرەو هەموو ئەو پێداویستییە تایبەتیانەی کە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی دەخوازێت- وەك کۆشکێکی دلڕفێن خولقێندراوە بۆ پرۆڤەو ڕاهێنانی، هەرجارەو هەندێك لەئەکتەرو دەرهێنەری شانۆگەری بۆ نمایشکردنی هەرچی خوای گەورە دەیخوازێتو هەر چ شتێك کەخوا فەرمانی بەکردنو نەکردنی دابێت ئینجا ئەو دونیایەی لەشێوەی ماڵێکی تایبەت بەخۆیەوە نمایش کردووەو میوانداری خەڵکی تێدادەکات بە هەموو چینو توێژێکەوە بەرەشو سپیو گەورەو بچوكو پیرو گەنجەوە لەو شانۆیە مەزنەدا نمایشی هەر چ شتێك دەکرێت کە پەیوەندی بەخواستی پەروەردگاریەوە هەبێت دواتر خوا (عزوجل) خۆی بەملیۆنان تەماشاکاری بۆ داناون کە دەفەرموێت (وان علیکم لحافظین، کراماً کاتبین، یعلمون ماتفعلون) الانفطار: ۱۰-۱۲. واتە بێ گومان ئێوە چاودێریتان لەسەر دانراوە، لەفریشتە بەڕێزە تۆمارکەرەکان، کە ئاگادارو زانان بەهەموو ئەو کردەوەو ڕەفتارانەی کە ئەنجامی دەدەن.

بۆ ئەوەی تۆماری هەموو هەڵسوکەوتی نادروستی خەڵکی بکرێت ئاخۆ لە چ شوێنێکا سەرپێچیو هەڵە ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی لەڕۆژی پەسلان سزایان بداتو بەپێچەوانەوە لە چ شوێنێکا هەڵەو سەرپێچی ئەنجام نادەن، کە لەڕۆژی دوایدا پاداشتیان بداتەوە. بەڵام مخابن ئەکتەرەکانی شانۆگەریەکە بەهۆی سەرقاڵیان بەنمایشکردنی ئەو شانۆگەریە بیرناکەنەوەو هەست بەوە ناکەن کە هەموو هەڵەو پەڵەیەك بەوردی لەسەریان تۆمار دەکرێت بەبێ کەمو زیادی بەدەنگو ڕەنگەوە هەروەك دەفەرمووێت (مایلفظ من قول الا لدیه رقیب عتید) ق ١٧. واتە هەر قسەیەکی لەدەم دەربێت خێرا چاودێرێکی ئامادە تۆماری دەکات.

# قوتابی لەبەردەم جەنجاڵی بێنازیدا

یەکترخوێندنەوە یەکێکە لەکارە هەرە سەرکەوتووەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئادەمیزاد، لە هەر ئاستو تەمەنو پلەو پایەیەکدا بێت، شلەژانی کۆمەڵگەو تێکگیرانو پێکدادانی هەر کێشەیەك لەنێو کۆمەڵگە لە نەخوێندنەوەی یەکترو هەڵنەسەنگاندن سەرچاوە دەگرێت. کێشەی مامۆستایانو قوتابیان، ژنو مێرد، بەڕێوەبەرو فەرمانبەر، هەر کەسێك کە لەنێو کۆمەڵگەدا لە نەخوێندنەوەی یەکترەوە سەرچاوە دەگرێت. لە قوتابخانەکاندا بەگشتی کاتێك قوتابیەك لەوانەکەیدا ناخوێنێتو بەرامبەر وانەکانی کەمتەرخەمە یان حەرەکەی زۆرو ژاوەژاوو جرتو فرت دەکات، پێویستە مامۆستا لەبری لێدانو خۆ توڕەکردنو بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بەو قوتابیە، هەڵسەنگاندن بۆ ناخی ئەو قوتابیە بکات ئایە ئەو قوتابیە بۆچی مێشکی پربووە لە ڤایرۆس؟!

بۆ کەمتەرخەمی دەکات؟ دەبێ هۆکار چی بێت ئەو ژاوە ژاوە دەکات؟ گەلۆ دەکرێت لەخۆوەو بەبێ هۆکار ئەو قوتابیە ئەو حاڵەتە نائاسایەی وەرگرتووە، گرفتی هەیە؟ ئەگەر گرفتی هەیە دەبێ چی بێت؟ دوا بەدوای ئامادەکردنی لیستێکی پرسیار لەمێشکی خۆیدا سەبارەت بەو قوتابیە، مامۆستا بەدواداچوون، لەماڵەوە وەك پسپۆڕێکی دەروونیو کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنیەتی ژیانی ئەو قوتابیە بکات، ئاخۆ لەماڵدا بەچ لەونێك ژیان دەگوزەرێنێت؟ لەڕووی کۆمەڵایەتی گرفتی هەیە؟ ئەگەر گرفتی هەیە دەکرێت مامۆستا هەوڵبدات لەماڵەوەیدا بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ چارەسەرو بەدواداچوون بۆ کێشەو بەربەستو ئاستەنگەکانی بەردەم قوتابی بکات، ماڵەوە بۆ قوتابی بەهەردوو ڕووی ئیجابیو سلبییەوە کاریگەری لەسەر ناخی قوتابی جێدەهێڵێت.

# وەرن بابتان بشكێنین!

گوایە لەچەرخی ئێستادا زانست دەستخەڕۆو دەستەمۆی سیاسەت بووە، ڕاستە زانست وەك پێویست ناتوانێت کاریگەری بەسەر سیاسەتەوە ببێت بەپێچەوانەوە سیاسەت زانست هەڵدەسوڕێنێت ئەمەش واقیعێکە نکۆڵی لێ ناکرێت کە سیاسەت بۆتە کوێخاو دەم ڕاستی تەواوی وردەکاریەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لەکرێکاریەوە بگرە تاکو بازرگانیو هتد...

پێویستە زانست شیبکرێتەوەو تاوتوێ بکرێت ئایا کە دەگوترێت زانست مەبەست لەو وشەیەدا چییە؟ زانستی ڕاستەقینەیە؟ یاخود زانستێکە کە خۆمان ناومان ناوە زانست؟ مرۆڤ جاری وایە کە خولیاو ئارەزووی بۆ شتێك دروست دەبێت بەرگێکی ماقوڵی بەبەردادەکات بۆ ڕەوا پێ دانی بۆ ئەوەی خەڵکی بەو کارە ئیقناع بکات کە خۆی مەبەستیەتیو ئارەزوو دەکات ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە سەیری زانست بکرێت مانای ڕاستەقینەی خۆی کە زانستە لەدەست دەدات مانایەکی دیکەی بۆ دادەتراشێت کە خاوەنی زانیاریو زانستەکە خۆی بخوازێت نەك بۆ خۆی چۆنە وابێت کەواتە زانست بەپێی ڕاڤەکردنی بیرو بۆچوونو بەرژەوەندی زانست خوازەکەیە ئەمەش بۆ خۆی واتای زانستی سەختەیە نەك ڕاستەقینە ئەگەر زانست لەواتای خۆی دوور نەخرابایەوە بەو جۆرە زانست بێهێز دەبوو؟ ئایا دەبێت زانست بەگژ بەرژەوەندی ئەو ئامانجەدا بێتەوە کە زانست کردوویەتی بەدروشمی خۆی؟ ئایا دەکرێت زانست دژایەتی نێوەڕۆکی خۆی بکات؟ ئەگەر زانست دژایەتی نێوەڕۆكو جەوهەری خۆی کرد نابێت بەزانست ڕاڤە بکرێت، ئەی بەچی تەفسیر دەکرێت؟ دەبێت بەدوژمنی سەرسەختی زانست خۆی وێنابکرێت، ڕۆژنامەنووسو

کەسایەتی پڕۆفیشناڵو مامۆستای زانکۆ لەم وڵاتەدا گەلێك زۆرن، کەچی ژنانو ئافرەتان زیاتر دەکوژرێنو دەسوتێندرێن لەبڕی بنبڕ بوونی دیاردە دزێوەکانی عەقلێەتی کۆمەڵگە، هاوشێوەی ژنانی سۆزانی بەشێوەیەکی بەربلاوتر پەرە بەو کارە دزێوو بەدڕەفتارانە دەدرێن ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینەو نووسەری بوێرو خاوێن بەدەگمەن نەبێت بوونیان نییە، ئەگەر بوونیان هەبوایە چۆن سیاسییەکان بەو شێوە ترسناکە بەربونەتە گیانی ئینسانەکانو کردوویانە بە بەندە لەپێناو تێرکردنی حەزی دەروونی، نەخۆشی کورسیو دەسەڵات لەو پێناوەدا هیچ بەهاو مانایان بۆ مرۆڤایەتی نەهێشتۆتەوە بەهەوەسو ئارەزووی خۆیان شۆرش بەرپادەکەن لەدژی زانستو زانیاری نەك هەر لەدژی زانستو زانیاری، بەڵکو زانست دەکەن بەدوژمنی زانیاریو لەدژی بەکاردێنن نووسەر لەدژی نووسینو ڕۆژنامەنووس لەدژی ڕۆژنامەو، ڕاگەیاندن بەگشتی لەدژی پیشەی خۆی کە خزمەت کردنە بە مرۆڤ و ئەركو پیشەی بریتییە لەپەروەردەو پێگەیاندنی عەقڵو نەفسیو ئینسان، پیاوی ئاینی لەدژی ئاینو فەیلەسوف لەدژی فەلسەفەو تەنانەت پیاوی سیاسی لەدژی سیاسەت بەکار دەهێنن سەرچاوەی ئەو شەڕو پێکدادانانە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ مەگەر بۆ ئەوەنییە کە زانستی ڕاستەقینە بوونی نییە؟ بەڵکو زانستێك لەئارادایە کە خۆمان پەیکەرمان بۆ سازداوە، چۆن بگونجێت لەگەڵ عەقڵی سیاسیو دژی پڕەنسیپەکانی دیموکراسیو ئازادیو حکومیو حیزبی، نابێت بە هیچ شێوەیەك دژی بەرژەوەندی حیزبی بوەستێت ئایا ئەمەیە زانیاری ڕاستەقینە کە مرۆڤ بەکۆیلە بکرێت بۆ سیاسەتو حیزبایەتی لەپێناو ڕازیکردنی دڵی سیاسەت قوربانی بەگیانی مرۆڤ بکرێتو بیکات بە بەندە کوا زانست؟ کوا زانیاری؟ ئەگەر زانستو زانیاری ڕاستەقینە لەعەقڵی خەڵکی ئێمەدا بوونیان هەبوایە بەو شێوە قێزەونە یاری بەجەستەو ڕۆحی مرۆڤایەتی دەکرا؟ ڕاگەیاندنەکان ئاوا ئازاد دەکران کە

چاوو گوێی هەموو تاکێکی خەڵکی کوردستانە بەمیزاجی تاکە کەسی خۆیان بەرنامە بۆ خەڵکی دابڕێژن! لەجیاتی خزمەت بەخەڵکی بکرێت زۆربەیان توشی نەخۆشی دەروونی دەکرێن‌و یاری بە هەست‌و نەستی گەنج‌و لاوەکان دەکرێت لەلایەن کەسانێك کە نە هونەرە، نە ڕەسەنایەتییە، نە سیاسەتە، نە پەروەردەیە، نە پێگەیاندنە، نە کوردایەتییە، نە زانستە، لەڕاگەیاندنەکان پەخش دەکرێت بەبێ لەبەر چاوگرتنی ژیان‌و ژینگەی ئەو خەڵکەی کە ساڵەهایە لەپێناو بەدیهێنانی ئازادی تێدەکۆشێت، ئازادیەك کە ئازادی بکات نەك دووبارە ئەو ئازادیە لەشێوەی دڕکێك لەژێر پێدا دابندرێت‌و ئازاری پێ بدرێت، کەچی هەر ئەو ئازادیەی کە خەڵکی لەپێناویدا جینۆسایدو دەربەدەرو شەهید دەبوو جارێکی دیکە بۆتە کۆت‌و بەند ڕۆژانە بەدەیان گرێ کوێرەی هزری‌و دەروونی لەعەقڵ‌و نەفسی خەڵکی بەشێوەیەکی ستەمکارانەو زۆر سامناك توند دەکرێن.

# بوونی خودا لەنێوان هەستو نەستی بەندەکانیدا

لەڕاستیدا ئێمە (ئامین) بۆ ئەو دووعایانە دەکەین کە لێی تێناگەین! لەکۆتای ﴿ولاالضالین﴾ دەبێژین ئامین کەچی تەنیا لەمانای ئامین دەگەین بەواتای قبوڵی بکە، گیرای بکە پەروەردگارم، ئەوەی لێرەدا جێگەی تێڕامانو قوڵبوونەوەیە گوتنی ئامین بۆ چەند دووعایەکە کە نەك ئەو دووعایانە قبوڵ بوونە، بەڵکو ئێمە لەگەڵ ئەو دووعایانە ڕۆژ بەڕۆژ لەیەکتر بەدووردەکەوین دووعایەکان بریتین لە ﴿اهدینا الصراط المستقیم. صراط الذین انعمت علیهم غیر المغضوب علیهم ولا الضالین﴾ ئامین.

سەرەتای پاڕانەوە بەوە دەست پێدەکات کە خودا بۆ خۆی بەبەندەکەی دەڵێت بەندەکەم بۆچی داوای شتێکم لێناکەیت؟ بەندەکە دەڵێت پەروەردگارم من بەندەیەکی بچوکم تۆش ئافرێنەری هەموو دروستکراوەکانی چ داوایەکت لێبکەم یان ئەگەر داوام کرد داوای چیت لێبکەم خۆ من نازانم بەچ شێوەیەك لەگەڵت بدوێم ئەگەر لەگەڵیشت دووام نازانم ئاخافتن بکەم داوای لیبوردنت لێدەکەم بۆ خۆشم نازانم چی باشەو چی خەراپە خودا لەوەڵامدا دەفەرمووێت بەندەکەم ئەزانی داوای چیم لێبکە؟ بەندەکە دەڵێت پەروەردگارم داوای چی بکەم؟ خودێ دەڵێت: بلێ پەروەردگارم ڕێنمایم بکە بۆ ئەو ڕێگایەی کە خۆت مەبەستتە چۆن ڕێنمای ئەو منداڵە بچوکە شیرەخۆرە دەکەیت کە ڕاستەوخۆ مەمەکانی دایکی دەبینێتەوە.

﴿وهدیناه النجدین﴾ البلد: ١٠، واتە ئایا بەمنداڵی ڕێنموویمان نەکردووە بۆ ئەوەی شیر لەمەمکەکانی دایکی بخوات؟ لەگەورەیشدا بۆ ئەوەی سەرپشك بێت لەشوێنکەوتنی ڕێبازی ڕاست یان چەوت خوا نوورو ڕوناکی ئاسمانەکانو زەویە (نوورو ڕوناکی بەخشیە پێیان) نمونەی نوورو ڕوناکیەکەی وەك دەلاقەیەك وایە چرایەکی تیادا بێت، چراکە لەناو

شوشەیەك دابێتو شوشەكەش وەك هەسارەیەكی گەشو پڕشنگدار وابێتو داگیرسابێت بەڕۆنی درەختی موبارەكو بەفەڕی زەیتون، ڕووی نە لەڕۆژهەڵاتو نە لەڕۆژئاوا بێت (لەشوێنێك دابێت بەیانیو ئێوارە خۆری لێبدات) ڕۆنەكە ئەوەندە پاكو بێگەردە خەریكە خۆی دابگیرسێتو ڕووناكی بداتەوە ئەگەر ئاگریش لێی نەدات، ئەو هیدایەتو ڕێنموویە كە قورئانە ڕووناكییە لەسەر ڕووناكی خوا هیدایەتی ئەو كەسانە دەدات كە دەیەوێتو شایستەن بۆ لای نوری خۆی كە قورئانە خوا چەندەها نمونە دەهێنێتەوە بۆ خەڵكی تا لەنمونە مەعنەوەییەكان تێبگەن خوا بەهەموو شتێك زانایە ئەو نورە لە چەندماڵێكدا دەست دەكەوێت كە مزگەوتەكانن خوافەرمانی داوە كە دروست بكرێنو بەرزبكرێنەوەو ناوی پیرۆزی ئەوی تیادا ببردرێت (نوێژو قورئانو وانەی ئاینی تیادا ئەنجام بدرێت)و ستایشو تەسبیحاتی تیادابكرێت لەبەیانیانو دەمەو ئێوارانـدا النور: ٣٦.

جا ئایا ئەو كەسەی كە خوای میهرەبان سینەی گوشاد كردووە، بۆ ئیسلام لەسەر ڕێبازی نوورو ڕوناكی پەروەردگاریەتی (وەك ئەو كەسە وایە كە پێچەوانەیە؟) هاوارو وەیل بۆ ئەوانەی كە دڵیان ڕەقە لەئاستی قورئانو یادی خوادا، ئائەوانە لەگومڕایەكی ئاشكرا داگیریان خواردووە خوای گەورە جوانترینو پیرۆزترین فەرمایشتی ناردۆتە خوارەوە كە ئەم قورئانەیە (لەجوانی داڕێشتن دا) بابەتەكانی لێك دەچنو هەندێك باسی بەشێوازی جیاواز تیادا دووبارە بۆتەوە، جاكاركردنی ئەم قورئانە ئەوەیە كە تەزوو دەهێنێت بەگیانو پێستی ئەو كەسانەدا كە ترسی پەروەردگاریان لەدڵو دەروونـدا هەیە، پاشان گیانو پێستو دڵیان نەرموو و ئامادەو چالاك دەبێت بۆ یادی خواو خواپەرستی ئائەوە هیدایەتو ڕێنمایی خوایە كە هەر كەس شایستەبێت هیدایەتو ڕێنمووی دەكات

بۆ ئەو پلەو پایە بەرزانە ئەوەی کە ڕێبازی خواو ون بکات کەس نییە ڕێنموونی بکـات الزمر: ٢٢-٢٤.

جا ئەو کەسەی خێری تێدابێتو خوا بیەوێ هیدایەتی بدات ئەوەسینە سافو پـاكو ئامادەی دەکات بۆ ئاینی ئیسلام ئەو کەسەی خوا بیەوێت گـومڕای بکـات ئـەوا دڵـی دەگوشێتو سینگی توند دەکاتو هەناسەی سواردەبێت هەروەك ئـەوەی بـەرەو ئاسمـان بەرزبێتەوە، چۆن توشی تەنگە نەفەسیو دڵەتەپێو خوێن بەربوون دەبێت ئا بەو شێوەیە خـوا گـومڕاییو پیسی هەواڵگەری لەسەر دڵـی ئەوانـەدا دادەنـێ کـە بـاوەڕ نـاهێنن الانعام: ١٢٥.

ئەی محمد(د.خ ) ئا بەو شێوەیەی کە وتمان ئێمە قورئانمان بۆ ڕەوانە کردیت لەلایـەن خۆمانەوە (کە ژیان بەخشە بەڕۆحو گیانو عـەقڵ) تۆ نەتدەزانی قورئـان چـییەو ئیمـان چییە؟ بەڵام ئێمە ئەم قورئانەمان کـردە ڕوونـاکیو نورێـك کـە هیدایـەتو ڕێنمـوویی هەرکەس کە بمانەوێت لەبەندەکانمانی پێدەکەین ئەوانەی دڵی بۆ دەکەنەوەو بەچاکی گوێی بۆ دەگرن بێ گومان تۆ ئەی پێغەمبەر(د.خ) ڕێنیشاندەریتو ڕێنمویی دەکەیت بۆ ڕێگەو ڕێبازێکی ڕاستو دروست. الشوری: ٥٢.

ئنجا خوا گەڕەکیەتی بەبەندەکەی بڵێت بەندەکەم داوای ڕێگـای ڕاسـتم لێبکـە بـۆ ئەوەی کارئاسانیت بۆ بکەمو هیدایەتت بدەمو لەنوری خۆمت بێبـەش نەکـەم، چـونکە ئەگەر خوا سبحانەو تعالی ڕاهێنانێکی جەستەیو ڕووحی بۆ بەندەکـەی نەڕەخسـێنێت بەندە ناتوانێت سودمەندی ئەو تیشکە ڕووناکیە ئیلاهیـە ببێـت، بۆیـە دەبێـت بەنـدە هەوڵی خۆماندووکردن بدات بۆ وەرگرتنی ئەو ڕووناکیە بەنمونە ئەگەرکەسێك ئاوێنەیەك بەرەو ڕووی خۆر ڕابگرێت ئاوێنەکە تیشکی خۆر ڕادەکێشێت تەنیا بەلار کردنەوەیـەکی بچوك بەرەو ژوورێکی تاریك ئـەو تیـشکەی لـەخۆر وەرگـیراوە بـەهۆی ئاوێنەکەیـەوە

ڕۆشنایی بۆ ژوورێکی تاریك فەراهەم دێنێت سودمەند بوونی بەندە لەتیشکی ڕووناکی پەروەردگار بۆ ڕووناککردنەوەی جەستەی تاریکی، بەوێنەی ئەو کەسە وایە کە بە ئاوێنە تیشکی خۆر ڕادەکێشێت ﴿ولله المثل الاعلى﴾ نمونەی هەرە بەرز بۆ خودایە بەواتای هێنانەوەی نمونە تەنیا مەبەست لێی تێگەیشتنە ئەگەرنا خودا زۆر لەوە گەورەترە کە لەعەقڵی ئادەمیزاددا وێنەی بۆ بهێندرێتەوە خودا بۆ خۆی بۆ تێگەیشتن نووری خۆی وێنادەکات هەروەك لەئایەتی ڕابردوو کە دەفەرموویێت نمونەی نوورو ڕووناکیەکەی وەك دەلاقەك وایە چرایەکی تێدابێت... هتد مەگەر بۆ ئەوە نییە کە بەندەکەی لەو ڕووناکیە حاڵی بکات؟ دیارە مەبەستی خودا لەوەی کە ڕێگای ڕاست بۆ بەندەکەی دیاری دەکات هەر ئەوەیە کە ڕوو لەپەروەردگاری بکات بۆ ئەوەی هیدایەتی بدات، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە بەندە دەڵێت (ئامین) ئایا گوتنی ئامین بۆ ئەوە نییە کە ڕوو لەنووری خودا بکات، ئەویش لەڕێگای قورئانوماڵەکانی خوداو سەرجەم خواپەرستیەکان کەواتە بەچ لۆژیکێك ئامین بۆ دووعاکانی خۆی دەڵێت کەچی تۆس قاڵە زەڕەیەك بەلای ئەو ڕێنمونیانەدا ناچێت کە خودا بۆی دیاری دەکات.

# تایبەتمەندیەکانی سورەتی فاتیحە

ئەوەی قورئان لەپێناویدا هاتۆتە خوارەوە، چییە؟

قورئان لەپێناو چەند شتێك دابەزیوە تەنها هەندێکیان بەپوختی باس دەکەین:

**یەکەم:** یەکتاپەرستی، چونکە خەڵك بەر لەدابەزینی قورئانی پیرۆز بەشی زۆریان بت پەرست بوون ئەگەرچی هەندێکیان بانگەشەی یەکتاپەرستیان دەکرد.

**دووەم:** پەیمانو بەڵێن بۆ ئەوانەی بەر ئەمری خودا دەبنو دەستی پێوە دەگرنو ڕایدەگەیەننو کۆڵنادەن لەپێناو بلاوکردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامو ماندوو نەناسن بە پێبەخشینی باشترین پاداشت هەڕەشەو گوڕەشەو ترساندن لە بێباوەڕانو ئەوانەی بەر ئەمری خوا نابن بەپاشەڕۆژێکی شوم لەدواڕۆژدا.

**سێیەم:** خوا پەرستی ئەو خوا پەرستیەی بۆ زیندوو بونەوەی دڵەکانەو مایەی زیندوو ڕاگرتنی دەروونو ڕۆحی مرۆڤایەتییە.

**چوارەم:** ڕون کردنەوەی ڕێگای بەختەوەریو چۆنیەتی گرتنە بەری ڕێگای ڕاستو دروست بۆ گەیشتن بەنیعمەتی نەبڕاوەی دونیاو دواڕۆژ.

**پێنجەم:** سەرگوزشتەو هەواڵی ئەو گەلانەی سنورە قەدەغەکراوەکانی خوا دەشکێننو دەیان شکاند، ئەو جۆرە کەسانەش کە سنور بەزێن نینو پابەند بوون پێیەوە، مرۆڤ دەبێت هەموو نیعمەتان بۆ خودا بگێڕیتەوە نیعمەتی دروست کردنو پەروەردەو پێگەیاندنو نەشو نمای ڕۆحیو جەستەیی، بەڕاشکاوی پەروەردگار دەبێژیت هەرچی نیعمەتە کە مرۆڤ لەدەروونی خۆیدا یان لەئاسۆدا دەبینیت هی خودایە، لەو بوونەوەرەدا جگە لە پەروەردگار کارگێڕێکی دیکە نییە ئەمە لە ﴿الحمدلله رب العالمين﴾ بەدی دەکرێت، واتە سوپاس بۆ خوا کە ڕاهێنەری جیهانە.

لەفکری ئیسلامیدا یەکتاپەرستی گرنگترین شتە بۆیە خودای گەورە زیاتر جەختی

لەسەر دەکاتەوە دەڵێت: ﴿اياك نعبد واياك نستعين﴾ واتە ئێمە هەر تۆ دەپەرستین، پشت هەر بە تۆ دەبەستین.

هەڕەشەو گوڕەشە لە ﴿الرحمن الرحيم﴾ واتە دەهەندەو دلۆڤانە، بەڵێن بە ڕەحمو میهری خودا بۆ بەرژەوەندی بەندەکانیەتی کەواتە لێرەدا بەڵێندان بە چاکە لەگەڵ کردنە بۆ ئەوانەی پابەندی بەڵێنی پەروەردگارن.

﴿مالك يوم الدين﴾ واتە خاوەنی ڕۆژی پەسلاّنە هەڕەشەو گوڕەشەو بەڵێندانە بەیەکەوە، دواتر دەفەرموێت: ﴿اهدنا الصراط المستقيم﴾ واتە لەڕاستەڕێ شارەزان بکە هەرکەسێك ئەو ڕێگەیە بگرێتەبەر سەرکەوتوی هەردوو دونیا دەبێت هەر کەسێك ئەو ڕێگەیە نەگرێتە بەر ماڵ وێرانو سەرگەردان دەبێت.

خواپەرستی لە فەرموودەی ﴿اياك نعبد واياك نستعين﴾ لە خودا پەرستیدا بەختەوەری ڕاستەقینە بەدی دەکرێت بەدبەختیش لەلاڕێیو هەڵخلیسکانەوە سەرچاوە دەگرێت هەواڵو سەرگوزشتە لە ﴿صراط الذين انعمت عليهم﴾ واتە ڕێی ئەوانەی کە خۆت چاکەت لەگەڵ کردوون، لەم فەرمایشتەدا بەڕاشکاوی ئاماژە بە گەلێك دەکات کە خوا بۆ ڕێنمایی ئەوان دەستورو یاسای خۆی بۆ ڕەوانە کردبوون هەروەك خودا بە پێغەمبەرەکەی دەڵێتو بانگەوازی دەکات بۆ گرتنەبەری ڕێگای پێغەمبەرانی پێشەخۆی، ئەو پێغەمبەرانەی خودا ڕێنمایی کردوون بیانکات بە پێشەنگ لەژیانی ڕۆژانەیدا، لەفەرمایشتی ﴿غير المغضوب عليهِم﴾ واتە نەك ئەوانەی کە دەبەر تورەیی کەوتوون، ﴿ولا الضالين﴾ واتە ئەوانەش کە لاڕێ بوون، بەڕاشکاویو بێ پێچو پەنا دەڵێت ئەوانەی نیعمەتم پێ بەخشین دوو پێڕ بوون پێڕێکیان ڕوویان لەڕێگەی ڕاست وەرچەخاند خودا دەبەر تورەیی خستون ئەم پێڕە بەسەختەیی لەڕێگەی خودایان لادا.

پێڕی دووەم: لاڕێ بون ئەم پێڕە بەنەزانیو مل هوڕی لەڕێگەی ڕاستەقینەیان لاداو بەدوای ڕێچکە کوێرەکانی هەوەسو ئارەزوی خۆیان کەوتنو سەرگەردانو شێواو بوون.

# ژن و دێوەزمەی زەبرو زەنگ

تێڕوانینم لەژیان بەواتای تێڕوانین دێت لەمرۆڤایەتی، ژیان ئەگەر خاڵی بکرێتەوە لە مرۆڤایەتی هیچ واتایەك هەڵناگرێت.

کەواتە دەبێت قوڵبونەوە لەژیاندا بکرێت بەواتای هەڵوەستەکردن لەسەر مرۆڤایەتی، شرۆڤەی مرۆڤایەتی بەجوانترین شێوە ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی بەرەو ژیانی ڕاستەقینە هەنگاو بهاوێژین، دیارە زۆرو کەم جۆرایەتی لەچەوساندنەوەی مرۆڤایەتیدا هەیە بەنمونە ژن لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا زیاتر ئەو زەبرە کوشندەی بەرکەوتووە بەڕادەیەك لە زۆر شوێندا ئەو مافە خوا پێداوە ئاسایەی کە هەموو مرۆڤ هەیەتیو بەمافی سەرەتایی هەژمار دەکرێت لەژێر هەڕەشەو چاوسور کردنەوەدا خۆشبەختانە، کە لەکوردستاندا هەندێك ڕێکخراو بوونیان هەیەو بانگەشەی مافی مرۆڤ و ئافرەت دەکەن، بەڵام وەك پێویست نەیانتوانیووەو ناتوانن ئەو مافانە بۆ ئافرەتان بگێڕنەوە، چونکە ئەوان بۆ خۆیان لەژێر کاریگەری ئەو عەقڵیەتەدان کە بەدروشمو بانگەشەکردن لەدژی وەستاونەتەوە گێڕانەوەی مافی ئینسانیەت بۆ ئافرەت دەبێت لەڕێگەی بانگەوازێکی فیکری خۆی بنوێنێت ئامانجو مەبەستێکی دیاریکراوی هەبێت، ئینجا دەتوانێت کێشەی ئەو ژنانە چارەسەر بکات کە ڕۆژانە دەبنە قوربانی ئەو عەقڵیەتانەی کە دژی ژیانو ژنو مرۆڤایەتین نەك بەپێچەوانەوە ئامانج لەدروست کردنی ڕێخراوێك بۆ خۆ دەرخستنو سمێر چەورکردن بێتو لەکۆڕو سیمینارردا قسەی قەڵەو بکرێتو لەماڵو خانووەکاندا گریەنیو بۆنی سوتانو هەڵکڕوزاوی گۆشتی ئینسانو ژنان بێت.

ئایە كاتی ئەوە نەهاتووە خەڵكی بەتایبەتی ژنانو ئافرەتـان دژی ئـەو ڕێكخراوانـە بوەستنەوەو بڵێن ئێوە بەنێوی ئێمەوە بازرگـانی دەكـەن؟ بـۆ خزمـەت بەمرۆڤایـەتیو جەستەو ڕۆحی ژن ناكەن؟، ئێوە كەی نوێنـەری ژنـانن! بۆچـی شـەرم داتاناگرێـت كـە چارەسەری لۆژیكی ڕەگەزی ئافرەتانتان پێ ناكرێت بۆ ڕێكخراوەكانتان بەجێ ناهێڵن؟

مەگەر ئێوە هیچ كاریگەریەكتان لەنێو كۆمەڵگەی ئێمەدا جێهێشتوە؟ ئـەی ئەگـەر وایە بۆچی زیاتر ژنانو ئافرەتان قوربانی دەستی ئەو عەقڵیەتە دیكتاتۆریەن كە دەست بۆ خوێنی ئینسانەكان درێژ دەكات، پێویستە دەستی ئەو عەقڵیەتە تۆتالیتاریە ببڕدرێت چۆن ببڕدرێت دیارە شێوازی بڕین لەشێوەی دروسـت كردنـی گێڕانـەوەی مەفهومیـەتی ئینسانیەت بەچاوی مرۆڤایەتییەوە لە ژن بروانرێت ژنیش لەم نێوەندەدا دەبێت بەمرۆڤ لە خۆی بڕوانێت نەك بەكەرستەیەكی ڕابواردن پلەو پایەو مافی پێبدرێت، ئازادی ژنان لەوە سەرچاوە دەگرێت كە ژن ئازاد بكرێت، لەڕێگـەی فكریـەوە هەسـت بـەوە بكرێـت كـە مرۆڤەو مافی هەیە، نەك بەپێچەوانەوە ژن لەماڵ دەربخرێتو بەرەو بە فەلسەفە كردنـی ئافرەت بۆ بەكارهێنانی ڕۆحو لاشـەی بەمەبەسـتی تێركردنـی ئـارەزووی ئـەو گورگـە هارانەی كە ڕۆژانە بەدوای كەلاكەیەكی بۆگەنو مرداربودا دەگەڕێن سەرەنجام لـەجیاتی ماف پێبەخشین جەستەو ڕۆحیشیان لێ داگیر دەكەن.

ئایە ئێوە دەتانەوێت بەو چەشنە ئافرەت ئازاد بكەن؟.

# مرۆڤ لەنێوان وەهم و واقیعدا

سەیرە! ئەمشەو چەند لەشەوی ڕابردوو دەچێت!

وەك بڵێی کاتەکان هەموویان یەکن وایە بەر لەئێستا منداڵ بووم کەچی کاتێك سەیری ئاوێنەم کرد ئاوێنە گوتی ئامۆژگاریەکت بکەم؟

گوتم فەرموو: گوتی بەوردی سەیری خۆت بکە چەند ساتێك بەرەودواوە بگەڕێوە ئایا هەست بەچی دەکەیت؟ کاتێك لەدەریای خەیاڵ نقوم بوم بینیم ئیمرۆ لەگەڵ دوێنێ، سەردەمی منداڵیم لەگەڵ ئێستادا تەنیا هەروەك ئەوەوایە کە یەك دانە ڕۆژ بەسەر تەمەنمدا گوزەری کردبێت!

زۆر سەیرە حاڵەتی ئیعراب (الموقع الاعراب)م لەسەر ئەم زەمینەدا چییە؟ تەنها بەبێ ئیرادەی خۆم کاتەکان بەپەلە پروسکە وەك بڵێی حەز بەبوونی من ناکەن بەرەو گۆڕستان بەڕێم دەکەن ئاوێنە وشیاری کرمەوەو گوتی ئنجا بەوردی سەیری خۆت بکە، لەو خەیاڵە قووڵەدا ڕاچڵەکیم و بینیم بەچەند داوە، تەلەموویەکی سپییەوە پێشوازی مەرگم لێ دەکرێت مووەکان پێم دەڵێن: ئێمە بۆیە هاتووین ئاگادارت بکەینەوەو قاسیدی مەرگی تۆین لەلایەن ئافرێنەری تۆوە پەیامی کفن و ئاگاداری مردن و ورياکردنەوەین لەو دوژمنە سەرسەختانەی کە ئەگەر نەتوانی خۆیان لەگەڵ بگونجێنیت بەرەو پاشەڕۆژێکی شوم بەڕێت دەکەن باش بزانەو بیربکەوە ئاخۆ کێ دۆستی تۆیەو کێ دوژمنتە؟ ئامۆژگاریەکانی ئاوێنە ئەوەیان بیرخستمەوە کە لەشوێنێك دوو پیرە پیاو بەیەگ گەیشتن و دەردی دڵی خۆیان لەلای یەکترباس دەکەن و گەرەکیانە سفرەی دڵیان بۆ یەکتر ڕابخەن و بکەنەوە (وەستا مصطفی ڕوستایی سەربوردەی ئەو دوو پیاوە پیرەی بۆ

گێڕامەوە) بۆیە یەکێکیان پرسیاری لەحاڵی ئەوی دیکەی کردو گوتی پیاوی پیر حاڵت باشە؟ لەوەلاّمدا پیاوە پیرەکە گوتی: لەسەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم شریتی عومری ڕابردووم وەکو خەودێتە بەرچاوم دواتر ڕەفیقە پیرە نەخۆشە بەسالاّچوەکەی خۆی پرسیو گوتی ئەی تۆ حالّت باشە ئەویش گوتی:

**نەماوە حالاّتو ژینم لەدەست چوو ڕۆحی شیرینم**

**ڕەفیقان بێن بکەن شینم سەدای گریەو فیغەن بابێ**

ئاوێنە لەخەیاڵێکی قوڵی بەجێ هێشتم تاکو شیعری شاعیرێکی (مەلا حمدامین ڕواندزی) بیرخستمەوە کەدەڵێت:

**کە من مردم وەرە وێنەم ببینە**

**نەمامی باغی ژینم بوو بەوێنە**

**خەیاڵبوو یاحەقیقەت هاتوو ڕۆیی**

**جەوانیو عەقڵو عیلمو هاتووچۆیی**

**لە بۆم دەرکەوت هەمووی تێکڕا خەیاڵبوو**

**بەتەنیا خوا پەرستن موڵكو ماڵ بوو**

بۆیە سودمەندبووم لەئامۆژگاریەکانی ئاوێنە، ڕۆژەکان وەك هەورە تریشقە بەسەر تەمەنم ڕەت دەبن بەچرکە تامی ڕۆژو مانگو ئەو سالاّنەم لەیاد نییە کە وەکو مۆرانە تەمەنیان بردم بۆیە ویستم سود لەئامۆژگاریەکانی ئاوێنە وەربگرم بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕۆژو مانگو سالاّنەی لەتەمەنم ماون بۆ ئەوەی ڕوو لەڕووگەی ئافرێنەرم وەك گەورەترین سەرمایەی جیهانی بەرزەخ سەیری تەمەنی پڕ بەهای خۆم بکەمو خودا پەرستی تێدا ئەنجام بدەمو ئەوکاتانەی لەدەستم ماون بیانکەم بەمزگەوتێكو ستایشی خودای تێدا ئەنجام بدەم.

# مرۆڤی کورد چۆن بخولقێندرێت

کۆمەڵگەی کوردەواری کۆمەڵگەیەکی فیودالیزمە لەسەر ئەساسی عەقڵی خێڵەکیو بنەماڵەییو عەشیرەت گەراییو بەگایەتی تاکی خۆی پەروەردە کردووە زیاتر پابەندبوون بەو چەمکانەی کە خۆیان بەڕاستیان دەزانن و قەناعەتیان هەیە لەدیوەخانەیەك کەسێکی نەخۆش دانیشتوەو قسەی قەڵەوی کردوون بۆ پڕکردنەوەی فەراغی دەروونی خۆی چەندین کوڕو کچی کردۆتە قوربانی هەر لەو خزمەت کارە گەنجانە بگرە کە هەوڵی لەگەڵداون ڕایان بێنێتو پڕۆڤەیان پێ بکات لەسەر خزمەت کردنی ئەو کەسە نەخۆشە تاکو سولْحی عەشایەریو چەوساندنەوە بەچەندین شێوەی جۆراوجۆر گەنجی واهەیە لەبیرکردنەوەدا وا ڕاهێندراوە کە باشترین شت بەلایەوە بەندایەتی کردنە بۆ حەزو ئارەزوی ئەو پیاوە نەخۆشە بەڕێزە لەچەندین سولحی عەشایەری بۆ کوژاندنەوەی شەڕێك یان بۆ ڕازی کردنی بەرامبەری خۆی بڕیاری داوە کە ئافرەتێکی گەنج لەپیرە پیاوێك مارە بکرێت یان جاری وابووە یەکێك زەلامێکی کوشتوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە خوشکی ئەو بکوژە بونەتە قوربانی بەبڕیاری پیاوە نەخۆشەکە لەو جۆرە عەقلیەتانەدا نە یاسا نە ئاین نەئەخلاق هیچیان پێوەر نەبوونە، بەڵکو پێوەر میزاجی پیاوە نەخۆشەکەیە کە چۆن بخوازێتو حەز بەچی بکات هەر ئەوە ئەنجام دەدات گوێ بەوە نادات کێ بۆتە قوربانیو کێ زیانی پێ کەوتووەو دەکەوێت ئەو جۆرە بەگایەتیە شۆڕبۆتەوە بۆ نێو عەقلی هەموو تاکێك، کۆمەڵگەی تەندروست دیراسەی ئەوجۆرە عەقلیەتە نەخۆشانە لەلایەن پزیشکی دەروونی دەکات لەژێر چاودێری پزیشکێکی پسپۆڕ چاودێری دەکرێتو چارەسەری دەروونی بۆ ئەنجام دەدرێت.

خۆم ئەم واقیعەم بینیوە کە منداڵێك قسەی زلی کرد دەڵێن کەسێکی لێهاتووەو دەیکەن بەدەم ڕاستی خۆیان کەچی لەوڵاتانی دەرەوە کە منداڵ قسەی لەتەمەنی خۆی

گەورەتر بـوو ڕاسـتەوخۆ دەیبـەن بـۆ لای پزیـشکی دەروونـی بـۆ چارەسـەرکردنی لـە کوردەواری خۆشماندا دیوەخانەی بۆ دروست دەکرێت بەرەسمی لەلایەن حزبو حکومەتەوە پشگیری لێ دەکرێـتو تـەواوی هاوکـاری مـاددیو مەعنـەوی دەکرێـت بەمەبەسـتی سەپاندنی ئەو عەقڵیەتـە نەخۆشـە بەسـەر تاکـەکانی کۆمەڵگـەی کـوردەواری لـەبری هاوکاری کردن بە پڕکردنەوەی دەروونیو گشتگیر کردنی ئەو نەخۆشیە بەسەر خەڵکیـدا دەبوایە لەڕێگەی چارەسەری دەروونی لەوڵاتانی دەرەوە حیزبو حکومەت هاوکار بان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی دەروونی ئەو دکتاتۆرە بێڕەزایە گلەیی لە کێ بکەم؟ لەحیزب؟ کە بۆ خۆی مەبەستیەتی ئەو واقیعە بگونجێنێتو پەرەی پـێ بـدات بـەهیچ شـێوەیەك حیزب ناخوازێت بەرەنگاری ئەو جۆرە کەسانە ببێتەوە بۆ؟ چونکە لەبەرژەوەندی حیزبی دەدرێت حیزب ئامادە نییە بەرژەوەندی لەق ببێت، چونکە بەرنامەی حیزبایەتی خـەڵك لە خۆ کۆکردنەوەیە نەك وشیار کردنەوە یان بۆیە حیزب لەو عە قڵیەتە گەندەڵو نەخۆشە نەك هەر خۆی لێ بەدوورگرتووەو دەیەوێت چارەسەری بکات، بەڵکو ئەو نەخۆشیەی لێ بەسیستەم دەکات ئەنجام تەعمیمی بەسـەر تاکـە تاکـەی خـەڵکی دەکـات (سـینۆهە) پزیشکی تایبەتی فیرعەون دەڵێت: جارێکیان لەکۆشکی شـاهانەی فیرعـەون دەچـوومە دەرەوە بینیم بەندەیەك سەیرم دەکاتو پێم پێ دەکەنێت ڕاوەسـتام ویـستم قـسەی پـێ بڵێمو خۆمی لێ تووڕە بکەم دواتر بیرم لەوە کردەوە ئەو بەندەیە نەقوستانیەکی هەیە کە بەندایەتیە، بەندایەتیش مایەی بچوکیەتی لەڕووی دەرونیەوە بۆیە دەیـەوێت لەڕێگـەی پێکەنینەوە ئەو عەیبەی کە هەیەتی بریتیە لەبچوکی بەپێکەنینی بـەخۆم پڕبکاتـەوە، کەواتە نابێت خۆمی لێ زویر بکەم لێرەدا دکتۆر ئامـاژە بـە بـچوکی دەروونـی بەنـدە دەکات کە چۆن ویستویەتی بە پێکەنین خۆی تێر بکات لەڕووی تێرکردنی دەروونی خۆی بۆیە ڕێگەی پێ دەدات کە پێبکەنی.

# میتۆد ( منهج )ی نوح پێغەمبەر لەبانگەوازکردنیدا

دەسپێکی بانگەوازی نوح لەخاڵی جیاوازی دەستی پێکرد کە بریتی بوو لەبانگەوازکردنی خەڵکی بۆ خواپەرستیو هاوبەش بۆ بڕیاردانەنانی دواتر خەڵکەکە لەسزای دژواری پەروەردگار ئاگادار دەکاتەوەو ڕوحمو بەزەی خۆشی بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەردەبڕێت کە بانگەوازیان ئاڕاستە دەکاتو باوەڕ ناهێن زۆر بە پەرۆشە بۆیانو هەرگیز حەز بەئازاردانی خەڵکی ناکات لەلایەن پەروەردگاریەوە. هەمیشە وێردی سەرزوبانی بریتی بوو لەخواپەرستیو هاوبەش بۆ بڕیارنەدانو ترساندنیان لەسزای دۆزەخ خوای گەورە دەفەرموێت: (ولقد ارسلنا نوحا الی قومه فقال یقوم اعبدالله مالکم من اله غیره إنی اخاف علیکم عذاب یوم عظیم) الاعراف: ٧، واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە (نوح)مان ڕەوانە کرد بۆ سەر قەومەکەی جا ئەویش پێی وتن: ئەی گەلو هۆزم ئێوە هەر خوابپەرستن، چونکە جگە لەو زاتە خوایەکی ترتان نییە بەڕاستی من دەترسم لەڕۆژێکی گەورەدا تووشی بەڵاو سزایەکی زۆر سەخت ببن پێغەمبەر نوح لەپەیامی خۆیدا ئایدۆلۆژیا بە بنەما دەگرێت دەیەوێت ڕاستەوخۆ گەلەکەی ئاگاداربکاتەوە لەڕووی فکریەوە، چونکە فکر مرۆڤ دەخولقێنێت ئەگەر لەمرۆڤدا فکربوونی نەبوو بەمانای ئەوە دێت کە مرۆڤەکە خۆی بوونی نییە، مرۆڤ هەیە بەڵام مرۆڤێك کە جەوهەری مرۆڤایەتی تیادا نییە کەواتە بۆ پێشڤەچونی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەبێت ڕاستەوخۆ کار لەسەر بیرو باوەڕی تاکەکان بکرێت بۆ ئاڕاستەکردنیان بەرەو ڕێگەی ڕاستو دروست هەمیشە مرۆڤایەتی خاڵی بەرەوپێش چونو دواکەوتنی لەمەسەلەی فکری بۆ داتاشروە ئەگەر مرۆڤ خاوەن فکربوو خاوەن کەسایەتییە خاوەن بیرکردنەوەیەکی تایبەت بەخۆیەتی ئامادەگی بەندایەتی نییە نایەوێت ببێت بەدەستو بازوی کەسێکی دیکە هەر فکرە مرۆڤ دەکات بەبەندەو بەندایەتی پێ قبوڵ بکرێت هەر فکریشە کاتێك ئازادبوو خۆی دەبێتە فریادڕەسی خۆیو جەستەی ئازاد دەکات کەواتە پەیامی خواپەرستی کە نوح بانگەوازی بۆ دەکرد لەسەر بنەمای دروست کردنی

مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێستو واقیع بینە کە لەدەلاقـەی خواپەرسـتیەوە هـەنگاو بهاوێـژێت نەك بەپێچەوانەوە لەدەلاقەی بوون بە بەندەو بەشێك لـەو سـتەمەی دەرهـەق بـەوان دەکـرا پەیامی ئازادی، پەیامی بەختەوەری، پەیامی فریادڕەسی، بۆ چەوساوەکان بـۆ هـەر تاکێـك کـە ڕۆژانـە بـەپێی هەوەسـی سـتەمکاران مـرۆڤ وەك کاڵایـەك بـەکاردەهێنن دیـارە نـوح پێغەمبەر ویستویەتی فکرەیـەکی گـشتی بـەو گەلـە بـدات لەسـەر بنـەمای خواپەرسـتی بەوێنەی ئایە ئێوە وادەزانن کە بەو چەشنە لەسەر ڕووی زەوی دەگوزەرێنن هـیچ حیـسابو کتیتابێکتان لەگەڵ ناکرێت؟ بۆچی ئێوە ئەوەنـدە لـەدەریای ئـارەزووی خۆتانـدا نغرۆبـوونو ناتوانن هەناسەبدەن من وەك فریادڕەسێك هاتووم ئەو خرتەی لەسەر دەروونی ئێوەدا بەهۆی کاری نالەباری ستەمکاران پێش چاوی ئێوەی گرتووە پاکی بکەمـەوەو ئێـوە خۆتـان ڕەشو سپی ببینن ئینجا خۆتان داد وەربن ئەگەر لەگەورەکانی خۆتان بترسن بڵێن لەترسی نـانبڕینم ناتوانم دەنگ هـەڵبڕم سـەیرکەن منـاڵێکی چـکۆلانە لـەنێو سـکی دایکیـدا خـواردنی بـۆ ڕەوانەدەکرێت دواتر کە کاتی ئەوەهات لەدایکی جیاببێتەوە لەترسی نانبڕین هاوار دەکـاتو دەنگی بەرزدەکاتەوە بۆچی دەنگی بەرزدەکاتەوە؟ بۆ قومێ ئـاوێ پاروەنـانێ چـارەی نـەما دەبێت لەبرسا بمرێـت لـەپڕێك مـەمکی دایکـی لـەو سـینگە ئێـسقانییە ڕەقو تەقـە وەك کانیاوێکی وەرزی بەهار بەڕووی ئەو منداڵەدا دەتەقێتـەوەو تـەواوی پێداویـستییەکانی بـۆ ئامادە دەکات هەر لە پیاڵەو خواردنو خواردنەوەو هەرچ شتێك کە منداڵەکە خۆی بخوازیـت ئەو منداڵە کەم ئەقڵە، عەقڵی بەقەد عەقڵی چۆلەکەیەکیش نییە ئەی کەواتە کێ ڕێنمـایی دەکات بۆ دۆزینەوەی مەمکەکانی دایکی منداڵەکە خۆیەتی؟ یان هێزێکی مەعنـەوی ئـەو ڕێگایەی پێ نیشان دەدات؟ بەدڵنیایەوە منداڵەکە تەنێ ناتوانێت ئـەو ڕێنمایـە وەربگریـت بەڵکو هێزێکی شاراوە منداڵەکە بەرەو ئەو ئاڕاستەیە ڕێنمـایی دەکـات هـەر ئـەو هێـزەی لەسکی دایکی خواردنی پێ دابو نەخشەی کێشابوو و لەدەرەوەی سـکی دایکیـشی پـێش چاو ڕوونی بـۆ دەکـات ئەمـە هـەمووی دەسـەڵاتی پەروەردگارمـە هـەروەك دەفـەرموێت

(وهديناه النجدين) واتە هەر ئێمە خۆمان منداڵەكەمان ڕێنمایی كرد بۆ دۆزینەوەی مەمكی دایكی شتێكی دیكە جێگەی تێڕامانو بیركردنەوەیە دەرهەق بەو منداڵە بچكۆلەیە كە خودا ڕێنمایی دەكات بۆ مەمكەكانی دایكی ئەویش ئەوەیە ئەی ئەگەر خودا خۆی پێی نەڵێت یان فێری نەكات چۆن دەتوانێت مەمكەكانی دایكی بمژێتو خواردنیان لێ دەربهێنێت! ئەمە چی پیشانی مرۆڤ دەدات هەر ئەمەی ڕێنمایی ناكات كە پەیامێكی توندی ئاڕاستە بكاتو پێی بڵێت: ئایە خواردەمەنی لەدەستی مندایە؟ یان ئێوە؟ كەواتە ئەگەر لەو ڕێگەیەوە سەربەخۆ بوویت واتە لەڕێگەی ئابووریەوە هیزێك جگە لەخودا نەبوو لەناوت ببات لەچی دەترسێیت؟ ئەو كەسەی هەڕەشەتان لێ دەكات بەهۆی نان بڕین ئایە ژیان، خواردن، لەبەردەستی؟ ئێمەیە یان ئەوان؟ كەواتە كام بەربەست لەبەردەم ئێوەدا هەیە بۆ ئەوەی ئێوە نەتوانن یان بترسێن باوەڕبێنن؟ مێرووڵەیەك بەو هەموو بێ توانایەوە كە بتوانێت بژێوی ژیانی دابین بكات كە زانا یان سەلماندویانە جەستەی بەوێنەی شوشەوایە ئەگەر شوێنێك شكا چاك بونەوەی وەك چاك بونەوەی شوشە وایە لەقورئانیشدا لەسەر زوبانی خۆیان گوتراوە نەوەك جەیشی سلێمان پێغەمبەر ئێوە بشكێنیت بچنەوە مۆڵگەی خۆتان شكاندن تەنیا بۆ شوشە بەكار دەهێندرێت چۆلەكە یەك لەچیادا ماسییێكی هەژار لەنێو ئاودا كێشەی ئابووریو نان بڕینی نییە ئەی ئێوە چۆن ئەو گرفتەتان بۆ سازدەبێت؟ لێرەدا بەو ئەنجامە گەیشتین ئەگەر كەسێك، هێزێك خواردنمان پێ ببەخشێت دیارە هەر ئەویش دەمانژینیت ئەگەر بشمانژینیت دیارە هەر ئەو تەنێ دەمانمرینیت ئەگەر ژیانو مردن لەژێر دەستی ئەودا بوو زەرەرو زیانیش لەلای ئەوەوە چاوەڕوان دەكرێت ڕەچاوكردنی بەرژەوەندی دەبێت تەنیا لەلایەن ئەو كەسەوە چاوەڕوان بكرێت كە هەموو كاروباری ژیانی مرۆڤی لەچنگدایە بەوردو درشتیەوە دوورخستنەوەی زەرەرو زیانیش لەوی نەبێت لەكوێ چاوەڕوان دەكرێت (بسم الله الذي لايضر مع اسمه شيء في الارض ولا في السماء وهو السميع العليم).

# مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە یان مرۆڤ؟!

دەڵێن مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، دووبارە بوونەوەی مێژوو بەو واتایە مەگەر ئەوە ناگەیەنێت کە جۆرە مرۆڤێك دروست دەکرێت لەسەر یەك تایم، یەك نوسخەی مرۆڤایەتی بۆ هەموو مرۆڤێك کۆپی دەکرێت، کە جۆرە مرۆڤێك لەسەر یەك ئەسڵ کۆپی کرا یەك مێژوو دروست دەبێت، یەك مرۆڤ دەخولقێندرێت، یەك عەقڵیەت، یەك بیرکردنەوە، کۆمەڵگە لەخەڵکێك دروست دەبێت بەبیرکردنەوەی یەك کەس، بەیەك ئاڕاستە، بەیەك ڕوانین! ئەمە مانای ئەو وتەیە: کە یەك مێژووی دەبێت، یەك دووبارەکردنەوەی دەبێت، یەك هەستو ڕوانینو لێك دانەوە. دەبوایە لەجیاتی ئەوەی مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، بگوترابا مرۆڤەکان خۆیان دووبارە بوونەتەوە نەك مێژوو. مێژوو چییە؟ مێژوو هەر ئەوەنییە کە خەڵك دروستی دەکات، عەقڵیەت دەیخولقێنێ، مێژوو بەو مانایە چ ڕۆڵێك دەگێڕێت؟ مێژوو مرۆڤە تاکو خۆی دووبارە بکاتەوە؟ مێژوو ڕووداو دەخولقێنێت یان مرۆڤ مێژوو دروست دەکات؟! ئایا مێژوو هەستو نەستی هەیە؟ بەپێچەوانەوە مێژوو چاوو گوێی نییە، تاکو خۆی خولقێنەری خۆی بێت. بەڵکو مرۆڤ خۆی خولقێنەری مێژووەو مێژووش خۆی دووبارە ناکاتەوە. بەڵکو بەهۆی دووبارە کۆپی کردنەوەی مرۆڤەکان مێژوو وەك خۆی لێدەکرێتەوە.

# مرۆڤ لەنێو كەرستەی دونیاسازیدا

گەلێك بە پەرۆشم بۆ مرۆڤایەتی بەچەشنێك ئەو پەرۆشیە لەناخمدا پەنگی خواردووە بەهیچ شێوازێك ناتوانم ئۆقرە بگرم.

مرۆڤ بۆ مەبەستی بازرگانی بەكار دەهێنرێت وەك كاڵایەك بازرگانی بەجەستەو ڕۆحی پیرۆزی دەكرێت بۆئەم مەبەستە دەكرێت بە بەندەو پەتی زوڵمو ستەمو كۆیلایەتی لەملی دەكرێت، لەو ئازادیەی كە پێی بەخشراوە بێبەش دەكرێتو دەبێت بەئارەزووی بەكرێ گیراوەكە بخواو بخەویو هەڵسوكەوت بكات، بۆ مەبەستی سیاسی بەكار دەهێنرێت وەك كەرستەیەكی تەقەمەنی بەبێ نرخ سەیر دەكرێت بازرگانیو كەڵكە بوونی سامان لەسەر قەڵاچۆكردنی مەفهومیەتی مرۆڤایەتی وەستاوە، مرۆڤایەتی لەنێو سیستەمەكاندا نغرۆ بووە؟

چۆن نغرۆ بووە؟!

تەنیا سیستەمەكان دەزانن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە كە چۆن مرۆڤایەتیان لەواتای ڕاستەقینەی خۆی دوورخستۆتەوە، سیستەمی ئیمڕۆ كە لەلایەن ڕۆژئاوا پشتگیری لێ دەكرێتو بۆتە عەقیدەو بیرو باوەڕی خەڵكی ڕێز لەمرۆڤایەتی ناگرێت، ڕۆحی مرۆڤایەتی تەنگەتاو دەكات لەڕێگەی ڕاستەقینەی گەیشتن بەئاسۆیەكی فراوانو خزمەتكردن بەگیانی مرۆڤایەتی دەری دەكات.

خوێنی مرۆڤ زۆر بەشێنەی دەڕژێت وەك ئەو پندەی كەسەری لەنێو گۆشتی مانگادا ڕاكردووە خوێن دەمژێت ئۆقرە لەناخی ئادەمیزاد ناهێڵێت، بۆ ئەم مەبەستە كەرتی تایبەت خراوەتەگەڕ حكومەتو حیزبو توانای شەخسی هەرچی تەكنەلۆژیای سەردەم هەیە بەگژ ڕوحیەتی ئینسانیەتیاندا هێناونو سەریان لێ شێواندوە.

ئایا دەبێت قۆرخ كردنی سەروەتو سامان لەمرۆڤ بەنرخ تربێت؟

برادەرێك (مەلا مصطفى سميلانى) بۆی گێڕامەوە هەر كاتێك ئەو قسەیەم دێتەوە بیر خەمو پەژارە دام دەگرێت گوتی لەشاری هەولێر پیاوێك تووشی شێرپەنجە دەبێت بۆیە بیر

لەوە دەکاتەوە کە ئینسانێك، مرۆڤێك، ئافرەتێك، بەنگلادیشیەك بەکرێ بگرێت بۆچی؟

بۆ خزمەت کردنی خۆیی‌و خێزانی بۆیە بۆ ئەم مەبەستە دەچێت ئافرەتێکی بەنگلادیشی دەهێنێت فەتریەك ئەو ئافرەتە لەماڵی ئەو پیاوە دەبێت، بەڵام لەمیانەی تێڕامان‌و وورد بوونەوە لەو ئافرەتە دیارە لەماڵەوە پێی ڕادەگەیەنن کە ئەو ئافرەتە لەکات ژمێرێك چەندین جار دەچێت بۆ سەر ئاوو دێتە دەرەوە، بۆیە کابرا پرسیاری ئەوەی لێدەکات بۆچی ئەوەندە دەچیت بۆ سەر ئاوو دێیتە دەرێ ئەویش (ئافرەتەکە) نایەوێت قسە بکات‌و ڕازو نیازی خۆی دەربڕێت، بەڵام هەر چۆنێك بێت کابرا قسەی پێدەکات لەوەڵامدا ئەو ئافرەتە دێتە دوان‌و دەڵێت لەمێژ نییە منداڵێکم بووە لەبەر نەبوونی ژیان‌و کەم دەرامەتی منداڵی خۆم لەماڵەوە بەجێ هێشتوە مەمکەکانم پڕ لە شیر دەبن دەچم لەسەر ئاو بەتاڵیان دەکەم دیارە بەدەستی خۆی شیر لەمەمکەکانی دەهێنێت، بۆیە کابرا ڕادەچڵەکیت‌و دەڵێت بۆچی ئەو تاوانەت ئەنجام داوە لەڕاستیدا کابرا ئۆقرە ناگرێت بۆیە مەبلەغە پارەیەکی پێدەدات‌و ڕەوانەی وڵاتی خۆی دەکاتەوە دواتر تەندروستی خێزانی ئەو پیاوە خێرخوازە بەرەو باشی دەڕوات کاتێك دەچێت بۆ لای پزیشك بۆ ئەوەی پشکنینی خێزانەکەی بکات، نەتائیجی پشکنین دەردەچێت دەبینێت ئافرەتە نەخۆشە دەردەدارەکە بەهۆی ئەو چاکەیەی مێردی لەگەڵ ئەو ئافرەتە بەنگلادیشەی کردووە شیفای بۆ هاتووە.

ئایە ئەمەیە مافی مرۆڤ کە لەسەر ئاستی زۆر بەرز بانگەشەی مافی مرۆڤ بوون بۆ ئینسانەکان دەکرێت، ئەوەیە ڕێزلێنان لەئینسانیەت؟! ئایا مرۆڤایەتی نەبۆتە قوربانی دەستی سیستەمی سەرمایەداری تاوان لەوە گەورەتر هەیە کە بەو شێوەیە دەرهەق بەمرۆڤایەتی بکرێت.

هۆکاری ئەو تاوانە بەرامبەر بەمرۆڤایەتی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

بۆ سیستەم ناگەڕێتەوە؟ کە بەو چەشنە مرۆڤایەتیان برسی کردووە لەخزمەتی خۆیان بەکارهێناوە بۆ قۆرخکردن‌و کەڵەکەکردنی ماڵو سەروەت‌و سامان.

# زانكۆ لەبەردەم عەقڵیەتی چەق بەستوودا!

لەزانكۆ قوتابی لەكاتی وانەگوتنەوەدا بە هیچ شێوەیەك موخاتەبە ناكرێت، نادوێندرێت. چونكە مامۆستا بە گژ پەرتووكێكدا دەچێتەوە كە كۆمەڵە وەڵامێكی كرچو كاڵن بۆ خەڵكێك بەبەڵگە هێندراونەتەوە، بەپێی پێویست تێنوێتی ئەوانیشی پێنەشكێندراوە، چ جای بكرێتە سەر دێڕی گوتنەوەی وانەكانی قۆناغی زانكۆو بەبنەما ئاسا ئەو بنێشتەی بۆ ئەوان جوتراوە، بۆ ئێمەش جارێكی دیكە بجوێندرێتەوە. دیارە هەر قۆناخەو پێویستی بە جۆرە وەڵامێكە بۆ؟ چونكە گفتوگۆكان جیاوازن، بۆیە دەبێت بابەتی تاوتوێكردنو باسو خواس لەسەر بیرو بۆچوونی خەڵكی نەیار دەبێت جۆرە جیاوازیەك بەخۆیەوە ببینێت. ئایا دەكرێت لەمیانەی گفتوگۆكردن لەگەڵ خەڵكی نەیاردا تۆش هەمان وەڵامی ئەو زانایانە بێنیتەوە كە بۆ كاتو ساتی خۆیان پڕ بەپێستی بوونە؟! بۆ نموونە لەسەردەمی پێشەوا ئیمام حەنەفی (ڕەزای خوای لەسەربێت) خەڵكی وا پەیدا ببوو كە باوەڕی بە حەقیقەتی هیچ شتێك نەبوو، بەمانای ئەوەی كە هیچ شتێك لەسەر ڕاستینەی خۆی نییە! ئەگەر پرسیاریان سەبارەت بەهەر شتێك لێ كرابا دەیانگوت: ئەو شتە لەبەرچاو ئاوا دیارە نەك مانای ڕاستەقینەی خۆی هەبێت! بۆیە پێشەوا حەنەفی بڕیاریدا "ئەو جۆرە كەسانە بسووتێنن ئەگەر گوتیان ئاگر مانای خۆی نادات كە سووتاندنە لێیان گەڕێن بابسوتێن، ئەگەر دانیشیان نا بەمانای ڕاستەقینەی ئاگر، ئەوا مەهێڵن بسووتێن. ئەوەبوو سەرەنجام هەندێك دانیان نەنا بەڕاستەقیینەی ئاگر سووتان، ئەوانەیش كە دانیان پێدا هێنا ڕزگاریان بوو. كەواتە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا دەكرێت ئەو جۆرە ڕەفتارەی كە بریتی بوو لە بەجێگەیاندنی بڕیاری سوتاندن لەو

ڕۆژگارەدا کە بەسەر ئەو خەڵکە سەپێندرا، هەمان ئەو سیناریۆیە بۆ خەڵکی بەدگومانی ئیمڕۆکە بهێنینەوەو ئەنجامی بدەین یان نەخێر؟! دیارە پەنابردن بۆ ئەو شێوازەی کە پێشەوا حەنەفی بڕیاری لەسەر دابوو لەجێگەی خۆی دابوو. بەڵام ئایا خەڵکی ئێستا ئاوا دەڵێت تاکو بەو شێوەیە سزایان بدەین، یان پرسیارو گومانیان بەجۆرێکی دیکەیە؟ بۆچی ئێمە بیر لەداهێنانی وەڵام ناکەینەوە کە سەرەتا بۆ خۆمان موقنیع ببینو دواتر بەرامبەرەکەمان دەست خۆشیمان لێ بکاتو بەرەو ڕووی بێت. بۆیە دەبێت لەکاتی گفتوگۆدا بارودۆخو کەسەکان لەبەرچاو بگیرێت ئینجا وەڵامی پڕ بەپێستی بۆ بدرێتەوە. بۆچی خەڵکی ئێستا حەز بەگفتوگۆو دەمەقاڵەی یەکتر ناکەنو نایانەوێت گوێ بۆ یەکتر بگرن؟ چونکە لەمیانەی گفتوگۆدا پەنا بۆ هەندێك شت دەبەن کە دوورو نزیك پەیوەندی بە پرسیارو تێگەیشتنی کەسە بەرامبەرەکەو خودی خۆیشی نییە، هەر کەسێك بەجیا ڕاڤەی جیاواز بەپێی تێگەیشتنی خۆی بەپشت بەستن بەقسەی زانایەك کە وەك گوتمان زانا بەڕێزەکە ئەو وەڵامەی تەنیا بۆ ئەو جۆرە کەسانە ئامادەکردبوو، نەك بۆ هەموو کەسێکی بەدگومانو هەموو ڕۆژگارێك تا قیامەت.

# مەولود
# لەنێوان بکوژو کوژراودا

## خوێندنەوەیەك بۆ ئەودیوی شتەکان

یاد کردنەوە بەواتای ئەوە دێت، کە شتێك مردبێ و لەبیر کردرابێو خەڵکی لەیادی چوبێتەوە بۆ ئەم مەبەستە یادی دەکرێتەوە تاکو لەیاد بێتەوەو لەبیر نەکرێت، گەلێك سەیرە شتێك نەمردبێت بەیاد کردنەوە بمردرێندرێتو لەنێو نەچووبێت لەنێو ببردرێت.

لەیاد نەکرابێت بەیاد بهێندرێتەوەو مەڕاسیمی بەخاك سپاردنی بۆ ئەنجام بدرێت، یاد کردنەوە بەتێڕوانینی خۆمەوە هەڵەیەکی گەلێك گەورەیە بەسەر موسڵماناندا تێدەپەڕێت بەو واتایەی لەیادی مەولودو (الاسراء والمعراج) شەوڕەوی پێغەمبەرو سەرجەم بۆنەکانی دیکە دیارە خەڵك بۆیە تاودەدرێن، کە یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر بکرێتەوە بەمەبەستی زیندوو ڕاگرتنی لەکاتێکدا لەنێو خەڵکیدا پێغەمبەر(د.خ) لەیاد نەکراوە.

تاکو لەڕێگەی شیرینی بەخشینو نوقڵ خواردنەوە بگوترێت یادی لەدایك بوونی بەبیری خەڵکی دەهێنینەوە، بەیاد هێنانەوەی پێغەمبەر یەك ئەنجام پیشان دەدات، کە بریتیە لەوەی پەیڕەوانو شوێنکەوتووانی پێغەمبەر لەتەك بڵاوە پێکردنی پەیامی پێغەمبەر کەمتەرخەمنو لەدەرەوەی ئامانجەکانی ئەو ئازیزە تێدەکۆشن.

ئەگینا یادکردنی پێغەمبەر لەیەك دانە مانگدا قەتیسیان نەدەکردەوە، بە هەموو هێزو توانای خۆیانەوە لەپێشوازی ئەو مانگەدا نەدەبوون بۆ زیندوو ڕاگرتنی مانگی لەدایك بوونی پێغەمبەر، هەرگیز لەگەڵ ئەو بۆچوونەشدا نیم، کە دەڵێت بۆچی بۆ

یادکرنەوەی مەسیح پێغەمبەر خەڵك بەجۆش‌و خرۆشەوە یادی لەدایك بوونی دەکەنەوە، بەڵام ئێمە لەبەردەم یاد کردنەوەی پێغەمبەر کەمتەرخەمین.

ئەو دوو یادکردنەوانە تەواو تەواو لەیەکتر جیاوازن، ئاینی مەسیح تەنیا بۆ خەڵکێکی تایبەت هاتبوو بەس ئاوێ بێنەو دەستان بشۆ، ئەگەر ئێمە وەك باوەڕدار لەڕوانگەی کەمتەرخەمی خۆمانەوە سەیری بەرنامەی پێغەمبەر بکەین بەرنامە بێگەردو پیرۆزەکەی نەمردووە تاکو بە چوکلێت‌و نوقڵ زیندوو بکرێتەوە.

بەڵام بەهۆی دەرچوونی ئێمە لەبەرنامەکەو تەعامول لەگەڵ کردن بەشێوازێکی نامەسئولانە ئەو پێغەمبەرە لەفیکری ئێمەدا لەیاد کراوەو مرێندراوە، ئەگەر وانەبێت لەلایەن دیدو بۆچوونی ئێمەوە چۆن چۆنی یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر دەکەینەوەو ئاینی پیرۆزیش بەشێوازێکی پراکتیکی لەژیانی خۆماندا بەرجەستەی ناکەین.

وەك ئەو کەسە وایە کە سەری پیواز دەبڕێت‌و بۆشی دەگریت، یاد کردنەوە تەنیا بۆ مردوو بەکار دەهێندرێت، پێغەمبەر لەدایك بوو و مرد وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی دەبێت‌و دەمرێت، بەڵام ئایا پەیامەکەی مردووە؟

تاکو شینی بۆ بگێڕدرێت‌و لەمانگی لەدایك بوونیدا زیندوو بکرێتەوە؟، ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەهۆی زۆرێك لەپەیڕەوکارانیەوە تووشی قەیران هاتووەو لەنێو چەندین پەڕۆی بەرژەوەندی شەخشی پێچراوەتەوە.

بەشێوەیەك وێناکراوە، کە لەگەڵ بەرژەوەندی تاکەکەسی‌و حیزبی‌و بنەماڵەیی‌و میزاجی‌و گەدەی ئەو کەسە هاوتەریب بێت، کە خۆی بەهەڵگری ئەو پەیامە هەژمار دەکات، هەرلەبەر ئەوەشە پەیڕەوکاران کاتێك بەتێڕوانینی خۆیان لە ئاین دەڕوانن تەنیا لەڕوانگەی قەبارەی فیکری خۆیانەوە پانتایی دین دیاری دەکەن.

بۆیە کاتێ یادی لەدایك بوون دێت تەواوی زیندوو بوونەوەی پەیامی خودا لەو مانگەدا دەبینن بێ ئاگا لەوەی، کە پەیامی پەروەردگار پەیامێکی پڕ پڕە لە لەدایك بوونی مرۆڤایەتیو بەخشینەوەی ژیان بەخەڵکی، بوژاندنەوەی ڕۆحو دەروون بە پیرو گەنجو دەردەدارانو ئافرەتانو منداڵان، لەڕێگەی پیادەکردنی مانای ڕاستەقینەی ئاینەوە، یادی لەدایك بوونەوەی ژیانی مرۆڤایەتی چرکە بەچرکە دەکرێ نەك ساڵ بەساڵ ئایین هەموو ساتێك ژیانو مرۆڤایەتی دەخوڵقێنێو پەروەردەی دەکات، تاکو دەیکات بەکەسێکی سوودبەخش بۆ خۆیو کۆمەڵگە، بەڵام حەیفو سەد حەیف بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دینو ئەدا کردنی بە لەونێك، کە تۆسقاڵێك لەدژی لەقاندنی بەرژەوەندی شەخسی نەبێت، بۆتە مایەی دوور کەوتنەوەی موسڵمانان لەواتەی ڕاستەقینەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، لەدیدی هەندێك کەسەوە ئیسلام دەخوێندرێتەوە، کە تەواوی ماناکانی ئایین بەپێی خواستەکانی خۆی نەبێت، ڕاڤەیان بۆ ناکات یان بەهۆی نابوتی هەندێك کەس لە پەیڕەوانی دین چ بە نەزانی بێت یان بە سەختەیی بۆ تێر کردنی حەزی خۆیان ئایین بەکار دێنن، کە خەڵکی بە بەشێك لەئایین لێکی دەدەنەوەو بۆتە مایەی نەگبەتیو قەیران، کە خەڵك مردنو لەدایك بوونی پێغەمبەر(د.خ) لەچاوو گوێو دڵو دەستو دەمی ئەواندا لەخودی پەیامەکە کە رزگارکەری تەواوی خەڵکی سەر ئەم زەمینەیە، بەگەورەتر بڕوانن لەهزری ئەو خەڵکە نەخوێندەوارەدا وێنایەك بۆ ئەو یادە دروست دەکەن، لەبەر کەمتەرخەمیو بێ ئاگایی خۆیان، وەك پێویست نەیانتوانیوە لە هەمبەر ئەو پەیامەدا بۆ دەرخستنی مانای گەندەڵیو لابردنی ئەو ژەنگەی کە هەر کەسێك بەمەبەستێكو بۆ نیەتێکی خراپو بۆگەن ڕۆژانە دەیانو سەدان بۆیاغ لەڕێگەی مانگی دەستکردەکانو تەواوی ڕاگەیاندنەکانەوە دەپڕژێننە چاوو گوێی خەڵکی، بەردەوام ڕێگە ڕۆشنکەرەوەکانیان لێ ڕەنگ دەکەن، تاکو توانای دیتنی ڕێگەی بەختەوەری هەردوو

دونیایان نەبێت، لەبری وێنا کردنی برگە برگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامو شرۆڤەکردنی بـۆ دەرخستنی مانا ڕاستەقینەکەی ئیسلام.

دوورکەوتنەوە لەو دێوەزمە ترسناکەی، کە خەڵکی ناحەز بەبەر دینیاندا کێـشاوە، ئایا پێویستە شرۆڤەو ڕاڤەی دین بکرێت، کە دەبێتە هۆی لابردنی تەمومژ لەبەر چاوی خەڵکیو گەڕاندنەوەی ژیانێکی نویٚ بۆ تـەواوی ئـەو کۆمـەڵگایـەی، کـە لەبەرامبـەر چەواشەکردنی دین بۆ مەبەستی تایبەتی تووشی ڤایرۆسێك هاتووە.

کـە ڕۆژانــەو مانگانــە چــەندین گــەنج توشــی لاڕێــی دەبــنو بــاوەڕ لەناخیانــدا دەڕفێندرێتو موتوربەی بیٚ باوەڕی بۆ دەخـولقێنن، دواتـر بـەئاوی کـانی ئـەو جـۆرە کەسانە ئاودەدرێن، کە بەباشترین شێوە یادی مەولود دەگێڕنو چاویش لەتەواوی ئـەو مانا جوانانەی ئاین دەنوقێننو خۆیان وەك کودەتایەك بەسەر ئاین بەکاردەهێندرێن.

بەبیٚ هەستکردن بەو مەترسیە گەورەیە، کە ئاخۆ بۆچی لـەجیاتی خزمـەت کـردنم بەئاینی پیرۆز لەدژیدا بەکار بهێندرێم؟، ڕاستە لەدایك بوونی پێغەمبەر بایەخێکی زۆری هەیەو پێویستە مانای تایبەتی پیٚ ببەخشرێت، بەڵام بەو مانایـە نـا، کـە پزیـشکێك دەردی دەردەداری پیٚ دەسنیشان نەکرێت بۆ دیارنەبوونی کەموکورتی لەزانستی پزیشکی خۆیدا برینێکی کۆنی لیٚ زیندوو بکاتەوەو، هەموو بیرو هزری ئەو نەخۆشە بـەو دەردە وەهمیە سەرقاڵ بکات.

گەورەبوونی ئەو یادە لە گەورەکردنو بروەودان بە پەیامی خـوداو تـەفعیل کردنـی لەنێو ناخی خەڵکیداو دروستکردنی کاریگەری لەژیانی ڕۆژانەی خەڵکیو ئاڕاستەکردنی بەشێوازێك، کـە دەردی دڵـی خـەڵکی پـیٚ چارەسـەر بکـاتو ڕەخنـە لەحکومـەتو دەسەڵاتو حیزب بگرێت پڕۆژە پێشکەش بکاتو دەسـت لەسـەر تـەواوی برینـەکانی

کۆمەڵگای خۆیدا بنێت‌و لەژێر ڕۆشنایی نیگای خوداوە چارەسەری لۆژیکیانەیان بۆ بدۆزێتەوە.

نەك تەنیا لەبیری ئەوە دابێت چۆن بژیت‌و چۆن بخوات‌و چۆن بخەویت، لەڕاستیدا لەبڕی ئەوەی ئێمە بەهۆی یادی لەدایك بوونەوە خزمەت بە پێغەمبەرو ئاینی پیرۆزی ئیسلام بکەین، خزمەت بەوە دەکەین چۆن ئاین لەمانا جوانەکانی خۆی دابتاشرێت‌و لەژیان‌و دڵ‌و ڕۆحی ئەو خەڵکەی دوور دەخەینەوەو دایدەبڕێنین‌و پەراوێزی دەکەین.

خەڵکی دوور لەخودا بەجۆرێك ئەو کارە ئەنجام دەدا ئێمەش بەجۆرێکی دیکە، بەڕاستی ئەوە جۆرێکە لە ئیرهاب بەرامبەر دین‌و بچوك کردنەوەی ئەو یادەیە، پەیامی خودا پەیامێکە قوڵبوونەوەی لە تەواوی ژیانی خەڵکیدا کردووە، هەر لەمەسەلەی ئافرەتەوە بگرە تاکو پیرو گەنج‌و لاوو گشت چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگا سروشتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەوەیە، کە هەرکاتێك بچوك کرایەوە زۆر گەورە دەبێت، ئەگەر بەهۆی بچوك کردنیەوە لەقەبارەی خۆی گەورەتربێت، دەبێت لە گەورەکردنیەوە چەندە گەورە بێت؟

هەروەك هەریەك لەولاتانی ئێران‌و تورکیا، خواستیان لەڕێگەی خزمەتکردن بەکلتورو دابونەریت‌و زمان‌و فەرهەنگی خۆیاندا قورئانیان بەکارهێنا‌و خزمەتی خۆیان پێکرد بۆ ئەم مەبەستە بچوکیان کردەوە.

لەڕاستیدا قورئان بۆ بەکارهێنانی لەو جۆرە نیازانەشدا نەك بچوك بووەوە، بەڵکو ڕۆژ بەڕۆژ لەڕوانگەی ئەوانەوە گەورەترو گەشاوەتر دەبێت، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەگەر قورئان لەخزمەت قورئان بەکار بهێندرێت بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی حیزبی‌و تاکەکەسی دەبێ چەندە گەورە بێت؟

ئایە لەو کاتەدا ئەوەندە پێویستمان بەیاد کردنەوەی لەدایك بوونی پێغەمبەر دەبوو؟، دیارە گرنگی دان بەو یادە بەو شێوازە، کە چەندین ساڵە لەکوردستاندا شیرینی بۆ دابەش دەکرێت بێ هێزیو بێ توانایی پەیڕەوکارانی نیشان دەدات.

کە زۆرو کەم نەیانتوانیوە پەیامی خودا بکەن بەواقیعو لەو قوڕو لیتاوەیان دەرنەهێناوە، کە خۆیان بەشێکن لەتیۆەگلانی ئاین لەو دۆخەو پرژاندنی قوڕو لیتاو بەدەستی خۆیان لەو پەیامە بێگەردە لەسەر ئەو بنەمایە ئاڕاستەی ژیانی خەڵکی پێدەکەن، هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی، کە لەپێش چاوی خەڵکی ناڕۆشناییەك هەیە تاکو ئێستا نەتواندراوە سوود لەو کەموکورتیو ناتەواویانە ببیندرێت.

بۆیە لەخودی ئامانجە ڕاستەقینەکە بەجێ ماوینو دەمانەوێت زیندوو کردنەوەو یاد کردنەوە ببێتە مایەی بەرز ڕاگرتنی ئاینی پیرۆزی خودا، کەچی بەپێچەوانەوە زیندوو ڕاگرتنی پێغەمبەرو گەورەکردنی لەچاوی خەڵکی لەڕێگەی پیادەکردنی ئاینەوەیە بە چەشنێك، کە هاوتەریب بێت لەگەڵ ناخی خەڵکیو دەستنیشانی ئەو دەردانە بکات، کە دەردەدار پێیەوە دەناڵێنێت، نەك زیندوو کردنەوەی ئاین لەڕێگەی یادی لەدایك بوونەوە.

# ڕۆحم لەجەستەی چڵكن و گەنیوم بێزارە

عەیامێکە بەدوای ئەو پێوەرانە دادەگەڕێم کە ژیانی تایبەتی خۆمی لەسەر بنیات بنێم مەبەستم لەژیانی تایبەت هەر ئەو ژیانەیە کە خودا پێ کەرەم کردووم نەك ئەو ژیانەی کە خەڵکی لەو ڕۆژگارەدا مانایەکی دیکەی پێی دەبەخشن، مرۆڤ کاتێك سەرقاڵی ژیانی تایبەتی خۆی بوو بەمانای سەرقاڵبوونی بەشتی بێ ماعناو بێ ڕۆحو بێ هودە بیرکردنەوەی داپۆشرا بەهەندێك شتی لاوەکی کە دوورو نزیك پەیوەندی بەژیانی مرۆڤایەتیەوە نییە ئەو جۆرە مرۆڤە بەمرۆڤێکی بێزراو لەقەڵەم دەدرێ. لەژیانی خۆشەویستیو عەشقو ئەوینی ڕۆحی مرۆڤایەتی دووردەکەوێتەوە ڕاستەوخۆ ئەو مرۆڤانەی ڕۆحی پاکیان لەجەستەدا جوڵەی دەکات لەو جۆرە مرۆڤانە تەنافور دەکەنو خۆیان لێ بەدور دەگرن گیانی مرۆڤ لەسەرەتای دروست بوونیەوە حەز لەخۆشەویستیو عەشق دەکات لەگەڵ بێگیانەکان نەدەگونجێتو نەئارام دەبێت، لەڕۆژگارێکی وەك ئەمڕۆکەدا کە تەواوی ژیانی خەڵکیو تێڕوانینو بیرکردنەوەو لێك دورکەوتنەوەو نزیك بوونەوەی مرۆڤەکان لەسەر ئەساسی ماددیو بەرژەوەندی تایبەتیو تاکە کەسی داڕێژراوە ڕوحی پاكو بێگەر لەنێو ناخی مرۆڤەکان هەڵگیردراو شتێك نەماوە کە ڕۆحی مرۆڤایەتی خۆی لەکەسێکی دیکەدا بدۆزێتەوەو بەسەریدا بنیشێتو هەست بەئارامیو ئۆقرەیی بکات گیانە پیرۆزەکان فڕین توانای حەوانەوە یان لەنێو جەستەی گەنیوو تەنیوی تاریك تاریك بەدینارو دۆلار زێڕو ئاڵتون دارو بەرد ڕۆحێك کە لەسەرەتاوە

بڕیاری مەعنەوی‌و پاکی داوە کە هەرگیز لەگەڵ هیچ شتێك ڕێك نەبێت، جگە لە مەعنەویات جەستەی مرۆڤ کە ڕۆحی لەنێو خۆدا گرتووە جەستە نییە، بەڵکو تابوتێکە ڕوحی مردووی ئەو مرۆڤەی لەنێودا توند توند کراوە تابوتێکە ڕۆحی مرۆڤی لەنێودا تۆقێندراوە هەرچەند لەدوورەوە سەیری دەکەیت لەنزیکەوە لێی دەڕوانیت هەرگێڕو وەرگێڕی پێ دەکەیت بۆ ئەوەی تەنیا تروسکایەك دەست بکەوێت کە مرۆڤایەتی لەو تروسکایە دیاربکەوێت، نەتروسکای نەڕۆح، نەمرۆڤایەتی، نەگیان، نەئینسانیەت، نەویژدان هیچ هیچی لێ بەدی ناکرێت تەنیا لەنێو ئەو تابوتەدا ڕۆحێك کە لەئەساسدا بۆ ئەوە لەنێو ئەو جەستەیەدا دانرابوو کە لەجەستەی مرۆڤایەتیدا نمایش بکرێت ڕاستی‌و دروستی‌و ڕەش‌و سپی وێنابکات بەپێچەوانەوە ئەو ڕۆحە کرا بە دێوەزمە، بەدڕندە بەشێرێکی بریندار بەپڵنگێکی هارو برسی بەسەگێکی بێناسنامەو بێ ئابڕوو لەهەموو لایەکەوە پەلاماری کۆمەڵگەو پەلاماری تاکەتاکەی مرۆڤایەتی‌و تەنانەت خودی خۆیشی دەدات لەبڕی ئەوەی بەختەوەری بۆ تاك‌و کۆمەڵگە دەستەبەر بکات پەشێوی‌و گێڕەشێوێنی‌و ڤڕکردن‌و لەناوبردنی مرۆڤەکان‌و پڕدان‌و بریندارو ئەتکردن‌و گیرکردنی ئەو ددانە تیژو ژەهراویانەی کە هەر کاتێك لەجەستەی ئەو مرۆڤانە گیردەکرێت. ڤایرۆسێك لەنێو ئەو جەستەو خوێن‌و گۆشتەدا جێدەهێڵێت کە بەهیچ پزیشکێکی سەر ڕووی ئەم زەمینە چارەسەری‌و چاکبوونەوەی بۆ نەبێت ڤایرۆسێك کە لەوڵاتانی دونیادا دەرمانی ئەو برینە بێ ویژدانیەی دەست نەکەوێت، ئەمەیە کاتێك کە مرۆڤایەتی لەخەتی خۆی دەرچوو چ کارەساتێك دەخولقێنێت چ بێ ویژدانیەك دروست دەکات چ پەشێویەك لەنێو کۆمەڵگەدا بەرپادەکات ئەو جۆرە مرۆڤایەتییە بەپێی هەلومەرجی ڕۆژگار بنیات نانرێ مەعنەویاتی مرۆڤایەتی تێڕوانینی ئەو کەرستەیەی کە مرۆڤ لەسەریدا وەك سیکەی ڤیتارێك کەرستەسازی ژیانی بۆ دادەڕێژرێت ڕیز بەندی شیش‌و ئاسنەکانی یەك لەدوای

یەك بەشێوازێكی هەندەسیانە ئەو كەرستەیەی بۆ ئامادە دەكرێت كە نــە بەمرۆڤایــەتی ڕاستەقینە دێتە بەرچاو نە بەجیاواز لەمرۆڤایەتی، لەڕوانگەی دیكۆڕو شــێوەوە مرۆڤــە ولەڕوانگەی نێوەڕۆكو جەوهەرەوە تەنیا لەمرۆڤ نەبێت ئەگینا لە هەموو شتێكی دڕندەو هار لەسە ڕووی ئەم زەمینەیەدا دەچێت ویژدانی نامێنێتو مافی خەڵكی پێشێل دەكات مانای مــرۆڤ بــوونی خــۆی نازانێــت، دان بەهەڵــەكانی خــۆی دانانێــتو تــەواوی ئــەو گرنگیانەی كە چەندین ساڵە لەنێو ناخیدا كەڵەكە بووەو پەنگی خواردووە لەڕێگەی ئەو وێنەقێزەونەو شێواوانەی بۆ مرۆڤایەتیان دارشــتوە نمایــشیان دەكــات قــەپار لەگــەورەو بچوكو گەنجو لاوو ژنو پیاوو هەرچی جوانییەكانی زەویە گیردەكــات نــە بــە زۆر، نــە بەكەم، ئۆقرە ناگرێتو تینوەتی ناشكێتو تێر نابێت، ئەگەر تەواوی مرۆڤایەتی بكــات بەكەبابو سوریان بكاتەوەو شۆرباوی خوێنی هەموو ئەو ئینسانانەی كــە ژیانیــان پــێ بەخشراوە نۆشیان بكات هەست بەبەختەوەری ناكات، تینوەتی ڕۆحی هاری ئەو مرۆڤەی كە چەندین ئەژدیهای لەنێو دەروونی خۆیدا باركردووە نە بێدەنگ دەبن، نە تێر دەخۆنو نەتینوەتیان دەشكێت ئاكام بوونی ژانی ژیــانو دەروونــی تــەواوی كۆمەڵگــەو خــەمی خەڵكی بەرهەم دێنێت.

# هەر دەبێ شۆڕشێکی نوێخوازانە واقیعەکە بگۆڕیت

ئەگەر چاوێك بەمێژووی ئیسلامدا بگێڕینەوەو شیبکەینەوە دەبینین کە تیرە عەرەبەکان لەو ڕۆژگارەدا لەنێو خۆیاندا لەناکۆکیو ململانێدا بوون شێوازی ژیانیان بریتی بوو لەکۆچبەری بەدەشتە بیابانەکاندا، نەزانو دواکەوتوو بەرچاوتەنگ بوون لەلایەکی تریشەوە هیوایەکیان بەژیان هەبوو جائەوەی حەزرەتی محمد(د.خ) پێیهەڵسا زیندووکردنەوەی مرۆڤایەتی بوو، هەر بۆیە ئەو ژیانە لەلایەن ئەوەوە ڕووندەکرایەوەو پەرەی پێدەدرا، بۆ ئەو تیرە عەرەبانە وەك سەرابی تریفەی مانگ وابوو لەو نیمچە دورگەیەدا حەزرەتی محمد(د.خ) بەرەنگاری ئەو کەسانە دەبوەوە کە دەیانخواست مرۆڤایەتی بسڕنەوەو لەسەر بناغەی کۆنەپەرستانە هەموو شتێك داڕوخێننو تەگەرە بخەنە بەردەم ئەو گەلە ستەمدیدانەی کە لەژێر فشاری قورسی کۆیلایەتیدا دەیانناڵاندو چاویان بڕیبوە ڕزگاربوون.

ڕاستیەکی مێژوویە کە دیاردەی نوێ شوێنی دیاردەی کۆنی بەسەرچوو دەگرێتەوە جا ئەو سەردەمەی کۆیلایەتی هەزارساڵی بەسەردا تێپەڕیبوو لەتێکشکاندنێکی دڕندانەی شیرازە مرۆڤایەتییەکانوو ڕێگرتن لەپێشکەوتن بەولاوە شتێکی دیکەی لەهەگبەدا نەبوو هەر دەبوا شۆڕشێکی نوێخوازانە واقیعەکە بگۆڕێ لەو قۆناغەدا شتێکی ئاسایی بوو لە منداڵدانی مرۆڤدا کەسایەتیەکی مەزنی وەك حەزرەتی محمد(د.خ) لەدایك بێ کە هیوای ملیۆنەها کەسی لەخۆوە گرتبوو مادام بارودۆخەکە هێندە شیاوو پێگەیشتوو بێ کە هەر

بەتاقـە تروسـكێك دارسـتانێك گڕبگـریۆ موعجیزەیـەك بێتـە ئـاراوە ئـەوا هەرچـی لەمپەرێكی بێتە ڕێ ڕایدەماڵێ، ئـەم ڕاسـتیە حاشـاهەڵنەگرەی مەزنیـەتی حـەزرەتی محمد(د.خ) وەك پێداگری لەسەر باوەڕ گرنگی خۆی لەوەدا دەدۆزیـەوە كـە بـاوەڕ خـۆی مایەی بەخشینەوەی ژیانێكی ڕاستەقینەو پڕ بایەخە دانانی بەردی بناغەی ژیانی مرۆڤە بنیاتنانی ژیانی تاك دەسپێكە بۆ هەنگاونان بەرەوژیانی كۆمەڵگاو خوڵقانـدنی لەسـەر ئەو بنەمایانەی كە خودا بەپسپۆڕیو شارەزایی خۆیەوە ئاڕاستەی مرۆڤایەتی وەك تـاك دەكات لەڕێگەی پەیڤو گوتەكانیەوە كە تـۆی بـاوەڕ بـڕوێنن لـەناخی هـەر تاكێـكدا لەڕێگـەی گەلاڵـەكردنی ئـەو بیرۆكەیـە بنیـاتی هەیكـەلی ژیـانی تـەواوی خـەڵكی بەشێوازێكی كۆنكریتی دابڕێژرێت كێشانی نەخشەیەكی ورد بەشـێوازێكی فیكـری بـۆ جولاندنو وەگەڕخستنی عەقڵی تاك لەپێناو تام كردنی ژیانی ڕاستەقینەو ڕەنگدانـەوەی لەئەرزی واقیعو ڕەگ داكوتانی بۆ ژێر زەویو بەرزبونەوەی لقو پۆپەكانی بەرەو بەرزایی ئاسمان پێویستە لەڕێگەی باوەڕەوە كە وەك هێزێكی وزە بەخشو نەبڕاوە كاریگەریەكانی خۆی لـەدەرەوەی ژیـانی مرۆڤـدا بەرجەسـتە بكـات نـەك بەپێـچەوانەوە ئەنجامـدانی پەرستشەكان نەبێتە مایەی جوڵە پێكردنی مرۆڤەكـە خـۆی كـە وەك پابەنـد نـەبوونی بەناوەڕۆكی ئەو داخوازیانەی كە خودا لەڕێگەی ئەو پێغەمبەرەوە دەیـەوێت مرۆڤـەكان سەرەتا لەڕێگای تاكەكانیەوە دواتر بەدروستكردنی كۆمەڵگایەكی مرۆڤایەتی ڕاستەقینە نەك وەهمیو شكڵیو سێبەری هەڵبنێتو بەردی بناغەی داڕشتنی بنیاتنانی مرۆڤایەتی بەشێوازێكی كۆنكریتی دابڕێژرێت تاكو ژیانێك بخوڵقێتو فەراهەم بێـت كـە پەیوەنـدی بەواقیعو هەلومەرجی ڕۆژگارەوە هەبێتو هاوتەریب بێت لەگـەڵ ئـەو ژینگەیـەی كـە مرۆڤەكە خۆی ئەیخوازێت بۆ ئەم مەبەستە پێغەمبەر وەك پزیشكێكی پـسپۆڕو شـارەزا لەژێر ڕۆشنایی ئەو پەیامەی كە پێی سپێردراوە لەبنیاتنانی ڕەوڕەوەی ژیانی بێ خڵتەی

مرۆڤایەتی شەوو ڕۆژی تێك هەڵكێش دەكرد بۆ گەیاندنی تروسكایەكانی پەروەردگار لەژێر بەیداغی زانستو مەعریفەو هەڵسەنگاندنو قوڵبوونەوە كە بەهۆیەوە ببێتە هەوێنی ئافراندنی بەختەوەریو درەوشاندنەوەی ڕێگای ڕاست بەمەبەستی تێگەیاندنی مرۆڤایەتی بۆ ژیانێكی پڕ واتا پێغەمبەر محمد(د.خ) باخەوانێكە خونچە نەمامی مرۆڤایەتی لەنێو ناخی تاكەتاكەی خەڵكی دەڕوێنێت بەئاوی زوڵاڵی قورئانو ئیمان ئاودێریان دەكات ئەو مرۆڤایەتییە پەروەردە دەكاتو پێیدەگەیەنێت بنكۆڵو پشتئاخو بژاریان دەكات هەموو ئەو ڤایرۆسو گەندەڵیو دەردەداریانەی كە دوژمنی سەرسەختی مرۆڤن سەردەردێننو دەیانەوێت مرۆڤ لەمرۆڤ بوونی خۆیدا بشێوێتو فۆڕمێكی دیكەی بۆ بخولقێت لەنێویان دەبات باخەوانێكی خۆشەویست بۆ باخەكەی خۆی هەموو چركە ساتێكی تەمەنی لەپێناو خزمەت كردن بەشتڵە جوانەكانی مرۆڤایەتی بەڕێ كرد هەمیشە لەبیری ئەوەدا بووە كە بەرنامەڕێژی تۆكمە بگرێتە بەر لەپێناو باشتر پێگەیاندنی باخی مرۆڤایەتی كە دواڕۆژ بەرهەمێكی بەپێزی لێ سەوز بێتو بڕوێت باخەوانی مرۆڤ چاودێریكردنە بەسەر جەستەو دەروونی مرۆڤایەتی بەگشتی، ئاودانو تەڕكردنەوەی دەروونیانە بەنوری درەوشاوەی قورئان كە سەرچاوەی لەدەریایەكە نەسەرەتای هەیە نە كۆتایی، نە ئەوەڵ، نە ئاخیر خاوێنكردنەوەی دەروون بەمانای پەروەردەكردنی مرۆڤ دێتە هەژمار چەندە مرۆڤ دەروونی پاقژبكرێتەوە بەو ئەندازەیە مرۆڤ هەڵدەكشێو گەورە دەبێتو نەشو نمای زیاترو زۆر تر دەبێت خولقاندنی دەروون بەشێوەیەكی تەندروستیانە بەمانای دروستكردنی مرۆڤو خزمەتكردنی دێتو دووركەوتنەوە دەگەیەنێت لەژەنگو ژارو شتە زیانبەخشەكانی مرۆڤ، باخەوانی ئازیزمان جەخت لەسەر ناوەڕۆكی بابەتەكە دەكاتەوەو دەفەرموێت (ئاگاداربن بەڕاستی لەناو جەستەدا پارچە گۆشتێك هەیە ئەگەر ئەو پارچە گۆشتە پەروەردە كراو گونجا لەنێو

جەستەی مرۆڤدا، تەواوی جەستە دەگونجێتو پەروەردە دەبێت ئەگەر هەر کاتێکیش ئەو پارچە گۆشتە تێکچوو گەندەڵ بوو تێکڕای جەستەی مرۆڤ گەندەڵ دەبێتو تێکدەچێت، ئەو پارچە گۆشتە بریتیە لەدڵ لەوتەو کرداروو ڕەفتارەکانی پێغەمبەردا تەنیا خولقاندنی مرۆڤ بەدی دەکرێت بەمانای ئەگەر ئێمە خۆشەویستی پێغەمبەرمان بەرەو پێش برد خۆشەویستیو پەروەردەو پێگەیاندنی جەستەو ڕۆحو دەروونو عەقڵی خۆمان بەرەو پێشبردووە پێغەمبەر وەك ئاوێنەیەك وایە کە مرۆڤ بوونی خۆمانی تێدا بەدیار دەکەوێتو وێنەی ڕاستەقینەی خۆمانی لەنێودا دەدۆزینەوە نزیکبوونەوەمان لەپێغەمبەر نزیك بوونەوەمانە لەخۆمانو تۆخ کردنەوەی هەستی مرۆڤایەتیو وشیار بوونەوەیە لەو بەنجەی کە تەواوی جەستەی مرۆڤی تەنیوەو وەك سێبەرێك بەسەریدا نیشتوەو بۆتە بەربەست لەبەردەم دەرکەوتنی خۆری مرۆڤایەتیو داگرتنی تاریکی بەبێ ویژدانی بەمەبەستی لاتەریك کردنی مرۆڤ و ناشیرین کردنو تێکدانو بۆگەن کردنی عەقڵو دەروونو ڕۆحو هەناوی تاكو کۆمەڵگەو نەخشاندنو کۆپی کردنی مرۆڤێکی بێ زراو کە جوانییەکانی زەوی لەبەردەمدا ڕەش بێتو جەنگەڵی دارستان پیادە بکاتو گەورە بچووك بخواتو بێهێز ببێتە قوربانی بەهێز مافی یەکتر بخۆنو پێشێل بکەن.

# سوپاس‌و پێزانین

لەکۆتاییدا بەپێویستی دەزانم کە سوپاسی برایانی بەڕێزم بکەم:

- بەهرام سمیلانی.
- هیوا بێراوەیی.
- هیوا صابیر ڕوستایی
- زاهیر ئیبڕاهیم ڕوستایی

یەکەمیان بەهۆی سەرنج‌و تێبینی‌و ڕەخنەکانیەوە.

دووەمیان بەهۆی تایپ‌و کۆکردنەوەی سەرجەم بابەتەکان.

سێهەمیان‌و چوارەمیان بەهۆی هەوڵ‌و ماندووبوون‌و شەونخونی لەگەڵمدا هاوکارم بوون.

خودا هەموو لایەکمان سەربەرزوو سەربڵندی ئێستاو دوارۆژ بکات.

# سەرچاوەكان:

بۆ نووسینی ئەم وتارانە سوودمەند بووم لەم كتێبانەی خوارەوە:

١- قورئانی پیرۆز.
٢- إشارات الإعجاز في مظان الإيجاز- سعيد نورسي.
٣- المنار- محمد رشيد رضا.
٤- تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان- بڕهان محمدأمین.
٥- قورئانی پیرۆز- مامۆستا هەژار.
٦- مەكتووبات- سعید نورسی.
٧- ڕابەری خوشكان- سعید نورسی.
٨- پەیامی بیماران- سعید نوورسی.
٩- المنتقى من الأدعية والأذكار- محمد بن الصبيحي.
١٠- ئیسلامەتیو موسڵمانەتیو كاری ئیسلامی لەبەر ڕۆشنایی قورئانو سوننەتدا- عەلی باپیر.
١١- تەوژمی عەلمانیو ئیسلامی خاڵە هاوبەشو جیاوازیەكانیان- عەلی باپیر.
١٢- بەرەو بەختیاری ئافرەت- جمال حبیب الله (بێدار).
١٣- موعجیزەكانی پێغەمبەران- منصور علی عُرابی، وەرگێڕانی عبدالله وەرتی.
١٤- دوو دڵیو زاڵبوون بەسەر نیگەرانیدا- دیل كارنگی.
١٥- عەشقی كورد- عبدالله ئۆج ئالان (ئاپۆ).
١٦- ئافرەت لەكۆمەڵگای ئیسلامدا- علی صالح كریم.
١٧- بونیادە سیاسیەكانی ئیسلام- فاتح سەنگاوی.
١٨- فقه الدعوة الى الله- عبدالرحمن حسن حبنكة الميداني.
١٩- سینۆهە پزیشكی تایبەتی فیرعەون- میكاڤاڵتاری وەرگێڕانی سەیدا زرار.
٢٠- هەڵبژاردەكان- عبدالله ئۆج ئالان.

# نێوەڕۆك



| | نێوەڕۆك | لاپەرە |
|---|---|---|
| - | پێشکەش بێ........................................................ | ٥ |
| - | پێشەکی یەکەم.................................................... | ٧ |
| - | پێشەکی دووەم.................................................... | ٩ |
| - | پێشەکی سێهەم.................................................... | ١٠ |
| * | مەبەستمە شەرمی ئێوە بشکێنم.................................... | ١٢ |
| * | دۆزینەوەی ژیان لەنێو گەردەلولی سیستەمەکاندا.................... | ١٥ |
| * | کۆمەڵگا لەنێوان گەندەڵی فیکری و گەندەڵی ئەخلاقیدا................ | ١٩ |
| * | کۆمەڵگا لەنێوان گۆڕانکاری و مانەوەدا................................ | ٢١ |
| * | ڕەخنەلەنێوان بووژانەوەو لەناوبردندا.................................. | ٢٣ |
| * | ژیان لەدەروازەی پەنجەرەکاندا.......................................... | ٢٧ |
| * | تاکی کورد لەبەردەم پەتای دارماند...................................... | ٣٢ |
| * | مرۆڤ لەنێوان پەنگ بوون و بلاوبووندا.................................. | ٣٤ |
| * | ئافرەت لەیاریگای بێگانەدا............................................... | ٤٠ |
| * | پەتای دەروون لەدەروازەی چارەسەریدا................................... | ٤٢ |
| * | قورئان لەدونیای ساتدا................................................... | ٤٩ |
| * | لۆژیك لە نمونەکانی قورئاندا............................................. | ٥٢ |
| * | ڕۆح لەدونیای بیرکردنەوەدا............................................... | ٥٩ |
| * | پێش ئەوەی بمرم نامەکەم مەکەنەوە....................................... | ٦٨ |
| * | سایکۆلۆژیا وبریاری ژیان................................................. | ٧١ |
| * | لێمان گەڕێن باهەڵبکەین تا لەڕاستیەکان بگەین......................... | ٧٣ |
| * | هەڵبژاردنێکی تەندروست................................................. | ٧٥ |
| * | ئیسلام وفۆبیای پێکەوەژیان.............................................. | ٧٧ |

* مرۆڤ لە پێکهاتەوە بۆ ڕێسای ژیان.................. ٨٣
* ڕوانینێك لە نمونەکانی گەردوون.................. ٨٥
* قوتا بخانە لەنێوان گۆڕینی میتۆدو بەکاربەردا.................. ٨٦
* زانکۆ کایەمەعریفیەکەی ئێمە.................. ٨٨
* مامۆستا لەدوانگەی بکوژیدا.................. ٩٠
* ئایەئافرەتان دیزەبەدەرخۆنەکراون.................. ٩٢
* قورئان لەنێو دوو پەرتوکدا.................. ٩٤
* پانۆڕامای شانۆگەری.................. ١٠٢
* قوتابی لەبەردەم جە نجاڵی بێنازیدا.................. ١٠٤
* وەرن بابتان بشکێنین.................. ١٠٥
* بوونی خودا لەنێوان هەستو نەستی بەندەکانیدا.................. ١٠٨
* تایبە تمەندیەکانی سورەتی فاتیحە.................. ١١٢
* ژن و دێوەزمەی زەبروزەنگ.................. ١١٤
* مرۆڤ لەنێوان وەهمو واقیعدا.................. ١١٦
* مرۆڤی کورد چۆن بخولقێندرێت.................. ١١٨
* میتۆد ( منهج )ی نوح پێغەمبەر لەبانگەوازکردنیدا.................. ١٢٠
* مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە یان مـرۆڤ.................. ١٢٣
* مرۆڤ لەنێوان کەرستەی دونیاسازیدا.................. ١٢٤
* زانکۆ لەبەردەم عەقڵیەتی چەق بەستوودا.................. ١٢٦
* مە ولود لەنێوان بکوژو کوژرا ودا.................. ١٢٨
* ڕۆحم لەجەستەی چڵکن و گەنیوم بێزارە.................. ١٣٤
* هەردەبێ شۆڕشێکی نوێخوازانە واقیعەکە بگۆڕیت.................. ١٣٧
* سوپاس و پێزانین.................. ١٤١
* سەرچاوەکان.................. ١٤٢
* نێوەڕۆك.................. ١٤٣